# بیردۆزەی
# فەوزای دروستکەر

## نظریە
## الفوضى الخلاقە

## بنەمای ستراتیژیەتی سیاسەتی ئەمریكا لە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا

نوسینی
نەوزادی موهەندیس

چاپی یەكەم
سلێمانی...........2007





مافی لە چاپدان و لەبەرگرتنەوەی پارێزراوە
تەنها بۆ نوسەر

**ناسنامەی کتێب**

ناوی كتێب: بیردۆزەی فەوزای دروستكەر
نوسەر: نەوزاد عوسمان ( نەوزادی موهەندیس)
تیراژ: 300 دانە
چاپی : یەكەم 2007
چاپخانە: شڤان
پیتچن و هەڵەبر: نەوزادی موهەندیس
دیزاینی بەرگ: زەردەشت عەلی سۆرانی

ژمارەی سپاردنی(446) ی ساڵی 2007ی لەوەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە

## ناوەرۆك

=============



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بابەت** **لاپەڕە**

==================


پێشکەشە........................................... 7
سوپاس بۆ........................................... 8
پێشەکی........................................... 9

بەشی یەکەم........................... 14
ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکا............ 15
بیردۆزەی فەوزای دروستکەر.................... 22
چەمکی بیردۆزەی فەوزای دروستکەر.............. 34
بنەماکانی ئەم بیردۆزەیە ........................ 40
ئامانجەکانی ئەم بیردۆزەیە........................ 41
فەوزای دروستکەر و گوتاری تایەفی............ 46
بۆچی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست............ 50
کاولکاریەکی دروستکەر......................... 57
بیردۆزەی فەوزای دروستکەرو ستراتیژیەتی
هەیمەنە............................................. 58
بەشی دووەم........................................ 66
پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە............... 67
ڕۆژهەلاتێکی ناوەڕاستی گەورە یان نویَ............ 71
هێڵە گشتیەکانی پرۆژەکە........................... 74
ئامانجە ڕاگەیەنراوەکانی پرۆژەکە................... 75







گومانی پسپۆڕو لێکۆڵەرەوەکان................................. 77
دوودڵی و گومانی ڕژێمە عەرەبیەکان.......................... 79
هەلوێستی گەلانی ناوچەکە....................................81
گومانی ئەوروپیەکان............................................ 82
متمانەیەکی وون............................................... 84
سەرکەوتنی پرۆژەکە لەچیدایە؟ .............................. 85
ئامانجە نهێنی و ڕاستەقینەکانی ئەمریکا...................... 86
ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی
ئەم پرۆژەیە.................................................... 92
گرنگی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا............. 99
بەشی سێیەم...................................................107
کاریگەریەکانی ئەم پرۆژەیە لەسەر ......................... 108
وولاتانی مەغریبی عەرەبی.................................... 109
وولاتانی قەرنی ئەفریقی ..................................... 113
میسر.......................................................... 114
لوبنان و سوریا............................................... 116
فەلەستین و ئیسرائیل........................................ 119
وولاتانی کەنداو و ئوردون ................................... 121
تورکیا......................................................... 122
ئێران.......................................................... 124
پاکستان....................................................... 125
ئەفغانستان و عێراق..........................................126




created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەشی چوارەم........................ 128

چارەنوسی ئەمریکا لە عێراقدا بەرەو کوێ.؟...... 129
هۆکارەکانی شکستی ئەمریکا لە عێراقدا.......... 137
گەورەترین مەترسی.................................. 145
مەزهەبی سونە......................................... 148
فقهی سونە.............................................. 150
بنەماکانی فقهی سونە ............................... 151
قوتابخانە فقهیەکان.................................. 152
دەسەلات و جوگرافیای بلاوبونەوەی سونە........ 152
زاناو رابەرانی مەزهەبی سونە..................... 153
قوتابخانە فکریەکانی لای ئەهلی سونە............ 154
مەزهەبی شیعە......................................... 155
چەمک و زاراوەی شیعە.............................. 155
مێژووی سەرهەڵدانی شیعە............................ 155
عەقیدەی شیعە......................................... 164
بنچینەی دین لای شیعە.............................. 165
لقەکانی دین لای شیعە............................... 166
جوگرافیای بلاوبونەوەی شیعە...................... 166
گروپ و کۆمەڵەکانی شیعە............................ 166





خاڵە جیاوازەکانی نێوان مەزهەبی سونە و
شیعە لە ئیسلامدا...................................... 172

بەشی پێنجەم................................ 182

پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە
لە چ قۆناغێکدایە؟..................................... 183
کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست بۆمبێکی
تەوقیتکراون............................................. 191
کوردو رۆژهەلاتی ناوەراست لەبەردەم
گۆرانکاری گەورە و کتوپردان......................... 200
پێگەی کورد لە پرۆژەی رۆژهەلاتی
ناوەراستی گەورەدا...................................... 209
کۆتایی.................................................... 219
سەرچاوەکان.............................................. 223



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**پێشکەشە:-**

**• بەهەمـوو ئـەو گـەل و نـەتـەوە مافخوراو و داگیرکراو و ژێردەستانەی کە تاکو ئێستا نەبونەتە خاوەنی کیان و دەسەلات و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و تەواوی دونیاشدا..... لەپێش هەموانیشیانەوە نەتەوە بێ پشت و پەناو دوور لە ئازادی و سەربەخۆکەی خۆم نەتەوەی کورد..**

**سوپاس بۆ:-**





- **بەپێویستی دەزانم کە لێرەدا سوپاسی خۆم ئاراستەی برای بەڕێزم (( کاکە حەمەی مەکتەبە)) لە کتێبخانەی مەڵبەندی ڕێکخستنی سلێمانی بکەم کە زۆر هاوکاری کردم بۆ دەستخستن و دۆزینەوەی هەندێ سەرچاوە بۆ نووسینی ئەم کتێبەم.خوا تەمەن درێژو نمونەیان زیاد بکات.**
- **سوپاو پێزانینم بۆ هەموو ئەو دۆست و ئازیزانەم کە هەمیشە و بەبەردەوامی و لەدوای بلاوبونەوەی هەر بابەتێکی رۆژنامەوانی و هەر کتێبێکم زۆر بە هەستێکی راستگۆیانە و پەرۆش و دڵسۆزانەوە دەست خۆشیان لێکردوم و هانی زیاتریان داوم بۆ بەردەوام بونم لەکارەکانمدا و هەر ئەو هەست و سۆز و هاندانانە بونە هۆی سووربونم لەکاری نوسیندا.**
- **بەهەمان شێوەش سوپاس و پێزانینم بۆ هەموو دۆست و هەڤالان و خوێنەرانی بەرهەمەکانم بۆ رەخنە و پێشنیاز و راوبۆچونە بنیاتنەراکانیان کە ئەوانیش هاندەرێکی بەهێزترم بون بۆ بەردەوام بون و سوودی زۆرم لە راوبۆچونەکانیان وەرگرتوە.**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## پێشەکی

دونیای ئێستا دونیای پێشکەوتن و داهێنان و دونیای سەردەمی بەجیهانی بوون و شۆڕشی تەکنەلۆژیا و زانیاریە ژمارەییەکانە.بەشێوەیەک کە دونیا گەورە و دوورە دەستەکەی جاران بۆتە گوندێکی بچووکی هاوچەرخ کە دەتوانرێت دوورترین جێگە لەچەند ساتێکی زۆرکەم و کورتدا ببینرێت و زۆرترین زانیاری لەبارەیەوە بزانرێت و پەیوەندی پێوەبکرێت.

لەم سەردەمەدا پێشکەوتن و داهێنان و رووداوەکان هێندە بەخێرایی گەشە دەکەن کە مرۆڤ پەلی هاویشتۆتە ناو بۆشایی ئاسمان و بەرەو ئەستێرەکانی دی هەنگاو دەنێت.ئاشکرایە لەسایەی هەموو ئەم پێشکەوتن و داهێنانەوە مرۆڤایەتی بەشێوەیەکی بەرچاو ژیان و گوزەرانی ساناو پڕ خۆشی و رەفاهیەت بوە ئەم قۆناغەی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی لەهەمان کاتدا بۆتە مایەی گەرم و گورترکردنی ململانێکانی زلهێزەکان و تەنانەت شارستانیەتەکانیش و پێدەچێت ئەم پێشکەوتنانەو داهێنانە,تەمەنی مرۆڤایەتی خێراتر بەرەو بەفەناچوون بەرن,چونکە گەر جەنگێکی جیهانی تر رووبدات لە ئایندەدا پێشبینی دەکرێت کەلەماوەیەکی کەم و کورتدا کۆتایی بێت بەکۆتایی هاتنی سەرجەم ژیار و ئاوەدانیەکان لەسەر گۆی زەوی.





ئاشکراشە بنچینەی ئەم پێشکەوتن و داهێنانانەش بریتیە لە وزە,کەهەر لایەنێک توانی کۆنترۆڵی سەرچاوەکانی وزە بکات لە دونیادا کەلە ئێستادا بریتیە لە نەوت و گازی سروشتی, بەمانای کۆنترۆڵکردنی هەموو دونیا دێت. سەرچاوەکانی وزەش کەوتۆتە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە و بەتایبەتیش ناوچەی کەنداو کە دەوڵەمەندترین جێگەی دونیایە لەنەوتدا.

هەربۆیە ململانێی زلهێزەکان لەدێر زەمانەوە و تائێستاش لەسەر دەست بەسەراگرتن و کۆنترۆڵکردن و سەپاندنی هێز و نفوز و هەیمەنە و جێگیرکردنی هێزی سەربازی خۆی بوە بەسەر ئەم ناوچە گرنگەدا. لە ئێستاشدا و لەسەردەمی دوای جەنگی سارد و هەلوەشانەوەی بلۆکی سۆسیالیستی و هاتنە کایەی نەزمێکی نوێی دونیایی بەرابەرایەتی کردنی ئەمریکا و پەیرەوکردنی سیاسەتی تاک جەمسەری و بەجیهانی کردنی دونیا. ئەمریکا دەیەوێت بەهەر شێواز و هۆکارێک بوە بەتەواوەتی بوونی سەربازی خۆی لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا بچەسپێنێت و سەدەی بیست و یەکەمیش بکاتە سەدەی خۆی و ئێستا و ئایندەی بەرژەوەندیەکانی و سەپاندنی دەسەلات و هەیمەنەی بەسەر دونیادا درێژە پێبدات.لەرێگەی گرتنە بەری ستراتیژ و سیاسەتێکی نوێدا لەسایەی (( بیردۆزەی فەوزای دروستکەرەوە)) کە کرۆکی پرۆژەی (( رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەیە)) کە دەیەوێت بەسەر ئەم



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ناوچەیەدا جێبەجێی بکات و گۆڕانکاریەکی سەرتاسەری و ڕیشەیی لەسیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی ناوچەکەدا بکات و گۆڕانێکی گەورەو ونوێی جوگرافیش چێ بکات وەک ئەوەی لە ڕێکەوتننامەی سایکس بیکۆی ساڵی 1916دا ڕوویدا.و بەمەش لەئەنجامی سازدانی فەوزایەکی گەورەو کاریگەری واوە کە ئەنجامەکەی ببێتە دروستبوونی دەوڵەتۆکە و کیاناتی بچووکی نەتەوەیی و مەزهەبی و تایەفی و دینی کە بتوانرێت لەڕوانگە و بەرژەوەندی ئەمریکاوە سەرلەنوێ دابڕێژرێتەوە کە لەلایەک بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەکۆنترۆڵکردنی سەرچاوەکانی وزە( نەوت) بپارێزێت و لەلایەکی تریشەوە ئەمن و ئاسایشی ئیسرائیلیش زامن بکات.**

- **ئەم هەوڵە بچووکەی بەندەش بەمەبەستی تیشک خستنە سەر ئەو بیردۆزە و پرۆژە ئەمریکیەیەکە بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەگەل و خاکەکەیەوە داڕێژراوە , کەئەگەر سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا بەدڵنیاییی دونیایەکی زۆر جیاواز لەدونیای ئێستا دێتە لەدایک بوون کەکوردیش وەک نەتەوەیەکی گەورەو دێرین و مافخوراو دەکرێت هاوکاری و پشتیوانی سەرخستنی پڕۆژەکە بکات لە پێناو بەدەستهێنانی مافەکانی لەپێکەوەنانی دەوڵەتێکی کوردی سەربەخۆ کەخەون و ئاواتی دێرینی کوردانە. چونکە ئەم بیردۆزەیە بەهەموو ماناو مەبەستێک بەنیازی ڕووخان و گۆڕینی ئەم جوگرافیایەی**





**ئێستایە و دروستکردنەوەیەتی بەمۆدێلێکی نوێی ئەمریکی. ئاشکراشە کورد لە ئێستادا خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی نیە, بۆیە ئەوەی زەرەر مەندە بریتیە لە دوژمنانی کورد لە عەرەب و تورک و فارس کە خاوەنی دەوڵەتی گەورەی سەربەخۆی خۆیانن. بەمەش پڕۆژەکە و بیردۆزەکە زیاتر لەچانس و بەرژەوەندی ئەو نەتەوانەیە کە خاوەن کیان و دەوڵەتی خۆیان نین وەک نەتەوەی کورد.**

- **ناونیشانی کتێبەکەم بە ناوی (( بیردۆزەی فەوزای دروستکەر)) ەوە نا کە بەزمانی عەرەبی بریتیە لە (( نظریە الفوضی الخلاقە)) , ئاشکرایە ووشەی (( فوضی)) ی عەرەبی بە مانای ((  پاشاگەردانی یان بێسەروبەرەیی یان  ئاڵۆزکاو یان تێکچڕژاو یان ناجێگیر , یان بە بارودۆخێکی ناڕێکخراو و تێکچوو )) دێت کە یاساو نەزمی ژیان نەمابێت و هەموو شتێک لە گرێژەنە چووبێت, بەلام لەبەر سانایی و زووتر تێگەیشتنی ماناکەو مەبەستەکە و لەبەرئەوەی ووشەی (( فەوزا ))کە بلاوترە  لەزمانی کوردیداو باشتر خوێنەر تێیدەگات هەربۆیە ووشە عەرەبیەکەم بەکارهێنایەوە لەجیاتی مانا کوردیەکەی.**
- **لەکۆتایداخوازیارم ئەم هەوڵەم ببێتە ڕێگە ڕۆشنکەرەوەو بتوانێت کەلێنێکی گەر بچوکیش بێت لەبواری نوسین و خزمەتکردن بەزمان و ئەدەبیات و کتێبخانەی کوردی بگرێت,و داوای لێبوردنیش لەهەڵە و کەموکوڕی یەکان دەکەم و**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بەسنگێکی فراوانیشەوە هەموو رەخنە و تێبینی و پێشنیازێکی دروستکەریش وەردەگرم.**

**لەگەڵ رێزی.........**

**نەوزادی موهەندیس**

**سلێمانی**

2007/2/10

Nawzad_mohandis@yahoo.com

Nawzad_mohandis@hotmail.com





# بەشی یەکەم

## رووداوی 11ی سێپتەمبەری ئەمریکاو کاریگەریەکانی لەسەر پرۆسەی ریفۆرم لەدونیادا

1

- **لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێک رووداو بونەتە خاڵی وەرچەرخان و گۆڕانی گەورە لەدونیادا بەشێوەیەک کە دونیای پێش گۆڕان و دوای گۆڕانەکە گەلێک جیاواز بوون لەیەکتری. گەورەیی و کاریگەری ئەو رووداوانە دەبنەهۆی بێوێنەیی**



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ڕووداوەکە. لەو ڕووداوانەش ڕوودانی هەردوو جەنگی جیهانی و بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی بۆ یەکەمجار لەسەدەی بیستدا لەشارەکانی هێرۆشیماو ناگازاکی لەیابان لەلایەن ئەمریکاوە.

ئەم ڕووداوانە هێندە گەورەو کاریگەربوون کە تائێستاش کاریگەریان لەسەر دونیا هەر ماوە و وەکو چەند وێسگەیەکی گرنگ لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی مرۆڤایەتیدا بەخاڵی وەرچەرخان دادەنرێن لەبەر گەورەیی و کاریگەری و ژمارەی قوربانیانیان و مەترسیەکانیان بۆ سەر ئایندەش.

لەسەرەتای سەدەی بیست ویەکەمیشدا و لەکاتێکدا کە هیچ کەس و وولات و لایەنێک بەنیازنەبوون کە دونیا گۆڕانێکی گەورەو ڕووداوێکی گەورەتری تیادا ڕوبدات, ڕووداوێک کە سەرتاپای بیروبۆچونەکان داگیر بکات و بەخۆیەوە سەرقاڵی بکات ڕووداوێک کە کاریگەری و مەترسیەکەی هێندە گەورەبوون کە دونیای کردە دووبەش و دووئایدیاو دوو گوتار و دووهەلوێست. ئەم ڕووداوە دونیایەکی نوێی هێنایە ئاراوە کە زۆر جیاواز بوو لەدونیای پێش‌خۆی .ڕووداوێک کە ئەگەر لەهەر جێگە و وولاتێکی تردا ڕووی بدایە هێندەی ئێستا کاریگەر و مەترسیدار نەدەبوو.هەربۆیە ئەم ڕووداوە لەگەورەیدا بێوێنەیە لەکاریگەریدا بیَ هاوتایە لە یەکلایکردنەوەی دونیادا مەترسیدارتریشە,هەربۆیە بەڕووداوە گەورەکە یان ڕووداوی سەدە ناودەبرێت, ئەویش ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001ی ئەمریکایە کە لەڕۆژی 3شەممەدا ڕوویدا و بە 3شەممەی ڕەش یان 3شەممەی گەورە ناوزەد دەکرێت .





ڕووداوەکە لەناو جەرگەی هەردوو شاری گەورە و گرنگی واشنتۆن و نیویۆرکدا ڕوویاندا و بە 5-7 فڕۆکەی مەدەنی هێرش کرایە سەر ( سەنتەری بازرگانی جیهانی و پێنتاگۆن و کۆنگرێس و کۆشکی سپی ) و هێرشەکانی سەر پێنتاگۆن و سەنتەری بازرگانی سەریان گرت و ئەوانی دی ئامانجەکانیان نەپێکا . ئەم ڕووداوە گەورەییەکەی لەوەدایە لەناو جەرگە و هەناوی ڕابەری دونیادا ڕوویدا لە ئەمریکای بڕیار بەدەست و بڕیاردەر لە سەر ئێستای دونیا ڕوویدا لە سەنتەری ڕابەری سیستەم و نەزمی نوێی دونیادا ڕوویدا لە مەڵبەندی پێشکەوتن و داهێنانە سەرسوڕهێنەرەکاندا ڕوویدا . ئەم ڕووداوە لەلایەن وولاتێکی گەورەو ئامادە بۆ شەڕەوە بەرپا نەکرا بەڵکو لەلایەن ڕێکخراوی ئیسلامی توندڕەوی ئەلقاعیدە بەڕابەرایەتی ئوسامە بن لادنەوە پیلان و ئامادەکاری و جێبەجێکردنیشی بۆ دانراو ئەنجام درا و تیایدا هەردوو تاوەری سەنتەری بازرگانی جیهانی کە هەریەکەیان لە 110 نهۆم پێک هاتبون خاپورکران و تەخت بوون لەگەڵ زەویدا و پێنتاگۆنیش بەشێکی گەورە و گرنگی لیَ وێرانکراو زیاد لە 5هەزار کەسی سیڤڵَ بونە قوربانی ئەو کارەساتە. بەم شێوەیە ئەم کارەساتە بوە هۆی ڕاچەنینی هەموو دونیا بەگەورەو بچوکەوە و دونیا لەدوای ڕووداوەکە بوە دونیایەکی تر و دابەشبوە سەر دووبەرەی دژبەیەک, بەرەی دژە تیرۆر بەسەرکردایەتی ئەمریکا و بەرەی تیرۆریستان بەسەرکردایەتی تۆڕی جیهانی ئەلقاعیدە و هەموو ئەو وولات و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

گــروپ و ڕێکخــراوە ئیــسلامی و تونــدڕەوانــەی کــە هاوکــاری و پشتیوانیان لەم ڕێکخراوە دەکرد.

ئیدی جەنگێکی گەورەی دونیایی ڕاگەیەنرا, بەلام جیاواز لەهەردوو جەنگی جیهانی و جەنگی سارد, ئەم جەنگە جەنگێکی شاراوە و دوژمنێکی نهێنی و بلاو لەناو ڕیزەکانی بەرامبەریدا, دوژمنێک خاوەن بەرنامە و شێواز و ئامڕازی تایبەتی کە جیاواز بوو لە شێوە و شێواز و ئامڕازی سوپایەکی مۆدێرن و ڕێکخراو و خاوەن ئەزموونی شەڕ.دوژمنێک بەمرۆڤایەتی و شارستانیەت و پێشکەوتن و هەموو ئاکارێکی خۆش گوزەرانی و ژیاری . ئەم دوژمنە هیچ سلێک ناکاتەوە لەهیچ ئامانج و وێرانکاریەک و دەست ناپارێزێت لە هیچ بوارێکی ژیانی پێشکەوتوو لە ئەمریکا و ئەوروپا و تەنانەت لە وولاتە ئیسلامیەکانیش .

بەم شێوەیە ئەمریکاش لەگەڵ هاوپەیمانەکانی هەموو ئەو گروپ و ڕێکخراو و ولاتانەیان خستە لیستی تیرۆریستانەوە کە داڵدە و پشتیوانی مادی و مەعنوی لە ئەلقاعیدە دەکەن و کردیاننە ئامانجە جەنگیەکانیان,ئیدی بە ئارەزووی خۆیان هەر گروپ و ڕێکخراوێک لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندی و ئامانجەکانیاندا ڕێک نەدەکەوت هەرچەندە ڕێکخراوی شۆڕشگێری و مقاوەمەتی شەرعیش بونایەو لەپێناو مافە ڕەواکانی گەلەکانیاندا تێبکۆشانایە ئەوانیشیان دەکردە تیرۆریست و فشارو گەمارۆی ئابوری و مادیان دەخستنە سەر و ناویان لەلیسی ڕەشی تیرۆریستاندا تۆمار دەکردن .





بەم شێوەیە ئەم ڕووداوە بوە (( خوێنەکەی عوسمان ))2 و ئەمریکا خۆی کردە خاوەنی و بەکەیفی خۆی و لەڕوانگەی بەرژەوەندیەکانیەوە هەر وولات و ڕێکخراوێک کەلەگەڵ ئامانج و تێروانینەکانی ئەودا نەدەگونجا دەیکردە تیرۆریست و دوژمنایەتی دەکرد بەبیَ ئەوەی گوێبداتە ئەوەی کە مقاوەمە و شۆڕشگێرە یان نا.ئاشکراشە کاری تیرۆریستی و مقاوەمەت هێڵێکی باریکی لێلیان لەنێواندایەوە وهەموو شۆڕشگێری ومقاوەمتێکی شەرعی گەلان ئەگەر پەنا بباتە بەر کوشتنی ڕەشەکوژی و خەڵکانی بیَ گوناەو مەدەنی و ئاوادەنیەکان ئەوا دەبێتە تیرۆریست و هەربۆیەش تائێستا پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای تیرۆریست و مقاوەمەی شەرعی لەدونیادا نیە و نەکراوە .چونکە کارێکی زەحمەتە و ئاسان نیە .هەربەهۆی ئەم ڕووداوەوە بوو کە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی هێرشیان کردە سەر ڕژێمی تاڵیبان و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستاندا و توانرا ئەو ڕژێمە بڕوخێنرێت و ئەلقاعیدەش لەبەریەک هەلبوەشێنرێت و لاواز و پەرت وبلاو بکرێت و دوای ئەم جەنگەش ئەندام و لایەنگرانی ئەلقاعیدە بەهەموو دونیادا بلاوبونەوە و جەنگەکە قۆناغێکی نوێی بەخۆیەوە بینی و دواتر ئەمریکا پەلاماری ڕژێمی عێراقیشی دا و ئەویشی ڕووخاند و هێندەی تر ئاژاوەکە قوڵبووەوە وبەتایبەتیش لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا کە لە بنچینەدا بۆخۆی ناوچەیەکی گەرمی ململانێی نێوان عەرەب و ئیسرئیل بوە و پڕکێشە و ململانیَ بووە. هەربەهۆی ئەم ڕووداوەوە بوو کە ئەمریکا



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

پڕۆژەیەکی گەورەی گۆڕان و ڕیفۆرمی بۆکۆمەڵگاو حکومەت و دەسەلاتدارانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دارشت بەناوی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەوە کەمەبەست لێی گۆڕانکاری بوو لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و بەزانستیکردنی ئەو کۆمەڵگایانە بوو .چونکە ئەمریکا لەو ڕاستیە گەیشتبوو کە هەژاری و دواکەوتووی و چەوسانەوە و نەخوێندەواری لەم کۆمەڵگایانەدا هۆکاری سەرەکین بۆ دروست بوونی توندڕەوی و تیرۆر. کەئەمانەش مەترسی گەورەن بۆ سەر ئەمنی نەتەوەیی ئەمریکا و ڕۆژئاوا لەمەودای دوورو نزیکدا . هەربۆیەش چارەسەر بریتیە لە چێکردنی سیستەمێکی دیموکراسی لەجیاتی تاک ڕەوی و دیکتاتۆریەت, چەسپاندنی ئابوریەکی بەهێزو کراوە و شەفاف و بازارێکی ئازاد لەجێگەی ئابوریەکی داخراو و ئاراستکراو وکۆنترۆڵی حکومەتەکان. گۆڕینی سیستەمی کۆمەلایەتی لە کۆمەڵگایەکی داخراوەوە کە مافەکانی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراو نەبوبێت و هیچ جۆرە ئازادیەکی تیادا نەبێت بەسیستەمێکی سەربەست و ئازاد و کراوە .کە تاکەکانی کۆمەڵ هەست بەبوون و وجودی خۆیان بکەن لەجیاتی کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو نەخوێندەوار و هەژار و بێکار کۆمەڵگایەکی زانستی و پێشکەوتوو خۆشگوزەران دابمەزرێنن.بەمەش دونیایەکی نوێ دوور لەتیرۆر و تیرۆریستان دادەمەزرێت کە جێگەی توندڕەوی و دەمارگیری تیادانامێنێتەوە . ئەم پڕۆژەیە سنوری جوگرافیاکەی هەموو وولاتە عەرەبیەکان و ئیسرائیل و تورکیا و ئێران و





پاکستان و ئەفغانستان دەگرێتەوە . ودوای ڕووخانی هەردوو ڕژێمی تاڵیبان و بەعس , فشارەکان لەسەر سوریاو ئێران چڕبونەتەوە بەهۆی پشتگیریان لە حیزبولای لوبنانی و کێشە ئەتۆمیەکەی ئێران و دەستێوەردانی کاروباری ناوخۆی عێراق.

لەبەرئەمە گۆڕانکاریەکان بەڕێوەیە بۆ ناوچەکە و ولاتانی عەرەبی ناوچەکەش کەوتونەتە خۆ بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم لەهەموو بوارەکانی ژیاندا و دەیانەوێت بەمەش سیماو ڕوخساریان جوان بکەن و لەگوڕوتینی پڕۆسەکەش کەم بکەنەوە و تابتوانن جەماوەرەکانیشیان ڕازی بکەن , هەروەکو عەلی عەبدولای سەرۆکی یەمەن ووتویەتی (( پێش ئەوەی سەرمان بتاشن باخۆمان چاکی بکەین ))3. بەلام نازانن کە ئەوکارانەی ئەوان دەیکەن نابێتە ڕێگر لەبەردەم داواکاری گەلەکانیان و ئەمریکاشدا .چونکە ئەوان بە هیچ شێوەیەک ئامادەنین ڕیفۆرمێکی ڕاستەقینە ئەنجام بدەن چونکە سەرکەوتنی و ئەنجامدانی ڕیفۆرم مانای ڕووخان و لەناوچوونی خۆیانە.بەلام ئەم باهۆزی گۆڕانکاری و ڕیفۆرمانە بەڕێوەیە و بۆ پێش دەچێت و درەنگ بێت یان زوو هەموو ئەو دەسەلات و حکومەتانە دەگۆڕێت و کۆمەڵگایەک و ناوچەیەکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ دێتە ئاراوە .

بەم شێوەیە ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001ی ئەمریکا کاریگەری گەورەی بەجێهێشتوە لەسەر هەموو دونیا و بەتایبەتیش ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە و هاندەر و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**هۆکاری سەرەکیشە بۆ چێکردنی پڕۆسەی ڕیفۆرم و سەرکەوتنیشی ...**

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

## بیردۆزەی ( فەوزای دروستکەر )

## الفوضى الخلاقه

- **پێشەکیەکی مێژوویی**

**لەڕووی مێژووییەوە, یەکەم کەسێک کە هەستا بەداڕشتنی چەمکی (( فەوزای دروستکەر)) بریتی بوو لە (( مایکل لیدن)) ئەندامی چالاک و دەرکەوتوو لە پەیمانگای(( ئەمریکا ئەنتەرپرایز)) کە بەوەناسراوە(( قەلای )) موحافیزکارە نوێکانە لە واشنتۆن. و دەزگایەکی گرنگیشە لەدروستکردن و داڕشتنی پڕۆژە سیاسیەکانی سەرۆکی ئەمریکا (( جۆرج دەبلیو بۆش)) لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەروەها ئەو سەکۆیەشە کە سەرۆک بۆش واڕاهاتوەکە لەوێدا هەموو پڕۆژە سیاسیە گەورەکانی تیادا ڕابگەیەنێت بۆ ناوچەکە.**

**(( مایکل لیدن))یەکێکە لەوکەسانەی کە خاوەنی دەسەلاتە لەناو بازنەی موحافیزکارە نوێکاندا و یەکێکە لە دیارترین ئەو**





**کەسایەتیانەی کە ئەم سەنتەرە کاری لێکۆڵینەوە و دانانی پێشبینیەکان و ووردەکاری پلانەکاني پێدەسپێرێت.کە زۆر جاران سیاسەتی ئەمریکای لەسەر دادەڕێژرێت لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتیش وولاتانی عەرەبی.**

**خۆئەگەر ناوی (( لیدن)) لەدوای ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001وەبەسرایەوە بە (( بیردۆزەی کاولکاری دروستکەرەوەی)), ئەوا لە هەمان کاتدا بەوە ناسراوە کە (( لیدن)) لەساڵی 2003دا سەرۆکایەتی گروپی کاری دەکرد لەشارەزایانی پەیمانگای(( ئەمریکا ئەنتەر پرایز)), ئەم گروپە هەستا بە (( ئامادەکردنی پڕۆژەی گۆڕینی تەواو لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا)) کە بڕیار بوولە ماوەی 10 ساڵدا جێبەجێبکرێت.کە ئەم پڕۆژەیە بریتی بوو لە (( چێکردنی ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری)) سەرتاپاگیر لە هەموو وولاتانی ناوچەکەدا.**

**سەرەڕای ئەمانەش ئەوە (( مایکل لیدن )) بووکە دەڵێت(( کاولکاری دروستکەر بریتیە لەسیمای سەنتەری ئێمە,وەکاتی ئەوە هاتوە کە شۆڕشی کۆمەلایەتی بنێرینە دەرەوە)).کە باکگراوندی ئەم بیردۆزەیەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ ڕێکخستنەوەی بیروبۆچونەکانی موحافیزکارە نوێکان و باوکە فیکریەکانیان لەسەروو هەمووشیانەوە(( لیوشتراوس))کە یەکێکە لە پارێزەرانی فەلسەفەی کلاسیکی و بنەما ڕەوشتیەکانی.کەداواکارە پارێزگاری بکات لەبەرژەوەندیەکانی**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

لەڕێگەی هێزەوە لەگەڵ بیروبۆچوونی تردا کە گرنگترینیان ئەوەیە کە پێی دەوترێت(( بۆشایی ئارام)) لەلای (( صامۆئیل هنتنغتۆن)) کە خاوەنی بیردۆزەی(( بەریەککەوتنی شارستانیەتەکانە))لەبواری چارەسەرکردنی گەشەکردنی سیاسیدا,ئەو بۆشاییە لای هنتنغتۆن دەبێتە هۆی لە دایک بوونی بێئومێدی و چارەڕەشی لەناوەندی کۆمەڵگادا, کەئەمەش دەبێتە هۆی لەرزینی(( ئارامی یان جێگیری )) سیاسی.هەروەها بێئومێدی کۆمەلایەتی دەبێتە هۆی لەدایک بوونی زیاتری ناجێگیری لەکاتێکدا کە ئازادیە کۆمەلایەتی و ئابوریەکان بوونیان نەبوو.هەروەها دام و دەزگا سیستەمیەکانیش توانا و لێوەشاوەییان نەبوو بۆخۆگونجاندنێکی پۆزەتیڤانە.لەبەرئەوە بێئومێدی و بێزاری کە دەبنە هۆی زیاتر بوونی ئەو بۆشاییە و ئەمەش دەبێتە سەرهەلدانی داواکاری کە سانا نیە لە چرکەی یەکەمدا.وەزۆرجارانیش چاوەڕوانکراو نەبوون,کە دەبێتە هۆی سەپاندنی بەسەر دام و دەزگا سیستەمیەکاندا کە خۆ بگونجێنێت لەچوهارچێوەی فراوانکردنی بەشداریکردنی سیاسی و وەرگرتنی ئەو داواکاریانە.خۆ ئەگەر ئەو دام و دەزگایانە بەتەنها بەیەک بیردۆزەوە گیرۆدە بوبن زۆر گرانە کە وەلامدانەوەیەکی پۆزەتیڤانەی هەبێت بۆ ئەو داواکاریانە بەبێ دروستبوونی فەوزایەکی زیاتر.کە لەکۆتاییدا کاردەکەن لەسەر گۆڕینی بنەماکانی یاریەکە و یاریزانەکانیش.





بەمانایەکی تر, هنتنغتۆن دەیەوێت بگاتە ئەوە کە مۆدێرنەکردنی سیاسی, یان بەزمانە باوەکەی ئەمڕۆ (( ڕیفۆرمی سیاسی)) پەیوەستە بە جێگیرییەوە.کە ئەم حاڵەتەش لەتوانایدایە بەرەو یان خۆگونجاندن یان هەلتەکاندنی بنەما سیاسیەکان بەتەواوەتی و گۆڕینی بە بنەمای تر بڕوات .ئەمە لەگەڵ ئەوەی کە سەرچاوەی((فەوزای دروستکەر)) لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا بەبۆچوونی(( ڕۆبەرت ساتلۆڤ)) پێوانە دەکرێت لەسەر ڕاستەی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا.

لەکاتێکدا پرۆفیسۆر(( تۆماس بارنێت)) کە یەکێکە لە گرنگترین وانە بێژەرە سەرەکیەکان لەوەزارەتی بەرگری ئەمریکادا لەسێپتەمبەری 2001وە هەستاوە بە چەند پێشخستنێک بەسەر (( بیردۆزەی فەوزای دروستکەردا)),و ئەو پێشخستنانەشی کە بەناونیشانی(( نەخشەی پێنتاگۆن))وە ئاشکراکرد لەساڵی 2004دابەم شێوەیەیە:-

(( بارنێت )) دونیا دەکاتە ئەوانەی لە سەنتەردان کە مەبەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانێتی و ئەوانی تر کە ناویان دەنێت ((وولاتانی بۆشایی یان درز یان وولاتانی کون)) و دەڵێت:- (( ئەو وولاتانەی وەک کونی ئۆزۆن وان کەلەپێش ڕووداوی 11ی سێپتەمبەری 2001وە دیار نەبوون بەلام لەئێستادا ناتوانرێت وون ببن لەچاو)). وە ئەو وولاتانەی کە بارنێت ناویان دەبات بەوولاتانی کون بریتین لەو وولاتانەی (( کەتووشی دەسەلاتی داپلۆسێنەر هاتوون,هەروەها وولاتانی تووشبوو بە نەخۆشیەکان و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەژاری و کوشتنی بەکۆمەڵ کە بۆتە کارێکی ڕۆتینی, هەروەها تووشبوو بەکێشە درێژخایەنەکان کە وەک کێڵگەیەکیان لێهاتوە بۆ بەتاڵکردنەوەی نەوەی نوێ لە تیرۆریستان)) 4, بارنێت ئەوەش ڕوون دەکاتەوە کە ستراتیژیەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا ئەم چەند خاڵەی لەخۆ گرتوە:-

1. زیادکردنی توانای((ولاتانیسەنتەر)) لەسەر وەلامدانەوەی((تێکچوون یان ئاڵۆزیە)) نێودەوڵەتیەکان.
2. کارکردن لەگەڵ (( ولاتانی سەنتەر)) بۆ بەگژداچونەوەی خراپترین نێردەکانی (( ولاتانی کون)) وەک تیرۆر و مادە بێهۆشکەرەکان و نەخۆشیەکان.
3. کارکردن بۆ چوونەوەیەکی ئەو کونە.

بەم شێوەیە بارنێت ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دیاریدەکات بۆ دەسکردن بەجێبەجێکردنی ئەم ستراتیژیە نوێیە,هەروەها دەڵێت (( دپلۆماسیەت لەناوچەیەکدا کارناکات کە گەورەترین سەرچاوەی هەڕەشەکردنی ئاسایشی تیادا نەبێت لەناو ولاتەکان و لەناو خۆشیاندا,بەلام ئەم هەڕەشانە لەناو ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست خۆیدا هەن))5.

پرۆفیسۆر((بارنێت)) دەگاتە قۆناغی(( فەوزای دروستکەر)),کە بەشێوەیەکی دیاریکراو دەیخاتە ڕوو بۆ ئەگەری ڕوودانی, لەشێوەی دارمانێکی گەورە یان هەلوەشاندنێکی ناوچەیی.

بەپێی ئەم پلانە ستراتیژیە نوێیە,هاتنە ناوەوەی ڕاستەوخۆ دەستپێدەکات لەلایەن هێزە دەرەکیەکانەوە لەکاتی ڕوودانی





فەوزادا.بەشێوەیەک(( بارنێت )) دەڵێت (( تەنها شتێک کە دەبێتە هۆی گۆڕانی کەش و هەواکە و دەرگا لەسەر لافاوی گۆڕانکاریەکان دەکاتەوە,بریتیە لە هاتنە ناوەوەی هێزی دەرەکی, وەئێمە ( ئەمریکا) تاکەدەوڵەتێکە کە بتوانێت ئەو کارە بکات))6. بارنێت گفتوگۆکە بەوە کۆتایی پێدێنێت و دەڵێت (( ئامانج لەم ستراتیژیەتە بریتیە لە بچووککردنەوەی کونەکە نەک تەنهاڕێلێگرتنێتی ))7.

وەلامدانەوەی فراوانبوونی چوارچێوەی تێگەیشتنی (( فەوزای دروستکەر)), تەنها بەشێوەیەکی دەربڕینی بیردۆزەیی نەماوەتەوە بەڵکو بۆتە ستراتیژێکی پیادەکراو لەسەر زەمینەی واقیعدا.

لەخوێندنەوەیەکی ورد و بەدیقهتدا بۆ ئەم بیروبۆچونانەی سەرەوە دەربارەی(( دروستکردنی فەوزا)), دەردەکەوێت کە هەلقوولاوی بڕوایەکی پتەوە و قوڵە لەلایەن ئەو کەسانەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دروست دەکەن.و وەستاوەتە سەر بۆچوونێک کە ناوەڕۆکەکەی بریتیە لەوەی کە تەنها گۆڕان وەک خۆی بەس نیە بەڵکو سەرتاپای بارودۆخە ناوخۆییەکانی ناوچەکە و هۆشیاریان پێویستی بە گۆڕانکاریەکی سەرتاپاگیری هەیە(( transforming)) , لێرەوە سووربوونی بیریارە ستراتیژیەکان بەچەمکەکانی (( کاولکاری دروستکەر)) یان (( فەوزای دروستکەر)) دەردەکەوێت کە بەدوا ئەمانەشدا لابردنی پاشماوە و لاشەکان دەست پێدەکات و دواتریش دیزاینێکی نوێ بۆ بینایەکی جیاواز دەستپێدەکات.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئەوە وەبیر بهێنینەوە کە بیریارە ستراتیژیەکانی ئەمریکا,لەکاتی بیناکردنی چەمکی(( فەوزای دروستکەر)) لەوەوە سەرچاوەی گرتوە کە بارودۆخی ئێستای ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست(( ناجێگیرە)) وە ئەو فەوزایەی کە دروست دەبێت لە ئەنجامی(( پەرینەوەی دیموکراسیدا)) لە سەرەتادا لەجۆری(( فەوزای دروستکەرە)) کە لەوانەیە لەکۆتایدا, بەپێی بۆچون و دەربرینی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا (( د.کۆندۆلیزا رایس))کەلەزۆر بۆنەدا دووپاتی دەکاتەوە, بارودۆخێکی باشتر لەوەی ئێستا ناوچەکەی تیادا دەژی بێنێتە کایەوە.ئەم ستراتیژە ئەوە دەردەخات کە پلانێکی وورد هەیە بۆ دەستێوەردانی راستەوخۆ لە ئیش وکارو بارودۆخی ناوچەکەدا,کەئەمەش وەک راگەیاندن یان دووپاتکردنەوەی یەکێک لەسیما دیارەکانی ستراتیژیەتی ئەمریکا وایە بۆ بەدیهێنانی(( ریفۆرمی ناوخۆیی و دیموکراسیەت)) لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا.بەشێوەیەک لەئێستادا بارودۆخی ناوخۆیی,بەناوخۆیی نەماوەتەوە ,**

**بەشێوەیەک کە گۆرانکاری ناوخۆیی ئەم وولاتانەی ناوچەکە خزمەتی ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا دەکات,و سەرچاوەی هەرەشەکانیش ناهێلێت.سەرەرای هەموو ئەمانەش, دوو ئامانج هەن کە دەکەونە ناوجەرگەی ستراتیژیەتی ئەمریکاوە کە ئەوانیش: دەستبەسەراگرتنی سەرچاوەکانی وزە و پیادەکردنی کۆنترۆلکردنێکی گەورەیە بەسەر گۆی زەویدا.بەچاوپۆشین**





**لەئەنجامە کرداریەکان,ئەوا ئەم دوو ئامانجە هەمیشە ئامادەبوونیان هەیە. و هیچ ئاماژەیەکیش نیە لەلای موحافیزە نوێکان و لەلای کەسانی تریش کەواز بهێنن لەم دوو ئامانجە یان کەمکردنەوەی گرنگێتیان . بەم شێوەیە دەکرێت وادابنێین کە لەبەریەک هەلوەشانی ناوچەکە,هەنگاوێکی سەرەکیە لەپلانی (( موحافیزکارە نوێکاندا)) بۆ سەرلەنوێ دارشتنەوەی و وێناکردنی نەخشەیەکی نوێ بۆی کە بگونجێت لەگەلْ بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ئەو رۆلەی کە دەیبینێت لەسەر ئاستی دونیادا. 8**

**سەرەتا دەبێت ئەو راستیە بزانین کە بەتەواوەتی لەماناو مەغزای بیردۆزەی(( فەوزای دروستکەر)) تێناگەین بەبێ پەیوەستکردنی ئەم بیردۆزەیە بەو گۆرانە ریشەییانەی کەبەسەر ستراتیژیەتی ئەمریکادا هاتوە لەدوای رووداوی 11ی سێپتەمبەری 2001وەکەئەمەش پێویست دەکات کە دیارترین سیماکانی ئەم ستراتیژیەتە بزانین لەوانە:-**

**1. ئەمریکا گەرەکێتی کە تەنها خۆی زالْ و سەرکەوتوو دەستبالا بێت لەبواری سەربازیدا بەشێوەیەکی رەها بۆ ئەوەی بتوانێت کۆنترۆلی ستراتیژیەتی رەها بکات,لە خوێندنەوەیەکی وورد بۆ جەوهەری ئەو بیرورا سەربازیە نوێیە, بۆمان دەردەکەوێت کەتەنها بە(( شۆرش لەمەسەلە سەربازیەکاندا ناوەستێت بەلکو تێدەپەرێت بۆ وەبەرهێنانی ئەو تەکنەلۆژیا نوێیە بۆ وەدیهێنانی**



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

(( سەرکەوتنی نەوعی بەسەر دژەکاندا)) کەئەمەش بوار دەدا بەو پرەنسیپەی کە پێی دەوترێت(( کۆنترۆڵی ستراتیژی رەها )).

2. وازهێنان لە (( ستراتیژیەتی بەرگرتن و لەخۆگرتن)) کە سیاسەتی ئەمریکا پەیرەوی دەکرد لەسەردەمی (( جەنگی سارددا)), بەڵکو لەجێگەیدا ستراتیژیەتێکی نوێی دەسپێکردبەناوی (( هێرشی خۆپارێزی )) کە ئەمەش بەبازێکی گەورە دادەنرێت لەستراتیژیەتی ئەمریکادا. زۆر لە پسپۆڕان و شارەزایان دان بەو گۆڕانە گەورەدا دەنێن لەنێوان هەردوو ستراتیژیەتی سەردەمی جەنگی سارد و ئەم ستراتیژە نوێیە و بەگەورەترین گۆڕانکاری دادەنێن لە ستراتیژیەتی ئاسایش-سەربازیدا لەچلەکانی سەدەی بیستەوە,کاتێک سەرۆک(( ترومان)) هەردوو دەزگای(( سی.ئای .ئەی)) و (( ئیف.بی . ئای)) و پێنتاگۆنی دامەزراند.ئەم ستراتیژە نوێیە زۆر دوورە لەو پرەنسیپەی کەتەمەنی زیاترە لەنیو سەدە لەهەردوو سیاسەتی بەرگری و دەرەوەی ئەمریکادا.کەبریتی بوون لە(( لەخۆگرتن و رێگەگرتن)) و زیاترنزیک دەبێتەوە لە (( چوونە ناوەوەی بەرگریکاری)) و (( هێرشی خۆپارێزی )).

3. دارشتنەوەی پێناسی ئەو هەرەشانەی کە پێویستە لەسەر ئەمریکا رووبەروویان ببێتەوە,لەسەنگەری دوژمناندا,رێکخراوە تیرۆریستیەکان کۆبونەتەوە کە ئامانجی نێو دەوڵەتیان هەیە لەگەڵ ئەو ولاتانەی کە هاوکاریشیان دەکەن بەتایبەتیش ئەو ولاتانەی کە دەتوانێت هاوکاریان بکات بەچەکی کاولکاری وەک





(( چەکی ئەتۆمی و بایۆلۆژی و کیمیاوی )) کەئەو ولاتانە لەهەوڵی پەرەپێدانیدان, کە مەترسیەکەش دیاری ناکرێت تەنها بەسەرچاوەکەی بەڵکو بەسروشتەکەشی دیار دەکرێت.بەشێوەیەک کە ئەمریکا لە لێکۆڵینەوەی ئەگەری بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمیە دژی ئەو ولاتانەی کە ئەو چەکەشیان نیە,یان وەلامدانەوە لەسەر هێرشی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی یان لەکاتی روودانی(( کردەی سەربازی چاوەروان نەکراو)) کە سروشتێکی نادیاری هەبێت.

4. وەبەرهێنانی هەموو تێگەیشتن و دروشمە ئایدۆلۆژیەکان و پشت بەستنپێیان وەک هۆکارێکی بنچینەیی لە خزمەتی ستراتیژیەتی ئەمریکادا لەدەرەوە.

5. تەواوکردنی بیناکردنی تەکنەلۆژیای کۆنترۆڵکردنی سەربازی لەسەر مەڵبەندەکانی وزە لەدونیادا,هەر لەرۆژهەلاتی ناوەراستەوە تادەگاتە نەوتی ئاسیای ناوەند,بەمەش ئەمریکا دەتوانێت کە کۆنترۆڵی سیاسەتی دونیا بکات لە رێگەی کۆنترۆڵکردنی ئابوریەوەی.

❖ لێرەدا پێویست دەکات کە ئەو راستیە بزانین کە ئەم بیروبۆچوونانە,هەموویان نوێ نین, بەڵکو هەندێکیان لەلایەن ئیدارەکانی پێشووتری ئەمریکاوە پیادەکراون, بەلام ئەوەی جیاوازی ئەم ئیدارەیەی ئێستا لەوانی پێشووتری جیادەکاتەوە, ئەوەیە کە هیچ کاتێک ئەم بیرورا ستراتیژیانە نەگەیشتۆتە ئەم رادەیە لەکامڵ بوون و پتەوی و روونی و جۆشداری.بەشێوەیەک کە لە ئێستادا دەتوانین بڵێین کە کودەتایەک دەبینین لە



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بیرکردنەوەو ستراتیژیەتی ئەمریکادا.هەم لەجۆری جێبەجێکردنەکاندا بۆ ئەم ستراتیژیەتە,زۆرێک لەزاراوە و چەمکی نوێ لەدایک بوون, بەشێوەیەک کە باڵی موحافیزکارە نوێکان لەئێستادا بالادەستن لەسەر جوڵەی سیاسەتی ئەمریکادا هەوڵی جێبەجێکردنی هەردوو بیردۆزەی (( لەبەریەک هەڵوەشانی خاوێن )) و (( فەوزای دروستکەر ))دەدەن بەئامانجی سەر لەنوێ وێناکردنەوەی نەخشەی جوگرافیای سیاسی لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا.بۆئەوەی ببێتە نمونەیەک بۆ جێبەجێکردنی لەناوچەکانی تری دونیادا,کە ئەم بیردۆزانە لەلایەن دەزگا لێکۆڵەرەوەکانی ئەمریکاوە دانراون و بانگەشەیان بۆ کراوە لەپێش هەموانیشەوە پەیمانگای (( واشنتۆن )).**

**بۆباشتر تێگەیشتن لەم مەسەلەیە,پێویست دەکات بگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕووداوەی کە لەساڵی** 1996**دا ڕوویدا,ئەویش ئەوەبوو کە لە ئەمریکادا پرۆژەیەکی سیاسی دانرا بەناونیشانی (( دزەکردنی خاوێن )) کەئەم پرۆژەیە لەلایەن دەستەیەکەوە دانرا بەسەرۆکایەتی(( دیک چینی )) کەلەئێستادا(( جێگری سەرۆکی ئەمریکایە )) لەسەردەمی سەرۆک(( جۆرج دەبلیو بۆشدا )) , بلاوبونەوەی ئەم زاراوەیە(( فەوزای دروستکەر ))بەشێوەیەکی بەربلاو, ئەو ڕاستیە دووپات دەکاتەوەکە قۆناغی دووەم لە ستراتیژیەتی کەونی کە لەلایەن(( موحافیزکارە نوێکانەوە ))دانرا و دەستپێکردو پێی نایە قۆناغی دەستکردن بەجێبەجێکردن لەسەر زەمینەی واقیع, ئەگەر قۆناغی یەکەمی ئەم**





**ستراتیژە لەژێر ناوی (( جەنگ دژی تیرۆر )) دەستی پێکرد, ئەوا قۆناغی دووەمی دەستپێدەکات لەژێر ناوی(( جەنگ دژی تاکڕەو و خۆسەپێنەکان و بلاوکردنەوەی دیموکراسی )) وە ئامانجیشی ڕووخاندنی(( ڕژێمە تاک ڕە و وچەوسێنەرەوەکانە )) و چێکردنی ڕیفۆرمە سیاسیە دوور رەهاکانە لەوولاتانی عەرەبیدا.**

**جیاوازی ئەم دوو قۆناغەش لەوەدایە کە یەکەمیان پێویستی بەبەکارهێنانێکی چڕی هێزی سەربازی هەبوو بۆ داگیرکردنی ئەو وولاتانەی کە کرابوونە ئامانج.بەلام لە قۆناغی دووەمدا زیاتر پشت دەبەسترێتە سەر هۆکارە ناسەربازیەکان بەپلەی یەکەم, بەلام بەبێ دوورخستنەوەیەکی یەکجارەکی بۆ بەکارهێنانی هێزی سەربازی.**9

*　　　*　　　*

*　　　*

*

## چەمکی بیردۆزەی فەوزای دروستکەر

- **زاراوەی ( فەوزای دروستکەر ) لەم سەردەمەی ئێستادا و لەکاتی شەڕی نێوان حیزبولاو ئیسرائیل لەلوبنان و تەنانەت لە فەلەستین و عێراقیشدا بەزۆری بەکاردێت.بەلام مێژووی بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی ئەفلاتونی**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

فەیلەسوف کاتێک بەسیستەمی رژێمە گەندەڵەکەی شاری رەفاەی دەوت, لەکاتێکدا ئاشکرایە کە ئازادی رەها دەچێتە چوارچێوەی ( فەوزا ) وە. ئەم زاراوەیە لە ئێستادا و لەسەردەمی رێکخستنەوەی بارودۆخی وولاتانی عەرەبیدا زۆر بەکاردێت کە لە هەناویدا بەرنامەی کاری نادیار و ئایندەیەکی مەترسیداری هەلگرتوە .

بەلام لەلایەن بریار بەدەستەکانەوە مایەی گەشبینی و جێگەی رەزامەندیە. خاتوو کۆندۆلیزا رایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەمانگی 2006/4دا و پێش ئەوەی سەردانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست بکات لەچاوپێکەوتنێکی رۆژنامەی ( واشنتۆن پۆست ) دا رایگەیاندکە (( پشتیوانی تەواو لەگۆرانە دیموکراسیەکان دەکات لەناوچەی وولاتانی عەرەبیدا و رەخنەی توندیشی گرت لە سیاسەتی دیفاکتۆ بەبیانوی پارێزگاری لەئارامی ناوچەکە و لەنێوان فەوزا و دەسەلات گرتنە دەستی ئیسلامیەکاندا, ووتی ئەم بارودۆخەی ئێستا هیچ جێگیر نیە و ئەو فەوزایەی کە پرۆسەی گۆرانی دیموکراسی دەیهێنێتە ئاراوە لەسەرەتادا بریتیە لە جۆرێک لە فەوزای دروستکەر کە پێدەچێت لە کۆتایدا بارودۆخێکی باشتر بێنێتە ئاراوە ))10.سیاسەتی ستراتیژی ئەمریکا لەلایەن موحافیزکارە نوێکانەوە و سەرۆک بۆشەوە بەو ئاراستەیەن کە سیاسەتی(( فەوزای دروستکەر)) لەدونیادا بگرنە بەر و لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەنالی عەرەبیەی ئاسمانیدا سەرۆک بۆش رایگەیاند(( ئەگەر دەتانەوێت لەروانگەی من لەسیاسەتی دەرەوەدا تێ بگەن ئەوا کتێبەکەی ناتان شارانسکی یارمەتیتان دەدات بۆ





تێگەیشتنی زۆرێک لەو بریارنەی کە دراون و لەوبریارانەشی کە لەداهاتودا دەدرێن))11..

ناتان شارانسکی جولەکەیەکی روسیە و کۆچی کردۆتە ئیسرائیل و بۆ یەک جار لەحکومەتی شارۆندا بۆتە وەزیر و سەرۆک بۆش لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لە کۆشکی سپی چاوی پێکەوتوە و سەرسورمانی خۆی پێراگەیاندوە بەبیروراکانی کە لەکتێبی (( مەسەلەی دیموکراسی))دا دەریبریوە . کە تیایدا بیردۆزەی( فەوزای خەلاقی) راڤەکردوە و داوای کردوە کە ئەمریکا کێشەی (( تایەفی )) بەکاربهێنێت وەک هۆکارێک بۆ زاڵبوون بەسەر تەوەری شەردا و بەرقەرارکردنی دیموکراسیەت لەناوچەی عەرەبیدا. شارانسکی ئیسلامی بەبزوتنەوەیەکی تیرۆریستی لەقەڵەمداوە بەشێوەیەک کە نەک تەنها مەترسیە بۆسەر ئیسرائیل بەڵکە مەترسیشە بۆ هەموو دونیای رۆژئاوا.ئەو وای بۆ دەچێت کە سەرکەوتن بەسەر تیرۆردا تەنها بەبەکارهێنانی هێز و وشککردنی سەرچاوەکانی نابێت بەڵکو بەچارەسەرکردنی هۆکارە قووڵ و ریشەییەکانی دەبێت کە سەرچاوەی گرتوە لە سیاسەتەکانی رژێمە عەرەبیە داپلۆسێنەر و گەندەڵ و ئەو هۆشیاریە دژانەی کە بلاوی دەکەنەوە لەبەرامبەر ئیسرائیل و رۆژئاوادا ولێرەشدا شارانسکی هاورایە لەگەڵ هانتنگتۆن کە دەڵێت : (( ئیسلام دوژمنێکی شارستانیە بۆ رۆژئاوا)).12

ئەم سیاسەتەی موحافیزکارە نوێکان لەلایەن نوسەری بەناوبانگ ئەلیۆت کۆهینەوە پشتیوانی لێدەکرێت کە لەکتێبی



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

(( سەرکردایەتی بالا ,سوپاو پیاوانی دەوڵەت و ڕابەرایەتی لەزەمەنی جەنگدا)) باس دەکات و کۆهین ڕای وایە کە (( جەنگ دژی تیرۆر بریتیە لە جەنگی جیهانی چوارەم لەکاتێکدا جەنگی سارد بریتی بوو لە جەنگی سێیەمی جیهانی)) 13, هەروەها ڕای وایە کە دەبێت(( ئەمریکا سەربکەوێت لە جەنگی دژ بە ئیسلامی ئسوڵیدا لە میانەی نانەوەی فەوزایەکی تایەفی بۆ زاڵ بوون بەسەر ڕادیکاڵیدا ))14.

هەروەها جۆرج بۆش لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی عەرەبیەی ئاسمانیدا ڕایگەیاندکە (( ئیسلامی ڕادیکاڵی تاوانبارە و سەرچاوەی تیرۆر و نەبونی دیموکراسی و ئەنجام نەدانی پێشکەوتنە لە ناوچەی عەرەبیداو وای دانا کە ئیسلامی ڕادیکاڵی لەدوای شیوعیەتەوە دوژمنی ئاشتی و ئارامی دونیایە ))15.

ئەم سیاسەتی ( فەوزای دروستکەرە ) نوێ نیە لەلایەن ئەمریکاوە بەڵکو لەگەلێک کێشە و زەمەندا بەکاری هێناوە وەک لەکاتی هەلایسانی شۆڕشی ئیسلامی لەئێراندا بەڕابەرایەتی ئایەتولاخومەینی و لەکاتی ڕووخانی دیواری بەرلین و ڕووخانی سیستەمی شیوعیەت و هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران و هەموو ئاژاوە و خۆپیشاندانەکانی ڕۆمانیاو ئۆکرایناو جۆرجیاو..هتد. دوای ئەوەی کە سیاسەتی بەئەمریکاکردنی دونیا بەهێز و کارکردن بۆ گۆڕینی ڕژێمەکان و جوگرافیاکان لەڕێگەی ( فەوزای دروستکەرەوە )هاتە دی و هەرکاتێکیش پێویستی بەبەکارهێنانی سوپا و چوونە ناوەوە کرد بۆ ڕووخاندنی ئەو





ڕژێمانە ئەوا بێ دوودڵی ئەو کارە ئەنجام دەدرێت و ئەم سیاسەتەش بوە ئەرکی سەرەکی هەموو سەرۆکە ئەمریکیەکان.بەم شێوەیە ئەمریکا گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە وولاتە عەرەبیەکان لە دووڕیانێکدان و گۆڕانە سیاسیەکان هەردەبێت ئەنجام بدرێن و نابێت بارودۆخەکە بەم شێوەیەی ئێستا بەردەوام بێت,چونکە دەبێتە سەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئەمریکا و بەرژەوەندیەکانی لەئایندەدا. خاتوو کۆندۆلیزاڕایس لە کۆڕێکدا لە شاری قاهیرەی پایتەختی میسردا دەڵێت(( ئەمریکا ماوەی 60 ساڵە هەوڵی چێکردنی ئاشتی و ئارامی ناوچەکە دەدات لەسەر حسابی دیموکراسیەت , بەلام لەمەودوا بەرنامەیەک پەیڕەودەکات کە پاڵپشتی هەوڵەکانی ئایندەی گەلانی ناوچەکە دەکات بۆ سەرکەوتن و بەرقەرارکردنی دیموکراسی.ئەم ئامانجەش لەسەرەتادا دەبێتە هۆی نانەوەی هەندێ کێشە لەسەر زەمینەی واقیع لە کاتی جێبەجێکردنیدا لەبەرئەوەی داواکاریە دیموکراسیەکان لە ئێستادا بۆتە گرەوی هەموو هێزە تایەفی و سیاسیەکانی ناوچەکە , پاڵپشتی کردنی ئەم داواکاریانەش مانای ئەوەیە کەپێکهاتەی ناوچەکە جارێکی تر دادەڕێژرێتەوە لەڕووی سیاسی و جوگرافی لە چوارچێوەی ڕۆژهەلاتێکی ناوەڕاستی نوێدا ))16..

دەسەلاتدارە عەرەبیەکانیش هەریەکە لە وولاتەکانیاندا پڕوپاگەندە وپێشبڕکێی کوێرانە بۆئەم پڕۆسەی گۆڕانکاریانە دەکەن و هەریەکەیان دەیەوێت کە پێش ڕووداوەکە هەندێ گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی جوانکاری نەک ڕاستەقینە ئەنجام بدات تاکو



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

سیماو ڕوخساری سیاسەتەکانی جوان بکات لەبەردەم ئەمریکاو جەماوەری گەلەکانیاندا, بەلام نازانن ئەمە سەرەتایەکە بۆ جارێکی تر دارشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە وەک ئەوەی لەئەنجامی رێکەوتنامەی ( سایکس بیکۆ ) ی ساڵی 1916 وە ڕوویدا و ئەم فەوزا دیموکراسیە دەبێتە هۆی زاڵبوونی زلهێزە دەرەکیەکان بەسەر سیاسەت و ئابوری و سەروەت و سامانی ناوچەکەدا ...

❖ ئاشکرایە ئەم بیردۆزەیە جوڵەو چالاکی لەدوای زەمین لەرزەی 11ی سێپتەمبەری 2001وە لەئەمریکا دەستی پێکرد,کە بنەماکەی(( فەلسەفەیەکی سیاسیە))کەوای دادەنێت مەترسیەکی هاتوو هەیە لە دوژمنێکی نادیارەوە کە هەڕەشە دەکات لەئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا.

مەبەست لەم بیردۆزەیەش ئەوەیەکە دەستپێشخەریەکی ئەمریکایە بۆ لەبەریەک هەلوەشانی هەموو جێگە و جوگرافیایەکی دەسکرد کە دادەنرێت بەسەرچاوەی هەڕەشە بۆ سەر ئاسایش و بەرژەوەندی ئەمریکا. ئەم بیردۆرزەیە لەسەر دوو پایە دارێژراوە(( لەبەریەک هەلوەشان)) و(( دروستکردنەوە)), بەشێوەیەک کە ستراتیژیەتی ئەمریکا وای بۆ دەچێت کە ئەم دونیاو جوگرافیایەی ئێستا سەرتاپای لەبەریەک هەلبوەشێت بەشێوەیەک کەلە ئەنجامدا بەهۆی فەوزایەکی دروستکەرەوە لەلایەن ئەمریکاوە دونیایەکی نوێ دروست بکاتەوە.





بیردۆزەی (( فەوزای دروستکەر)) لەم دواییانەدا لەلایەن زۆرێک لەکاربەدەستانی ئەمریکاوە دووپاتدەکرێتەوە , ئەوەتا وەزیری دەرەوەی ئەمریکا خاتوو کۆندۆلیزاڕایس ڕایدەگەیەنێت(( ئەو کارلێکانەی کە شەپۆل بەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەدەن, بوار بۆ هیچ ئەگەرێک نادەن جگە لە هەلبژاردنی فەوزا یان کۆنترۆڵکردنی دەسەلات لەلایەن گروپە ئیسلامیەکانەوەنەبێت کە ئەمەش مەرج نیە بەسەرکەوتنی دیموکراسی کۆتایی بێت. ئەو دەڵێت :-بارودۆخی ناوچەکە ناجێگیرە, وەئەو فەوزایەشی کە پرۆسەی پەڕینەوەی دیموکراسیەت دەردەدات بریتیەلە جۆری فەوزای دروستکەر, کە پێشدەچێت لەکۆتاییدا بارودۆخێکی باشتر لەوەی ئێستا هەیە بێنێتە ئاراوە))17.

## بنەماکانی ئەم بیردۆزەیە

1. بەردەوام بوونی ئەم بارودۆخەی ئێستای ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست چیدی قبولَ ناکرێت, بۆیە پێویستە بگۆڕدرێن . بەهەموو شێوازە سیاسی و ئابوریەکان بەرێگە چارەی سەربازیشەوە.
2. بەو پێیەی کە هەموو گۆڕانکاریەک دەبێتە هۆی هێنانە ئارای قۆناغێکی کاتی ناجێگیر, پێویستە لەسەر ئەمریکا کە شێوەیەک یان ئاستێک لەفەوزا لەناوچەکەدا قبولَ بکات, کەئەمەش لە ئەنجامدا کارێکی خراپ نابێت,ئەو فەوزایە



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

(( دروستكەر)) دەبێت. لەبەرئەوەی دوای كاولكردنی كۆنەكان ڕێگە خۆش دەكات لەبەردەم لەدایك بونێكی نوێدا.

3. ئاسایشەكە ئەمریكا ئەو لایەنە بەهێزو بەتوانایە دەبێت لەسەر ئاراستەكردن و كۆنترۆڵكردنی ئەو فەوزا دروستكەرە بۆ بەرژەوەندی خۆی.لەبەر نەبوونی مونافسێكی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بۆ ئەمریكا كە بەرەنگاری بكەن.18

## ئامانجە كانی ئەم بیردۆزەیە

ئامانجی سەرەكی ئەم بیردۆزەیە بریتیە لە چێكردنی شۆڕشێكی كۆمەلایەتی, كەلەڕێگەی هێزەوە دەسەپێنرێت, بەئامانجی دارشتنەوەی ناوچەی وولاتانی عەرەبی لە ڕێگەی نەك تەنها گۆرینی رژێمەكانەوە بەڵكو گۆرینی جوگرافیاش دەگرێتەوە.ئەمەش لەو روانگەیەوە سەرچاوەی گرتووە, كە دەڵێت(( دیزاینێكی نوێ بۆ بینایەكی جیاوازتر)) .كە خاوەنی ئەم بۆچونەش رۆژهەلاتناس (( برنارد لویس))ە. كە ئەم كەلتورە رۆژهەلاتیە چاوی بەرایی نایەت تەنها بەوە نەبێت كە وولاتانی عەرەبی ببێتە كیاناتی بچووكی نەتەوەیی و دینی كە ناتوانن لە چوارچێوەی یەك وولاتدا پێكەوە بژین. ئەگەر مەسەلەكەش دیموكراسیەتە كە پەیوەستە بەبەرژەوەندیەكانی ئەمریكاوە, ئەوا جێبەجێكردنەكەی پشت دەبەستێتە سەر بەكارهێنانی ئاشكرای(( تایەفی )) لەچوارچێوەی ئەو ستراتیژیەدا.





بەشێوەیەک ئەو هەمەجۆرە تایەفیە دینی و نەتەوەییانەی کە لەوولاتانی عەرەبیدا هەن وادەکات کە هەر تایەفەیەکی دینی و نەتەوەیی بۆخۆیان لەچوارچێوەیی دەوڵەتۆکەیەکی بچووکی سەربەخۆدا کۆببنەوە.ئالێرەشەوە ئەم هەمەچەشنەییە دەبێتە بەلاو نەگبەتی, بەم شێوەیەش دیموکراسیەت دەبێتە(( کاولکارێکی دروستکەر)) بۆ ئەو وولاتانەی گەورەو فرە نەتەوەو مەزهەبی جیاوازن.

لەئێستادا دروشمی بلاوکردنەوەی دیموکراسیەت بۆتە دروشمێکی گشتی لەسیاسەتی ئەمریکادا لەوکاتەوەی عێراقی داگیرکردوە, بەپشتبەستن بەبنەمای یاری(( دۆمینە)) بەومانایەی گۆرین و رووخانی رژێمەکان یەک لەدوای یەک. لەروانگەی هەموو ئەو گۆرانکاریانەی کەلەناوچەکەدا دروست بوون لەوکاتەوەی رژێمی عێراقی رووخاوە و هەوڵی دارشتنەوەی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە دەدەرێت لەدوای یەکەم دارشتنەوەی لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە.

د. محمد دمێحی: لەپێناسەی(( فەوزای دروستکر))دا لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا دەڵێت : ئەم بیردۆزەیە لەلایەن هەندێ کەس لەباڵی راست رەوی سیاسی ئەمریکاوە راگەیەنرا دەربارەی ئاراستەکانی گۆران لە رۆژهەلاتی ناوەراستدا, هەروەها دەڵێت :- ئەو کۆمەڵگایانەی لەو ناوچەیەدا دەژین بریتین لە کۆمەڵگای(( نووستوو))یان (( مەیوو)) یان (( جوڵەنەکەر)) لەرووی سیاسیەوە, بۆئەوەی ئەو مەنگی گۆمەیان بجوڵێنرێت



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**پێویستەکارێک بکرێت لەئاژاوە نانەوە و تێکچڕژان بۆئەوەی گۆڕانێک ڕوویدات,وەواشی بۆ دەچێت کەئەو گۆڕانکاریە بەرەو باشتر بێت, یان تەنها گۆڕان لەپێناو گۆڕانکاریدا بێت .ئەم بیرکردنەوەیە بەهەمان عەقڵی بازاڕی ئازاد جێبەجێدەکرێت لە جوگرافیای سیاسیدا.**

**بەمانایەک لابردنی هەموو ڕێگریەکان لەبەردەم ئابووریدا(( ڕێگە بدە با تێپەڕێت)) ڕاستەوخۆ و بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ڕێگە دەدات بە ڕێکخستنی بازاڕ و دابینکردنی بەرژەوەندی گشتی و تایبەتیەکان.هەروەها ئەم قوتابخانەیە(( باڵی ڕاسترەوی موحافیزکارە نوێکان )) بڕوایان وایە کە دروستکردنی بارودۆخێکی فەوزا و ناجێگیری دەبێتە هۆی دروستکردنی سیستەمێکی سیاسی نوێ کە ئاسایش و پێشکەوتن و ئازادیەکان دابین دەکات .ئەمە چارەسەرە بەلێدانی کارەبایی(( بە شۆک)) ە.**

**ئامانجی سەرەکیش لەم ستراتیژیەتە بریتیە لە پارێزگاریکردن لە بالادەستبوونی ئەمریکاکە بەهەموو شێوەیەک و بەهەر نرخێک بووە هەوڵ دەدات بۆ دابینکردنی جێگیری و پێشکەوتن و ئاسایش بۆ کۆمەڵگای ئەمریکی لەپێش هەموو شتێکدا, و دواتر نغرۆکردنی کۆمەڵگاکانی ترە لەفەوزا و دواکەوتن و شەڕی ناوخۆیدا, ئەم کارەش لەڕێگەی دامو دەزگای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە جێبەجێدەکات.بۆئەوەی چوونە ناوەوەکانی بۆ وولاتانی تر شەرعی و خێراتر بن کە بگونجێت لەگەڵ داواکاریە نەتەوەییەکانی ئەمریکادا.**





❖ **فەیلەسوفی ڕووسی(( ئەلکسەندەر بانارین)) سەرۆکی بەشی زانستە سیاسیەکان لەزانکۆی مۆسکۆی حکومیی بەگاڵتەجاڕیەوە دەربارەی بەجیهانی بوون دەڵێت (( وابڕیارە ڕاسپاردەکانی داروونی ئابوری,بەشێوەیەکی بەرفراوان جێبەجێبکرێن.لەکاتی بەکارهێنانی بەربلاو بۆ (( شێوازی قوتابخانەی شیکاغۆ)) دونیا واپیشان دەدەرێت کە جێگەی دام و دەزگا و کەمایەتیە جیاوازەکانە کە ناتوانن خۆبگونجێنن (( ئەو گەلانەی کەناتوانن خۆبگونجێنن نابێ(( قەرزی گەشەپێدانیان پێبدرێت)) چونکە گۆی زەویە بچوکەکەمان پڕ دەکەن لە توخمی مرۆڤی لەجۆری خراپ. بەمەش ڕاسپاردەکانی داروونی لەبواری ئابوریدا(( ڕەگەزپەرستانە)) دێتە بەرچاو.ئەگەر دونیا لەسەر ئەم بیردۆزەیە داڕێژراوە کەکەمینەیەک توانای خۆگونجاندنی هەیە و دەبێتە خاوەنی ئەم گۆی زەویە بەبێ مونافیس و زۆرینەیەکی ڤێزلێکراو کە توانای خۆگونجاندنی نیە و دوورخراوەتەوە لە پڕۆسەی بەتایبەتکردن و گەشە و پێشکەوتن. ئیدی چۆن ئەم ڕۆژگارە پڕ لەتوندوو تیژیە چاوەڕێمان ناکات کە یابەهۆی مانگرتنی زۆرینەی ڤێزلێکراوەوە دروست بوە یان بەهۆی دیکتاتۆریەتی یەک جەمسەرەوە دروست بووە کە خۆی ئامادەکردوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو مانگرتنە شاراوەیە و ئەنجامەکەش ئەوەیە کەلەسەر زەمینەی واقیع دەیبینین, ڕازیبون بەئەنجامەکانی بەتایبەتکردن و لیبراڵیەتی نوێیە, یان بەرگەگرتنی دیکتاتۆریەتی ئەمریکای سیاسیە کە هەردووکیان یەک ئەنجامیان هەیە ))19.**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

❖ بەم شێوەیە ئەمریکا کەوتۆتە فشار خستنە سەر زۆرێک لەوولاتانی عەرەبی بەناوی (( جەنگ دژی تیرۆر)) بۆئەوەی نەرمی بنوێنن یان تەنازول بکەن کەلەگەڵ بەرژەوەندی ئەمریکادا بگونجێت.لەم چوارچێوەیەشدا سوریا کەوتۆتە بەر فشارێکی زۆری ئەمریکاو ئیسرائیلەوە و داوای داماڵینی چەکی حیزبولای لوبنانی دەکەن.ئاماجی سەرەکیش بریتیە لە ڕامهێنانی سوریا کە بێتەفەلەکی ئەمریکاوە بۆئەوەی دواتر بەکاربێنێت بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانیان تایبەت بەکێشەی فەلەستین. دوای گۆڕان لە عێراقدا ڕاستەوخۆ سوریا بۆتە ئاماجی گۆڕان ,چونکە سوریا پێگەیەکی گرنگی هەیە لەناوچەکەدا و بەتایبەتیش کاریگەری هەیە لەسەر کێشە ناوخۆییەکانی لوبنان و گروپە فەلەستینیەکان و سنورێکی فراوانیشی هەیە لە لەگەڵ عێراقدا.گۆڕان لەسوریادا کلیلی سەرەکی جێبەجێکردنی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەیە کە سەرۆک بۆش لە مانگی 2006/2دا ڕایگەیاند, چونکە سوریا یەکێکە لەو وولاتانەی کە هاوکاری و پشتیوانی تیرۆردەکات. لەگەڵ هەموو هاوکاری و نەرمیەکانی سوریادا,کەچی باڵی موحافیزکارەکان لەپێنتاگۆنداو بەتایبەتی دیکچینی سوورن لەسەر تاوانبارکردنی سوریا بەدروستکردنی چەکی کاولکاری و داڵدەدانی گروپە فەلەستینیەکان و ...هتد. بۆیە فشارەکانیان لەسەر سوریا بەردەوامە و ڕایدەگەیەنن کە دەبێت سوریا یەکێک لەو دوو ڕێگایە هەلبژێرێت یان وەک قەزافی تەسلیم بێت یان وەک صدام





بڕوخێنرێت کە هەردووکیشیان لەبەرژەوەندی ئەمریکایە و لەدژی ئاوات و داخوازیەکانی حکومەتەکانی وولاتانی عەرەبیدایە. 20

## فەوزای دروستکەر و گوتاری تایەفی

بیردۆزەی فەوزای دروستکەر لە عێراقی دوای ڕژێمی بەعس, یەکێک لەسیما دیارەکانی بریتیەلە هەلایسان و خۆشکردنی ئاگری شەڕی تایەفی لەنێوان مەزهەب و نەتەوە جیاوازەکانی عێراقدا, بەمەبەستی ڕووخاندن و نەمانی دەوڵەتی عێراقی بەیەک و یەکگرتوویی و سڕینەوەی مۆرکی عەرەبی و لاوازکردنی کەسایەتی مرۆڤی عەرەبی لە عێراقدا.ئەم دیاردەیە بەئاشکرا لە هەلمەتی هەلبژاردنەکانی 2005/12/15دا دەرکەوت.کاتێک لەنێوان 330 حیزب و کیاناتی سیاسیدا,زۆر بەکەمی گوتارێکی سیاسی عیلمانی نیشتیمانی بەرچاو دەکەوت کە سووربێت لەسەر پاراستنی عێراق وەک نیشتیمان.

ئەم گوتارە تایەفیە لەلایەن دەوڵەتانی ناوچەکە و لەسەروو هەمووشیانەوە ئەمریکا هاندەر و پشتیوانی لێدەکات. ئەوەتا بە ئاشکرا ئێران پشتگیری لە مەزهەبی شیعە دەکات , بەناوی ئەوەی کە زوڵَمیان لێکراوە و بەئاشکرا ڕابەری کۆماری ئیسلامی ئێران ئایەتولا (( خامنەئی)) لەمزگەوتی گەورەی تارانەوە لە ڕۆژی 2005/12/10دا دەڵێت (( پرۆسەی هەلبژاردنی دووەم لە عێراقدا گۆڕانێکی گرنگە لەدونیای ئیسلامدا ))21 کە بۆ خۆی ئەم گوتارە ئاماژەیەکی تیادایە .



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەر دوای هەڵبژاردنەکەش وەزیری ناوخۆی ئێران(( پور محمەدی)) لە 2005/12/22دا دەڵێت (( دروشمەکانی گەلانی موسڵمانی ئێران لە صندوقەکانی دەنگدانەوە لە بەغداد و پارێزگاکانی تری عێراقەوە دەردەچن))22. هەروەها دەڵێت (( کە ئەم دیاردە مێژووییە گەورەیە ئەو گوتەیەی ئایەتوڵا خومەینی دێنێتە دی کە گووتیووی ڕێگای قودس بەکەربەلادا تێپەڕدەبێت ))23.

بەم شێوەیە ئێران ڕۆڵێکی زۆر نێگەتیڤانە دەبینێت لە عێراقدا و بەرنامەی کاری سیاسی خۆی جێبەجێ دەکات و عێراقی کردۆتە گۆڕەپانی سەرەکی ململانێکانی لەگەڵ ئەمریکادا و لەدواترین ئامـاردا کەلەلایەن(( مەجلیسی مقاوەمەی ئێرانیەوە کەسەر بە موجاهیدنی خەڵقی ئێرانە)) ڕاگەیەنرا لەکەناڵی ئاسمانی ئەلجزیرەوەلەڕۆژی 2007/1/26دا کە (( 32هەزار جاسوسی ئێرانی هەیە لە عێراقدا و مانگانە مووچە لەدەوڵەتی ئێران وەردەگرن))24 . هەروەها لەسەروبەندی جێبەجێکردنی ستراتیژیتی سەربازی نوێی ئەمریکا لە عێراقدا کە بەهاوبەشی سوپاو هێزەکانی عێراق لەشاری بەغداد پەیرەو دەکرێت و لە 2007/2/16وە دەستی پێکردوە و لە نوسراوێکی نهێنی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا کە ئاراستەی تەیاری صەدری کراوە و داوایان لێدەکات کە لێپرسراوە دیارو پلە یەکەکان و پلە دووەکانیان کە پەیوەدیان بە حەرەسی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانەوە هەیە بۆ ماوەیەکی کاتی خۆیان وون بکەن و





بچنە دەرەوەی سنورەکان بۆئەوەی لە گرتن ڕزگاریان ببێت , کە ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە بۆ بوونی دەستێوەردانی ئێران لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا و خۆشکردنی ئاگری شەری تایەفی و مەزهەبی لە عێراقدا . ئێران بەشێوەیەک ڕۆچۆتە ناو هەموو دام و دەزگا ئەمنی و موخابەراتی و سوپا و مەدەنی حکومەتی عێراقەوە کە سانا نیە لەکاتێکی کەمدا کۆنترۆڵ بکرێت, چونکە شیعەکانی عێراق زۆرینەیان لایەنگری ئێرانن و بۆحسابی ئێران کاردەکەن.

❖ سونەی کەمینەی عەرەبیش لە ئێستادا لەحوکم و دەسەلات دوورکەوتونەتەوە و دەستیان داوەتە بەناو مقاوەمەت و دژایەتی کردنی ئەمریکا و حکومەتی عێراقیش و زۆرێک لەدەوڵەتانی سونە مەزهەبی عەرەبی لە ئوردون و میسر و یەمەن و وولاتانی کەنداو بەئاشکراو بەنهێنی هاوکاری مادی و مەعنەوی یان دەکەن.تورکیاش وەک وولاتێکی گەورەی ناوچەکە و بەهەمان بیانووی پارێزگاری لەلایەک لە سونەکان و لەلایەکی تریشەوە بەبیانوی پارێزگاری لە تورکومانەکانەوە دەست وەردەداتە ناو کاروباری ناوخۆی عێراقەوە و هێندەی دی بارودۆخەکەیان ئاڵۆزکردوە و لەجیاتی ئەوەی بەرەو هێوربونەوە و ئاسایش و جێگیری بەرن بەپێچەوهانەوە بەرەو خراپتر و ئاڵۆزتر بوونی دەبەن. بەلام بەهۆی نەبوونی یەک مەرجەعی دینی بەهێزو بەتوانا و نەبونی پارتێکی سیاسی بەهێز سونەکان پەرش و بلاو



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بون و لە غیابی بەرنامە و ستراتیژیەتێکی روون و ئاشکراشدا هێندەی تر لاواز و بێ دەسەلات ماونەتەوە .25

## بۆچی

## ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست؟

ئاشکرایە ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراست لەدێر زەمانەوە گرنگیەکی گەورەی سیاسی و ئابوری وسەربازی و کۆمەلایەتی و دینی هەبوە و تائێستاش ئەو گرنگیەی هەرماوە, ئەم ناوچەیە لەبەرئەوەی :-

1. خاڵی بەیەکگەیشتنی هەرسێ کیشوەری ئاسیاو ئەفریقیاو ئەوروپایە.
2. خاڵی بەیەکگەیشتنی چەند شارستانیەتێکی جیاوازە.
3. ئەم ناوچەیە لانکی مرۆڤایەتی و شارستانیەت بوە لە سۆمەریەکان و بابلیەکان و میسریەکان و ..هتد.
4. ئەم ناوچەیە جێگەی هاتنە خوارەوەی کتێبە پیرۆزەکانی تەورات و ئینجیل و قورئانە و هەرسێ دیانەتی جولەکە و مەسیحیەت و ئیسلامی تیادا سەریهەلداوە و بلاوبۆتەوە.
5. ئەم ناوچەیە خاوەن نەوت و سامانێکی سروشتی گەلێک دەوڵەمەندە کە جێگەی چاوتێبرینی داگیرکەرانی کۆن و نوێبوە.
6. ئەم ناوچەیە خاوەن دەریاو ئاوی گەرمە کە لەهیچ وەرزێکی ساڵدا نایبەستێت و کاری بازرگانی پەکی ناکەوێت.
7. ئەم ناوچەیە خاوەن ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانە کە ئەمەش وایکردوە دەستی کار تیایدا هەرزان بێت و بازارێکی مسۆگەریش بێت بۆ ساغکردنەوەی کالاکان.





8. ئەم ناوچەیە لەرووی سەربازیشەوە گرنگی گەلێک گەورەی هەیە.
9. ئەم ناوچەیە خاوەن ئاو و هەواو ژینگەیەکی تارادەیەکی زۆر سەرنج راکێش و خۆشی هەیە و جێگەی گەشتوگوزاری زۆر جوان و دێرین و مێژوویی تیادایە.

لەبەر ئەم هەموو هۆکارانەو دەیانی تریش ئەم ناوچەیە بەدرێژایی مێژوو جێگەی مشتومر و ململانێی نێوان زلهێز و داگیرکەران بوە.هەموویان ویستویانە بەئاشتی بێت یان بەشەر جێپێی خۆیانی تیادا بکەنەوە و قایم بکەن.

بەم شێوەیە ئەم ناوچەیە بۆتە خاڵی چربونەوەی بەرژەوەندیەکان و خاڵی بەریەک کەوتنەکان و دواتریش خاڵی ناکۆکی و کێشمەکێشمەکان.هەربۆیەش ئەم ناوچەیەبەبەردەوامی گۆرەپانی شەروململانێکان بوە و زۆرکەم ئاشتی و ئاسایش و ئارامی و پێشکەوتن باڵی بەسەردا کێشاوە.

ئەمەش بۆتە هۆی:-

1. داگیرکردنی وولاتانی ناوچەکە لەلایەن ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پێشتریش لەلایەن رۆمانەکان و خاچپەرستەکان و بێزەنتی و دواتریش لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە لەساڵی 1918 وە هەموو میراتی دەوڵەتی عوسمانی دابەشکرایە سەر ئینگلیز و فەرەنسیەکان و ئیتالیەکان و ...هتد
2. لەساڵی 1916وە لەچوارچێوەی رێکەوتنامەی سایکس_بیکۆوە نەخشەی جوگرافیای ناوچەکە لەنێوان ئینگلیز و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**فەرەنسیەکاندا دابەشکرایەوە سەر وولاتانی بچوک بچوک و شێخ و ئیمارەت و مەملەکەتی جیاوازدا .**

3. **هەرئەم داگیرو دابەشکردنە بوە هۆی دروستبوونی دەیەها کێشەو ناکۆکی لەنێوان ئەو وولاتانەدا.**

4. **کەلتورە ڕۆژهەلاتی و دواکەوتوو کۆنەپارێز و عەشایەری و دەرەبەگایەتی و بنەماڵەیی و دینی و مەزهەبی وایکرد کە ڕژێمەکانی ئەم وولاتانە لەجۆری خۆسەپێن و تاکرەو و زاڵم و داخراوبن.**

5. **نەبوونی هۆشیاری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستی لەنێو ئەم کۆمەڵگایانەدا ببوە هۆکارێک بۆ دواکەوتوویی و هەژاری و نەخوێندەواری و بلاوبونەوەی جۆرەها نەخۆشی.**

**بەم شێوەیە وولاتان و ڕژێمەکان و کۆمەڵگاکانی ئەم ناوچەیە لەدێر زەمانەوە و تاکو ئێستاش کە سەدەی بیست و یەکە و سەدەی بەجیهانی بوون و بازاڕی ئازاد و شۆڕشی تەکنەلۆژیای ژمارەییە.هەروەک خۆیان ماونەتەوە,گەرچی کەمێک گۆڕان بەسەر گوتار و هەلسوکەوت و بیرکردنەوەو سێ کوچکەی(( ڕژێمەکان – حکومەتەکان-کۆمەڵگاکان)) هاتووە .بەلام هێشتاش بایی ئەوەندە نین کە لەتوانایدا بێت خۆ بگونجێنێت لەگەڵ ڕووداو وپێشهات و ئەم سەدە نوێیەداکەپڕە لەداهێنان و کێشە و گرفت و ململانێی توند و مەترسیداردا.**





**ئەم ناوچەیە بەهۆی ئەوەی کە کۆمەڵگاکانی باکگراوندێکی دینی و مەزهەبی و نەتەوەیی هەمەجۆری تیادایە.بۆتە سەرچاوەی مەترسی و هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی زلهێز و کۆمپانیا فرە نەتەوەییە گەورە ئابوریەکان.**

**بوونی سێ دیانەتی (( جولەکە-مەسیحیەت –ئیسلام )) کە بەدرێژایی مێژوو هەمیشە ناتەباو ناکۆک و دڕدۆنگ بوون پێکەوە و هیچ کاتێک خاڵهاوبەشەکانیان زیاتر نەبوە لەو خالانەی جێگەی مشتومڕ و ناکۆکی بوون. تەنها لەیەک خاڵدا هاوبەشبوون ئەویش کە هەموان بڕوایان بەیەک خوا هەبوە, ئەگینا لە پێغەمبەر و پەیامەکان و گوتار و هەلسوکەوتی تریاندا جیاوازبوون و زۆربەی جەنگەکانی ناوچەکە ئەگەر ڕاستەوخۆش لەژێر پەردەی دیندا چێنەبوبن, ئەوا هەمیشە پاڵنەر و هۆکاری دین ڕۆڵی گەورەی بینیوە, بەهەمان شێوە بوونی چەندین مەزهەب لەنێو ئەم دینانەشدا لە جولەکە و مەسیحیەت و ئیسلامدا, وەک باڵە توندڕەوەکانی جولەکە و کاسۆلیک و پرۆتستان و ئەرسۆدۆکس و مەسیحی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاواو ...هتد ومەزهەبەکانی سونە و شیعە و ڕەوت و گروپە ئیسلامیە جیاوازەکانی تر..هەمیشە سەرقاڵی ململانێی مەزهەبیەکانی خۆیان بوون. لەولاشەوە بوونی چەندین نەتەوە و کەمایەتی لە تورک و فارس و عەرەب و کوردو بەلوش و ئازەر و بەربەر و ئەرمەن و یەزیدی و ئەفغانی و تاجیکی و تورک و...هتد .وایکردوە کە ململانێ نەتەوەییەکانیش تیایدا دروست ببێت .**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ئەمە سەرەڕای کێشەی سنوور و ئاوو...هتد لەنێوان وولاتانی ناوچەکەدا.کەهەموو ئەم کێشانە وای لەناوچەکە کردوە کە ببێتە کوانوی گەشەکردن و سەرهەلدانی چەندین جۆرە توندڕەوی مەزهەبی و نەتەوەیی و ..هتد.کەلەنێوان خۆیاندا لەناوچەکە بەردەوامی هەیە و بەوەشەوە نەوەستاوە هەڕەشەی جدی و مەترسیداریشی دروستکردوە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی دەوڵەتانی دونیا لەدوور و نزیکەوە. و لەم سەردەمەدا بۆتە سەرچاوەی ناردنە دەرەوەی دیاردەی مەترسیداری  تیرۆرو تیرۆریستانیش بۆ دەرەوەی ناوچەکە لەهەموو دونیادا.و تاکارگەیشتە ئەوەی کە لە ئەفغانستاندا لەساڵی 1996 وە تاساڵی 2001ئیمارەتێکی توندڕەوی سەلەفی و ئصوڵی ئیسلامی دابمەزرێنێت و بەهاوکاری ڕێکخراوی  ئەلقاعیدەی جیهانی بەسەرۆکایەتی ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زەواهیری و مەلا عومەری ئەفغانی مەترسیان بۆسەر هەموو وولاتانی دونیا دروست کرد بەگەورەو بچوکەوە.**

**و ئەوەبوو لە 3شەمەی ڕەش یان گەورەی 11 ی سێپتەمبەری ساڵی 2001دا کارەساتێکیان بەسەر ئەمریکاو دونیاشدا هێنا کەچاوەڕوان کراو نەبوو, ئیدی لەو ساتەوە دونیا بۆتە دووبەرەی دژ بەیەک بەرەی تیرۆرو بەرەی دژەتیرۆر.**

**ڕووداوی 11ی سێپتەمبەر کاریگەری گەورەی کردە سەر هەموو دونیا هەر لە ئەمریکاوە کە کارەساتەکەی تیا ڕوودا تا ئەوروپاو ئاسیا و وولاتانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و سەرتاپای دونیاش.ئەو ڕووداوە کارێکی وایکرد کە ڕژێمەکان و**





**سیاسەتمەدارەکان  و خاوەن فکر و بیردۆزەکان بەسەر حسابات و هاوکێشە و پلانە کورت و دوورخایەنەکانیاندا بچنەوە. هەربۆیەش لەم  پێناوەدا ئەمریکا لەپێش هەموانەوە کەوتە خۆ بۆ دۆزینەوەی ڕێگە چارەیەکی ڕیشەیی بۆ بنەبڕکردنی دیاردەی تیرۆر و تیرۆریستان لەسەرچاوەکەیەوە کە ئەویش ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستە.**

**هەربۆیە بیریاران و داڕێژەرانی سیاسەتەکانی ئەمریکا و باڵی ڕاستڕەوی موحافیزکارە نوێکانی ئیدارەی ئەمریکا لەحیزبی کۆماری کەوتنەخۆ بۆ دانانی (( بیردۆزەی فەوزای دروستکەر )) بۆ ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست , مەبەست لەم بیردۆزەیە و هەلبژاردنی ئەم ناوچەیەش بۆ جێبەجێکردنی بریتیە لە زیندووکردنەوەو ئاکتیڤکردنی هەموو ئەو کێشە تایەفی و مەزهەبی و نەتەوەییانەی کە لەناوچەکەدا خەفە بوون. بۆئەوەی فەوزایەک دروست ببێت کە ببێتە مایەی کاولکردن و تێکدانێکی سەرتاپایی و لە ئەنجامیشدا ناوچەیەکی نوێ بەجوگرافیا و مێژوو  و سیاسەت و ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستی نوێ دروست ببێت.کەزۆر باشتر بێت لە  پێش خۆی.**

**بەم شێوەیە هەلایسانی جەنگی ناوخۆو جەنگی نێوان وولاتانی ناوچەکە ڕێگە خۆشکەر دەبێت بۆ دەستێوەردانی دەرەکی و بەتایبەتیش ئەمریکا, کەلەئێستادا خاوەن بڕیار و دەسەلات و هێزە لەدونیادا و هەر  لەتوانای ئەویشدایە کە ئەوکارە بکات.بۆیە ئەمریکاش سیاسەت و بەرنامە و پلانی خۆی هەیە بۆ**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەو گۆڕانە سەرتاسەریە و لەئێستادا هەموو هەولێکی بۆ گۆڕینی ڕژێمەکان و دەسەلاتدارە تاکرەو و خۆسەپێن و داخراوەکانە.دواتر چەسپاندنی دیموکراسیەت و چێکردنی ئازادیەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادکردنی ئابوری و بازارەکان و سازکردنی شۆرشێکی کۆمەلایەتیشە بەهۆی کرانەوەو هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاکان لەرێگەی تەکنەلۆژیا و داهێنانە نوێکانی زانستەوە, هەموو ئەم کارانەش لە چوارچێوەی پرۆژەیەکدا جێبەجێدەکات کە ناسراوە بە (( پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە یان رۆژهەلاتی ناوەراستی نوێ )) .

* * *

* *

*

## کاولکاریەکی دروستکەر

مەبەست لەم بیردۆزەیە کە ئامانجی وێرانکردن و لێک هەلوەشانی تەواوەتی ژێرخان و سەرخانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستە و دووبارە دامەزراندنەوە و دروستکردنەوەیەتی بەپێی دیدوبۆچوونی ئەمریکا بۆ دنیایەکی دیموکراسی نوێ.

خاوەنی ئەم بیردۆزەیەش((کاولکاری دروستکەر)) عێراقیان بۆ ئەم ئامانجەیان هەلبژارد,چونکە عێراق بەدڵی ناوچەکە دادەنرێت و گەل و خاکی عێراقیان کردە تاقیگەیەک تابزانن ئەو هەڵە و کەموکوریانە چین کەلەسەر زەمینەی واقیع بەرەو رووی





جێبەجێکردنی ئەم بیردۆزەیەیان دەبێتەوە تالەکاتی جێبەجێکردنی لەوولات و کۆمەڵگاکانی تری ناوچەکەدا دووبارە نەبنەوە.

بیریارانی ئەم بیردۆزەیە(( فەوزای دروستکەر)) وادەدەنێن کە ئەم ناوچەیە نزیکەی نیوسەدەیە لە حاڵەتێکی ئارامدا دەژی, بەلام ئەم ئارامیە کەوتۆتە ژێر دەسەلاتێکی خۆسەپێن و تاکرەو و زاڵم کە تیایدا ئازادی و دیموکراسیەت بوونیان نیە. هەربۆیە ئەم بیریارانە پلانی ئەوەیان دارشتوە کەئەم ئارامیە تێک بدەن بەتەواوەتی بەچاوپۆشین لەوهەموو زەرەرو زیانانە(( بری و جۆریانە)) کە دەکەون وەک ئەوەی لە عێراقدا روودەدەن.26

* * *

* *

## بیردۆزەی فەوزای دروستکەر و ستراتیژیەتی هەیمەنە بەسەر جیهانی عەرەبیدا

زاراوەی (( فەوزای دروستکەر)) یەکێکە لە گرنگترین کلیل کە عەقڵی ستراتیژی ئەمریکا بەرهەمی هێناوە لەمامەڵەکردنی لەگەڵ کێشەکانی جیهانی عەرەبیدا. بەشێوەیەکی زۆر دیقەت ئەم زاراوەیە دارێژراوە لەلایەن هەلبژاردەی ئەکادیمیا و دارێژەرانی سیاسەتی ئەمریکاوە سەرەرای خراپ تێگەیشتنی عەرەب لەمانای فەوزا لەبەرئەوەی ناجێگیری دەگەیەنێت بەلام بەزیادکردنی ووشەی (( دروستکەر)) مانایەکی پۆزەتیڤی بۆ دروست بوە کە جێگەی پەسەندکردنە.ئاشکراشە هەلبژاردنی ئەم دوو



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**ووشەیە(( فەوزای دروستکەر )) بۆ زیرەکی داڕێژەرانی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەئاسانی بەسەر کەسانی دوور لەسیاسەت لەوولاتانی عەرەبیدا تێپەڕبکات و لەماناو مەغزای شاراوەکانی ئەمریکا بۆ ناوچەکە دووربکەوێتەوە.بنەما ئایدۆلۆژیەکەی (( فەوزای دروستکەر)) لەڕووی مێژوویەوە دەگەڕێتەوە بۆ شۆڕشی فەڕەنسا لەو ڕەوانگەیەوە ئەو شۆڕشە مەرجەعێکە کە دەکرێت لێکۆڵینەوەو بەراوردبکرێت بەدروشمە بەناوبانگەکانی لە (( ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی)), بەلام سەرەڕای خاڵە پۆزەتیفەکانی ئەو شۆڕشە و کاریگەریە گەورەکانی لەدونیادا,لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ خاڵی نێگەتیفیش و کاریگەری لاوەکی لیَ دروست بووە بەوەی کە چینە ڕەشو ڕووتەکەی کۆمەڵگا بونە هۆی دروستکردنی فەوزایەک دوور لەهەموو بنەما ڕێکخراوەییەکانەوە لەئەنجامی نەبوونی مەرجەعیاتێکی فکری و سیاسی کەبووە هۆی داخورانی شۆڕش و لە ئەنجامیشدا گەڕانەوەی پاشایەتی بۆ فەڕەنسا و سەرهەلدانی بیری شۆڤێنی فەڕەنسی کە دەیویست ئەو فەوزا شۆڕشگێریە بنێرێتە دەرەوە بۆ وولاتانی تری ئەوروپا بەبیَ ئاوڕدانەوە لەتایبەتمەندیەکانی پێکهاتەی ئەو وولاتانە.**

**ئەمریکا لەڕابووردوودا هەوڵی داوە کە بارودۆخی فەوزا بەکار بهێنێت بەگەلێک جێگە لەدونیادا وەک ئەوەی لەئێراندا کردی لەسەردەمی موصەدەقدالەسالی 1953دا و سەرکەوتووش بوو لەگەڕانەوەی شادا بۆسەر حوکم,بەلام لەدوای هەلگیرسانی شۆڕشی ئیسلامیدا سەرکەوتوو نەبوو لەساڵی 1979دا.**





**ڕژێمەکان و جوگرافیاش لەڕێگەی ( فەوزای دروستکەرەوە),هیچ ڕێگریەکیش نیە بۆ ئەمریکا کە ڕاستەوخۆش کاری داگیرکاری ئەنجام بدات ئەگەر پێویستی کرد لەسەردەمی نەمانی ستراتیژیەتی ڕێگرتندا. ئەم ستراتیژی بەئەمریکا کردنی دونیایە لەلایەن زۆربەی سەرۆکەکانی ئەمریکاوە پیادەکراوە و لەهەموان زیاتریش سەرۆک بۆشەو ئەم کارە بۆتە سەرەکیترین کاری سەرۆکەکان.جۆرج بۆش کاری بەئەمریکاکردنی دونیا لەڕێگەی بیردۆزەی(( فەوزای دروستکەرەوە))جێبەجیَ دەکات لەهەموو دونیادا.و سەرۆک بۆش بەهۆی ژمارەیەک نووسەروکتێبەکانیانەوە کاریتێکراوە کە بونەتە سەرچاوەی دامەزراندنی فکری سیاسی ڕێکخراو بۆ (( فەوزای دروستکەر)) و سەرۆک بۆش خۆی دانی ناوە بەو ڕاستیەدا کە کتێبی (( مەسەلەی دیموکراسی ))ە. کە بۆتە بنەمای کارکردنی ئیدارەکەی, ئەم کتێبە لەلایەن (( ناتان شارانسکی)ەوە نووسراوە کە جولەکەیەکی سۆڤێتی بوە و کۆچی کردوە بۆ ئیسرائیل و لەیەکێک لەحکومەتەکانی ئارێل شارۆندا بۆتە وەزیر, ڕوانگەی شارانسکی بەم شێوەیە کورت دەکرێتەوەکە (( ئیسلام بزوتنەوەیەکی تیرۆریستیە و نەک بەتەنها هەڕەشەیە بۆ سەر ئیسرائیل بەڵکو هەڕەشەشە بۆ سەر هەموو دونیای ڕۆژئاوا))27.**

**بەلای شارانسکیەوە وایە کە (( لەڕیشە دەرهێنانی تیرۆر تەنها بەوە جێبەجیَ نابێت بەبەکارهێنانی هێز و ووشککردنی سەرچاوەکانی, بەڵکو بە چارەسەرکردنێکی قووڵ دەبێت بۆ**

**هۆكارەكانی تیرۆر كە سەرچاوە دەگرن لەسیاسەتەكانی ڕژێمە عەرەبیە تاكرەو و خۆسەپێن و زاڵم و گەندەڵەكان و خاوەن ڕۆشنبیري ڕقلێبونەوە لە كەسانی تر كە بلاوی دەكەنەوە))** 28.

**بەمەش شارانسكی لەگەڵ ئەو تەرحەی (( هنتنگتۆن))دا یەك دەگرێتەوە كە دەڵێت (( ئیسلام دوژمنی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە))**29.

**هەروەها نوسینەكانی(( ئەلیۆت كۆهین )) یەكێكە لەسەرچاوە گرنگەكانی(( بیردۆزەی فەوزای دروستكەر)) بەتایبەتیش كتێبەكەی بەناونیشانی (( سەركردایەتی بالا,سوپاو پیاوانی دەوڵەت و ڕابەرەكان لەزەمەنی جەنگدا)), كۆهین وای دەبینێت كە (( هەلمەتی دژە تیرۆر بریتیە لە جەنگی جیهانی چوارەم, ئەو وای دادەنێت كە جەنگی سارد جەنگی جیهانی سێیەم بووە,و جەختدەكاتەوە كە ئەمریكا پێویستە سەربكەوێت بەسەر ئیسلامی ئصولێیدا لەم جەنگەدا))**30.

**ئەم بیردۆزەیە(( فەوزای دروستكەر)) لەلایەن ژمارەیەك دەزگاو سەنتەری لێكۆڵینەوەی سیاسی گەورە لە ئەمریكادا هاوبەشی دارشتنی كراوە لەسەروو هەمووشیانەوە دەزگای (( ئەمریكان ئینتەرپرایز)) بۆ لێكۆڵینەوەیە. و نوسینەكانی (( راوول مارك غیریشت)) كە بیریاری موحافیزكارە نوێكانە و پسپۆڕە لەكاروباری عێراق و مەزهەبی شیعەدا و یەكێكە لەو كەسە دیارانەی كە نوماینەدەی ئەم سەنتەرە دەكات.**





**((غیریشت)) ئەوە دووپات دەكاتەوە كە ئیدارەی جۆرج بۆش(( پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەی)) بەشێوەیەكی كەم لەسەر لێكۆڵینەوەكانی نوسەرانی بەناوبانگی وەك(( برناردلویس لەزانكۆی برلانستۆن)) و (( فوئاد عەجەمی لەزانكۆی جۆنزهۆبكنز)) دارشتوە .**

**(( لویس)) بەناوبانگە لە پشتیوانی كردنی ئیسرائیل و لەدوای جەنگی كەنداوی دووەمەوە ( داگیركردنی عێراق بۆ كوێت ) لەساڵی** 1991**دا ڕایگەیاند كەوا ئیدی(( جیهانی عەرەبی مرد)) وەك كیانێكی سیاسی و پێشنیازی ئەوەی كرد كەلەمەودوا زاراوەی(( ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست )) لە (( جیهانی عەرەب)) بەكار بهێنرێت.**

**سەنتەری (( واشنتۆن)) یش بۆ سیاسەتی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی خواروو, ڕۆڵی كەمتر نیە لەسەنتەرەكانی تر لە دارشتنی (( بیردۆزەی فەوزای دروستكەر))دا,ئەوەتا (( ڕۆبەرت ساتلۆڤ)) كە بەڕێوەبەری جێبەجێكاری سەنتەرەكەیە كە بەكەسێكی ناسراو دادەنرێت لەدارشتنی ئەو بیردۆزەیەدا, كەبۆچونەكانی(( برنارد لویسی)) بەلاوە زۆر سەرنج ڕاكێشە و كەسێكی توندڕەویشە بەرامبەر بەجیهانی عەرەب و پێشنیازی ئەوەی كرد كە لەمەودوا هەردوو زاراوەی (( جیهانی عەرەبی و ئیسلامی)) بەكارنەهێنرێت لە قاموسی دیپلۆماسی ئەمریكیدا وای داوای كرد كە مامەڵە لەگەڵ جیهانی عەرەبیدا لەسەر تایبەتمەندی و سەربەخۆیی هەر وولاتێك بكرێت بەتەنها و دژایەتی ئیسلامی ئصولێش زۆر**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بەتوندی بکات کە ئەمەش بەڕای(( ساتلۆڤ)) دەبێتە ەءی سڕینەوەی سنورە جوگرافیا سروشتیەکان.**

**بەلام (( فوئاد عەجەمی )) کە لایەنگری لیکۆد و موحافیزکارە نوێکانە و بە ووتەبێژی سەرەکی دادەنرێت بۆ بیربۆچونی تایەفی لەسروشتی کۆمەلایەتی و سیاسی لەجیهانی عەرەبیدا, وەبیربۆچونەکانیشی جێگەی تێرامان و پەسەندکردنێکی زۆر فراوانە لەناو ئیدارەی ئەمریکیدا و هەمیشە بەشێوەیەکی توندڕەوانە هەوڵی هاندانی ئەمریکا دەدات لەهەموو کێشەکانی تایبەت بەجیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا.**

**ڕوانگەی سەرەکی بۆ (( بیردۆزەی فەوزای دروستکەر)) بریتیە لەوەی کە (( بارودۆخی ئارامی جیهانی عەرەبی ڕێگرێکی سەرەکیە لەبەردەم گەشەکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا. هەربۆیە زنجیرەیەک ڕێوشوێن بگیرێتە بەر بەمەبەستی دابینکردنی ئامانجەکانی کە بریتیە لە کۆنترۆڵکردن و هەیمەنەکردنی ئەمریکا بەسەر جیهانی عەرەبیدا کە بە پێی ئەم بیردۆزەیە بریتیە لە جیهانێکی پڕ ئیمان و دەوڵەمەند بەنەوت کە ئەمەش بۆتە هەڕەشەیەکی گەورەو ڕاستەوخۆبۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا, بەوپێیەش داڕێژەرانی بیردۆزەی فەوزای دروستکەر داوای بەکارهێنانی هێزی سەربازی دەکەن بەمەبەستی گۆڕینی ڕژێمەکان وەک ئەوەی لە ئەفغانستان و عێراقدا جێبەجێکراوە داوا دەکات کە سیاسەتی هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز پیادەبکرێت کە دەبێتە هۆی تەقینەوەیو تێکچوونی باری ئارامی ناوخۆی جیهانی عەرەبی**





**و دەبێتە هاندەرێک بۆ بزواندنی هەستی تایەفی و دەکرێت بەکاربهێنرێت بۆ دروستکردنی فەوزا,وەک ئەوەی لە لوبنان و سوریاو عێراقدا ئەنجام دران)).** ٭31

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم

======================

1. **ڕیفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کورددا بۆ؟/ نەوزادی موهەندیس / چاپی یەکەم / کوردوستان/ سلێمانی** /2006

2.**مەبەست خەلیفەی سێیەمی ئیسلامە(( عوسمانی کوڕی عەفان)) کە لەلایەن معاویەوە کرایە بیانویەک بۆ سەرکوتکردن و لەناوبردنی نەیارەکانی بەتایبەتیش شیعەکان و لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب.**

3. **چاوپێکەوتنێکی سەرۆکی یەمەن عەلی عەبدولا صالح لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئەلجزیرەدا لەساڵی** 2003**دا و دوای ڕزگارکردنی عێراق.**

4.**ملاحظات مكثفه حول نظريه الفوضى البناءه/د.صالح ياسر/** www.iraqcp.org

5.**هەمان سەرچاوەی ژمارە** (4)

6. **هەمان سەرچاوەی ژمارە** (4)

7. **هەمان سەرچاوەی ژمارە** (4)

8. **هەمان سەرچاوەی ژمارە** (4)

9. . **هەمان سەرچاوەی ژمارە** (4)

10.**نقريه الفوضى البناءه/ سمير محمود ناصر/خريج علوم السياسه /طالب دكتوراه بالعلاقات الدوليه**/www.rezgar.com

11.**هەمان سەرچاوەی ژمارە** (1)

12. **هەمان سەرچاوەی ژمارە** (1)



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

13. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)
14. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)
15. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)
16. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)
17. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)
18.اسابيع حاسمه فی دمشق/ سعد محيو/ 2005/4/3/ مركز الشرق للدراسات الحضاريه والاستراتيجيه/المملكه المتحده/ لندن/ www.asharqalarabi.org.uk
19.هەمان سەرچاوەی ژمارە (10)
20.هەمان سەرچاوەی ژمارە (18)
21.الفوضى الخلاقه والخطاب الطائفى/ سعدون المشهدانى/2006/7/1/ www.arabrenewal.com
22.هەمان سەرچاوەی ژمارە (21)
23.هەمان سەرچاوەی ژمارە (21)
24.هەوالێکی کەناڵی ئاسمانی ئەلجزیرە لە 2007/1/26دا.
25.هەمان سەرچاوەی ژمارە (21)
26.التدمير الخلاق/على حسين عبيد/2007/1/30 / www.annabaa.org
27.نظريه الفوضى الخلاقه واستراتيجيات الهيمنه فى العالم العربى /حسن ابو هنيه / www.alghad.jo
28.هەمان سەرچاوەی ژمارە (27)
29.هەمان سەرچاوەی ژمارە (27)
30. هەمان سەرچاوەی ژمارە (27)
31.هەمان سەرچاوەی ژمارە (27)





# بەشی دووەم



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## پرۆژەی
## ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە

❖ (( جۆرج کانان )) کە بیریارێکی پلاندانانی ستراتیژی ئەمریکیە لەساڵی 1948دا دەڵێت :- (( ئێمەی ئەمریکی خاوەنی زیاتر لە 50%ی سامانی دونیاین,لەگەڵ ئەوەی تەنها 6%ی ژمارەی دانیشتوانی زەوین,جائالەم کاتەدا گرنگترین کارمان لەداهاتوودا بریتیە لەوەی کە پارێزگاری ئەم بارودۆخە ناهاوسەنگ و تێکچووە بکەین بۆ بەرژەوەندی خۆمان.جابۆئەوەی لەم کارەماندا سەرکەوتوبین,پێویستە سۆزو هەست وەلاوە بنێین و بیر لە مافی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و وەدیهێنانی دیموکراسی لەدونیادا نەکەینەوە))1.

بەلام لەساڵی 1982دا سەرۆکی ئەمریکا(( ڕۆناڵد ڕیگان)) دەڵێت (( پێویستە دژایەتی شیوعیەت بکەین لەڕێگەی ئایدۆلۆژیاو فکرەوە و پرنسیپەکانی ئازادی ئەمریکا بلاوبکەینەوە))2.

جۆرج بۆشی ((کوڕ)) سەرۆکی ئێستای ئەمریکا دەڵێت (( ئەمریکا سیاسەتێکی نوێی دارشتوە,کە ستراتیژێکی پێشکەوتوو بۆ





ئازادیەکان لەڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا, ئەم سیاسەتەش هەولَ و ماندووبونی بێوێنەی دەوێت هەروەک چۆن لەرابووردوماندائەنجاممان داوە و بەرهەمیشی هەبوە , ئێستاش هەمان بەرهەمی دەبێت,بەلام دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم مەسەلەیە چەند دەیە سالێکی گەرەکە بۆ هێناندی ئامانجەکانی ))3.

ئەمریکا لەدوای ڕووخانی دیواری بەرلین و هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جارانەوە, ویستی کۆنترۆلکردنی دونیای لە خەیاڵدا دروست بوو کە بەیەک جەمسەری بیبات بەرێوە.و لەسەر شێوەی ئەمریکی کێشەکانی دونیا چارەسەر بکات وەک کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بۆسنە و صۆمال, کۆنگرەی ئاشتی لەمەدریدی پایتەختی ئیسپانیا لەساڵی 1991 و لێدان و دابرینی عێراق.باشترین هەل بوون بۆ ئەمریکا کە شوێن پێی خۆیی قایم بکات لەکەنداوی عەرەبیدا,لەڕێگەی دانانی بنکەی سەربازی جێگیرکردنی کەشتیگەل و دابینکردنی بازاری چەکەوە و چارەسەرکردنی کێشەکان بەبیَ گەرانەوە بۆ نەتەوە یەکگرتوەکان.

ئەوروپاییەکانیش بۆ ئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان لەناوچەکە بپارێزن و بەردەوامی پێبدەن, گەر بەناچاری و نابەدڵیش بوبێت بۆنەتە پاشکۆ و هاوکاری ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی سیاسەتەکانی لەناوچەکەدا.

ئەوەتا وەزیری دەرەوەی ئەلمانیا(( یۆشکا فیشەر)) بەهەمان نەجی ئەمریکی دەڵێت (( ئێمە دەمانەوێت پرۆژەیەکی



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

گەشەپێدانی تەواوەتی و پەیوەندیەکانی ئابوری دابمەزرێنین لەسەر بنەمای گۆڕانی دیموکراسی لەناوچەکەدا و چێکردنی ڕیفۆرمی عەرەبی و گەشە پێدانێکی بەردەوام))4.هەرچەندە ئەوروپییەکان لەگەڵ ئەمریکادا لەچەند خاڵ و بنەماو بۆچووندا جیاوازن لە چەسپاندنی دیموکراسیدا لەناوچەکەدا وەک:-

ئەوروپییەکان دەڵێن(( پێویستە گرنگی بەڕۆشنبیری ناوچەکە بدرێت, هەروا گرنگی بدرێت بەوەی کە زیادەڕۆیی نەکرێتە سەر هەستی دینی ئیسلامی, هەروا هەرکارێک و پرۆژەیەک لەناوچەکەدا دەبێت بەهاوکاری بێت لەگەڵ زلهێزەکانی تری دونیادا نەک بەتەنها))5, هەروەها پێداگرتنی لەسەر ئەوەی کە دەبێت کێشە ناوچەییەکان چارەسەر بکرێت و ئەو بۆشاییەی لەنێوان عەرەبەکان و ڕۆژئاوادا هەیە نەهێڵرێت.6

❖ ئامانجی ئەم پرۆژەیە, لەسەر ڕاگەیاندنی داڕێژەرانی ئەمریکیەوە, بریتیە لە هاندان و پشتیوانیکردنی ڕیفۆرمە سیاسی و ئابوریەکان و بلاوکردنەوەی دیموکراسیەتە لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا, واتە ئەو ناوچەیەی کە درێژ دەبێتەوە لە مۆریتانیاوە لەڕۆژئاواوە بۆ ئەفغانستان لە ڕۆژهەلات بە تێپەڕبوون بەئیسرائیل و تورکیاو ئێراندا , دیپلۆماسیەتی ئەمریکا پێش 4 مانگ لەسازدانی کۆبونەوەی سەرانی 8 دەوڵەتە پیشەسازیە گەورەکەی دونیا کە لەمانگی 2004/6دا بەسترا لەهاوینە هەواری(( سی ئایلاند)) لەولایەتی جۆرجیا لە ئەمریکا,بانگەشەیان بۆ ئەم پرۆژەیە دەکردبۆ ئەوەی بیکەنە





پرۆژەیەکی نێودەوڵەتی و بەشەراکەت لەگەڵ دەوڵەتە زلهێزەکانی تری دونیادا جێبەجێبکەن, ئەوەبوو دوای هەندێ گۆڕانکاری و دەستکاری کەم ئەمریکا توانی پرۆژەکە لەو کۆبونەوەیەدا ڕابگەیەنێت و هەموانیش ڕازی بکات لەسەر پەسەندکردنی و هاوکاریکردنی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی.7

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## ڕۆژهەلاتێکی ناوەڕاستی گەورە
## یان
## ڕۆژهەلاتێکی ناوەڕاستی نوێ

**جێگەی ئاماژە پێدانە کە ئیسرائیل لە ڕابوردوودا چەند پرۆژەیەکی هاوشێوەی بۆ ناوچەکە ڕاگەیاندوە, کەدواهەمینیان یان ترسناکترینیان بەلایەنی عەرەبەکانەوە ئەوەبوو کە سەرۆک وەزیرانی پێشووتری ئیسرائیل(( شیمۆن پێرس)) کەئەو کاتە سەرۆکی ئیسرائیلیش بوو ڕایگەیاند لەکتێبە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (( ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ** The New Middle East)) **وە بوو لەساڵی** 1993**دا.**

**پرۆژەکەی(( پێرس)) لەڕوو دیارەکەیدا داخوازە بۆ کۆکردنەوەی وولاتانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە بازاڕێکی هاوبەشدا, دوای چەسپاندنی ئاشتی لەناوچەکەدا بەشێوەیەک کە دامەزراندنی ئەم بازارە هاوبەشە کار بکات بۆ پتەوکردنی بەرژەوەندییە زیندوەکانی هەموو وولاتەکان و ئاشتی و ئارامی ناوچەکەش بۆ مەودایەکی دوور بپارێزێت, بەلام زۆر ئامانجی نهێنی شاردبۆوە کە (( پێرس)) لە خەیاڵیدا بوو جێبەجێیانی بکات, ئەویش بریتی بوو لە تێکەلاوکردنی ئیسرائیل لەگەڵ وولاتانی ناوچەکەدا. دوای سەر لەنوێ دارشتنەوەی و دامەزراندنەوەی بۆ ئەوەی ببێتە**





**(( ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست )) نەک (( ناوچەی عەرەبی یان جیهانی عەرەبی )) و لەو کاتەشدا ئیسرائیل وولاتی دەسەلاتدار و خاوەن هەیمەنە بێت بەسەر تواناکانی ناوچەکەدا لەبەرئەوەی ئیسرائیل سەری پرۆژە و داگیرکاریەکانی ڕۆژئاوایە لەوکاتەوەی لەساڵی** 1948 **وە دروستکراوە.**

**(( پێرس)) ئەم مەرام و ئامانجانەی بەئاشکرا لەچاوێکەوتنێکی لەگەڵ ڕۆژنامەی وەرزیی (( ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا )) ڕاگەیاند لەساڵی** 1995**دا, کاتێ وەرلامی پرسیارێکی دایەوە لەسەر ووتەیەکی پێشتری خۆی کە ووتبوی(( ئامانجی داهاتووی ئیسرائیل بریتیە لە چوونە ناو جامعەی عەرەبیەوە))**8 **. ئەو لە وەلامدا ووتی (( لەو بڕوایەدام کە ئەوان واتە عەرەبەکان پێویستە جامعەی عەرەبیەکەیان ناوبنێن جامعەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست, و ئەو کاتەش ئیسرائیل دەتوانێت ببێتە ئەندام تیایدا, ئێمە نابینە عەرەب بەلام ئەو جامیعەیە پێویستە ببێتە جامیعەیەکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی, جامیعەی عەرەبی لە ئێستادا بۆتە بەشێک لە ڕابووردوو))**9.

**لەڕاستیدا هەردوو پرۆژەکە, ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەی جۆرج بۆش و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ شیمۆن پێرس, هیچ جیاوازیەکیان نیە, چونکە هەردووکیان یەک ئامانجیان هەیە کە ئەویش بریتیەلە:- سەپاندنی هەیمەنەی ئەمریکاو ئیسرائیل بەسەرناوچەکەدا و ڕامهێنانی هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی بۆ خزمەتکردنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکاو ئیسرائیل.**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**لەڕاستیدا هەردوو پڕۆژەکە بازدەدەن بەسەر کێشە سەرەکیەکانی ناوچەکەدا و تەنها بەدروشمە بریقەدارەکانیانەوە پشت ئەستوورن کە ناتوانێت ڕووبەڕووی ئەو ئاستەنگە ببێتەوە کە چوار دەوری کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامیەکانیان داوە . کە ئەو ئاستەنگانەش بونەتە سەرچاوەیەکی ڕاستەقینە بۆ ۆبلاوبونەوەی ڕەوتە توند ڕەوەکان و هەلایسانی شەپۆلی نارەزایی و دواکەوتنی پلانەکانی گەشەسەندن.**

**ئاشکرایە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەدەست دەیان کێشەی موزمین و قوڵەوە گیری خواردوە, لەسەروو هەمووشیانەوە کێشەی عەرەب-ئیسرائیلە کە تائێستاش بەشێوەیەکی عادیلانە چارەسەر نەکراوە,بەبێ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیەش ناوچەکە ئارامی و گەشە بەخۆیەوە نابینێت. جا ئیسرائیل کەنەیتوانیوە لەڕێگەی شەڕەوە ئامانجەکانی وەدی بهێنێت, پێرس دەیەوێت لەڕێگەی ئابوریەوە ئەو ئامانجانە وەدەست بهێنێت. بەلام ئەو خەون و خەیالانەی بەلەبارچوونی ڕێکەوتنامەکانی ئۆسلۆی ساڵی 1994 پوچەڵ بووەوە , کاتێک ڕاپەڕینی فەلەستینیەکان سەری هەلدایەوە و بەمەش پڕۆژەکەی (( پێرس ))ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ شکستی خوارد.**

## هێڵە گشتیەکانی
## پرۆژەکە





**ئەم پڕۆژەیە وادادەنێت کە ناوچەی ڕۆڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەدوو ڕیانێکی چارەنوسسازدایە و پێویست دەکات کە هەنگاو بنێت بەرەو ڕیفۆرم کە هەندێ لەسەرکردەی ناوچەکە ئامادەیی خۆیان دەربڕیوە بۆ سازدانی,هەروەها 8 وولاتە پیشەسازیەگەورەکەش پشتگیری لیَ دەکەن.**

**لەڕێگەی هەردوو (( شەراکەتی ئەوروپی و ناوەڕاستیەوە)) و (( دەستپێشخەری شەراکەتی ئەمریکا و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست )) و هەوڵی ئاوەدانکردنەوەی هەمەجۆر و هەمە لایەنە لە ئەفغانستان و عێراقدا .**

**بەرنامەی کاری ئەم پڕۆژەیە ئامانجەکانی دیاری دەکات بە (( پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەڕووی ئاسایشەوە و بەرژەوەندی هاوپەیمانەکانیشی )) .هەروەها هەولَ دەدات بۆ سەر لەنوێ داڕشتنەوەی ناوچەکە لە ڕووی ڕیفۆرمی ئابوری و کۆمەلایەتیەوە.**

**ئەم پڕۆژەیە ئامانجی (( هاندانی دیموکراسیەت و دەسەلاتێکی باشە )) کە ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاریەکی سیاسی بۆ ماوەیەکی دوور, ئەمەش بەمانای گۆڕینی ڕژێمەکانی ناوچەکە دێت. ئەم گۆڕینەش لە ڕوانگەی ئەمریکیەوە چیَ دەبێت بەشێوەیەک ئەمریکا ئەم ناوچەیە وا هەلدەسەنگێنیَ کە (( هەمان شێوازیان هەیە و جیاوازیان نیە )). هەندێ لەلێکۆڵەرەوەکان وای دەبینن کە (( پڕۆژەیەکە ئامانجی سەپاندنی نمونەی کلتوری ئەمریکیە**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بەشێوەیەکی باوکانە,کەلەناوەڕۆکەکەیدا مەترسیەکی گەورەی هەلگرتوە بەووردبونەوە لە ئاڵۆزی بارودۆخەکە لەنێوان وولاتانی ناوچەکەدا, کە ڕێَچکەی ڕیفۆرمیان هەلگرتوە لەسایەی بارودۆخێکی ئالۆزو هەستیاردا))10.**

## ئامانجە ڕاگەیانراوەکانی پرۆژەکە

**پرۆژەکە 3 ئامانجی سەرەکی لەخۆگرتوە:-**

1. **هاندانی دیموکراسیەت وچێکردنی دەسەلاتێکی باش لەناوچەکەدا.**
2. **بیناکردنی کۆمەڵگایەکی زانستی.**
3. **فراوانکردنی هەلی ئابوری.**

**ئاشکرایە لەژێر ئەم 3 ئامانجە سەرەکیەدا, کۆمەڵ گەلێک ناونیشانی لاوەکی کۆبونەتەوە, لەوانە:-**

**لەسایەی هاندانی دیموکراسیدا,داوای سازدانی هەلبژاردنی ئازاد بۆ پەرلەمان و بەتایبەتیش مافی ژنان دەکات, هاوکاری و پشتیوانی یاسا بۆ هاولاتیان,پێشخستنی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ,هاندانی وولاتانی ناوچەکە بۆ دژایەتیکردنی گەندەڵی و پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی.**

**لەسەر ئاستی بواری کۆمەڵگای زانستیش, زنجیرەیەک دەستپێشخەری دیاریکردوە بۆ خوێندنی بنەڕەتی و نەهێشتنی**





**نەخوێندەواری و چارەسەرکردنی کەمی لە کتێبی خوێندندا و سوود وەرگرتن لە کۆمپیوتەر و تۆڕی ئینتەرنێت.**

**لەسەر ئاستی فراوانکردنی هەلی ئابوریش, پرۆژەکە پێشنیازی کردوە کە چەند صندوقێک دابمەزرێنێت بۆ هاوکاریکردنی بەوەی ناوبردوە(( پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە ئابوریەی کەلە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا هەیە)) و ئەم صندوقانە لەخۆی دەگرێت:-**

**صندوقی هاوکاری پرۆژەی بچووک, صندوقی هاوکاری پرۆژە مام ناوەند و گەورەکان , بانکی گەشە پێدانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە بۆ هاوکاریکردنی ئەو وولاتانەی کە هەوڵی چاکسازی دەدەن. بۆ دابینکردنی پێداویستیەکاني گەشەپێدانیان, شەراکەتکردن لەپێناو هاوکاریەکی دارایی باشتر,و کارئاسانی کردنی وولاتانی ناوچەکە بۆ چوونە ناوەوەی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی , و دامەزراندنی ناوچەی ئازادی بازرگانی بۆ هاندانی ئالوگۆڕی هەرێمایەتی و پرۆژە هەرێمیە هاوبەشەکان .**

## گومانی پسپۆڕ و لێکۆڵەرەوەکان دەربارەی پرۆژەکە

**ژمارەیەک لە پسپۆڕانی بواری سیاسەت و لێکۆڵەرەوەکان گومانیان هەیە دەربارەی سەرکەوتن و نیەتەکانی ئەمریکا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکە لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا.نا لەبەر ئاڵۆزی بارودۆخەکە لەناوچەکەدا, بەڵکو لەبەرئەوەی ئەمریکا نیەتێکی ڕاستەقینەو**



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

جدی نیه بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە و بودجەی تەواو و کارئاسانی پێویست دابین ناکات بۆ راپەڕاندنی ئیشوکارەکان و پێشکەوتنی قۆناغەکانی پرۆژەکە.

(( بیتەر سینغەر)) بەرێوەبەری(( پرۆژەی سیاسەتی ئەمریکا بەرەو رۆژهەلاتی ناوەراست )) لەدەزگای (( بروکینغز)) لەسەر ئەمە دەڵێت : (( ئەم پرۆژەیە لەدوای زنجیرەیەک بەڵێنی ئەمریکی دێت کە هیچیان ئەنجامیان نەبوە دەربارەی چاکسازی لەجیهانی ئیسلامیدا, خەڵکی لەگوتاری(( پر بەڵێن )) بێزار بوون کە هیچیان ئەنجامێکیان نابێت)).

هەروەها شارەزای ئەمریکی لەکاروباری رۆژهەلاتی ناوەراستدا(( مارک وولترز)) دەڵێت :-(( لەرووی رووخسارەوە ئەم پرۆژەیە دەستپێشخەریەکی باشە, بەلام ناتوانین بروا بکەین کە بتوانرێت ئەو هەموو پارەیە دابین بکرێت بۆ جێبەجێکردنی ئەو هەموو پرۆژەیە))11. ئەو نمونە دهێنێتەوە و دەڵێت : (( ئیدارەی ئەمریکا بری پارەی کەم دادەنێت بۆ پرۆژە دیموکراسیەکانی لەناوچەکەدا, هەروەک(( دەستپێشخەری شەراکەتی ئەمریکی_رۆژهەلاتی ناوەراست)) کەلەسالی 2002وەوە بەچاودێری خاتوو(( ئیلیزابیپ تشینی)) کچی جێگری سەرۆکی ئەمریکا (( دیک تشینی)) وە راگەیەنرا. ئەو پرۆژەیە لەسالی یەکەمیدا تەنها 29 ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج کرا و دوای سالێکی رێک و لەئەنجامی نارەزایی لێپرسراون وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئەوکات 100ملیۆن دۆلاری تری بۆخەرجکرد.





ناوبراو ئەو راستیەش دەدەرکێنێت کە تائێستا زۆربەی ئەو پارانە لەبانکەکاندا ماونەتەوە و جێبەجێکردنی پرۆژەکە زۆر هێواش و سستە بەشێوەیەک کە دەبێت یەک نەوەی رێک چاوەرێ بکەین پێش ئەوەی سەرەتاکانی گۆران ببینین,لەوانەیە 50 سالی تر بخایەنێت)) .

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

## دوودڵی و گومانی رژێمە عەرەبیەکان

هەر لە سەرەتاوە و لەبەراری 2004/2/24 دا هەردوو رابەری کاریگەرترینی وولاتانی عەرەبی لەمیسر و سعودیە و لەئەنجامی کۆبونەوەی حوسنی موبارەک سەرۆکی میسر و جێنشینی پادشای سعودیە ئەمیر عەبدولا پرۆژەکەیان رەتکردەوە و رایانگەیاند کە (( هەموو پرۆژەیەک رهتدەکەینەوە کە لەدەرەوە بسەپێنرێت



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەسەر وولاتانی عەرەبی و ئیسلامیدا , هەروەها لەبەیاننامە هاوبەشەکەیاندا رایانگەیاند وولاتە عەرەبییەکان بەردەوامن لەسەر رێگای گەشەپێدان و نوێکردنەوە و ریفۆرمخوازی بەشێوەیەک کە بگونجێت لەگەڵ بەرژەوەندی گەلەکانیاندا و لەگەڵ داب و نەریتەکانیاندا بەشێوەیەک کە پێداویستی و تایبەتمەندێتی شوناسی عەرەبییەکەیان لەبەرچاوبگیرێت و هیچ شێوەیەکی چاکسازی سەپێنراو بەسەریاندا قبولَ ناکات کەلەدەرەوە دارێژرابێت))12.

سوریاش لەسەر زاری وەزیری راگەیاندنیەوە (( احمد الحسن)) کەلەرۆژنامەی(( حەیات )) لەرۆژی 2004/2/29دا رایگەیاند کە (( سوریا بەهەمان شێوەی سعودیە و میسر بەهەموو شێوەیەک و هەموو کردەیەکی چاکسازی رهتدەکاتەوە کە لە ژێر فشاری دەرەکیدا بەسەریاندا بسەپێنرێت ))13. هەروەها سەرۆک وەزیرانی پێشووتری لوبنانیش (( رەفیق حەریری )) رەتکردنەوەی پرۆژەکەی راگەیاند و مەترسی خۆشی دەربری لەکاتی جێبەجێکردنیدا. بەلام سەرۆکی یەمەنی (( عەلی عەبدولا صالح)) جەختی کردەوە کە سەردەمی دیموکراسی دەستپێکرد و سەردەمی دیکتاتۆریەت نەماو داوای کرد کە چاکسازیەکانی ئەمریکا قبولَ بکەن و ووتی (( با خۆمان سەرمان بتاشین پێش ئەوەی بۆمان بتاشن))14, لەبەر ئەم گوتەیەی بانگهێشتی کۆبونەوەی سەرکردەکانی 8 وولاتە پیشەسازیە گەورەکەی جیهان





کرا و بەفیعلیش ئامادەبوو لەگەڵ ژمارەیەک لەسەرکردەکانی تری عەرەبیدا.

لەلای خۆشیەوە ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی ((عەمرو موسا)) هێرشی کردە سەر پرۆژەکە و (( پرۆژەکەی بەکەموکورت و ناهاوسەنگ و جێگەی گومان وصف کرد کە بۆ گۆرینی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراستەو رەخنەی گرت لەوەی کە پرۆژەکە باسی کێشەی فەلەستینی نەکردوە))15.

بەم شێوەیە لەلایەک سەرکردە عەرەبەکان بەهەلوێست و گوتار پرۆژەکە رەتدەکەنەوە و لەلایەکی تریشەوە بەئەمریکا رادەگەیەنن کە ئەوان بەردەوامن لەسەر چاکسازی لە وولاتەکانیاندا,بەلام لەسەرخۆو بەهێواشی کە ئەمەش بۆخۆی دەبێتە جێگەی مشتومۆر لەناوچەکەدا لەقۆناغەکانی داهاتوودا.

## هەلوێستی
## گەلانی ناوچەکە

ئاشکرایە گەلانی ناوچەکە تا ئێستاش نەیانتوانیوە رای شەقامی جەماوەری عەرەبی بکەنە فشارێکی بەهێز لەسەر دەوڵەتەکانیان و هیچ هێز و توانایەکیشیان نیە لەسەر گۆرین یان رووخاندنیان و تەنها بەهەندێ خۆپیشاندان و نارەزایی دەربرینی توندوتیژ و ناشارستانی هەلوێستی گەلەکانیان دەردەبرن کە تەنها بۆماوەیەکی کەم و کورت بەردەوام دەبن.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەلوێستی گەلانی ناوچەکە دەربارەی ئەم پرۆژەیە رەتکردنەوەیەتی ,بەلام نالەبەرئەوەی کە پرۆژەکە کەموکوری تایدایە و ئەم گەلانە حەز بەئازادیو دیموکراسیەت ناکەن.بەڵکو لەبەرئەوەیە کە گەلانی ناوچەکە بێزارن لەهەلوێست و کردارو پرۆژەکانی ئەمریکا.دەربارەی کێشەی عەرەب_ئیسرائیل و هەموو کێشەکانی تری ناوچەکەش چونکە دەبینن کە ئەمریکا هەمیشە لایەنگری ئیسرائیلە نەک عەرەبەکان . ئەوەتا لە راپرسیەکدا کە دەزگایەکی ئەمریکی ئەنجامیداوە 94%ی میسریەکان متمانەیان بەئەمریکا نیە, لەراپرسیەکی تریشدا کە کەناڵی ئاسمانی ((جزیرە)) ئەنجامیداوە پیشانی دەدات کە 96% عەرەبەکان ئەمریکا بەدژی خۆیان دەزانن.

## گومانی ئەوروپیەکان دەربارەی پرۆژەکە

ئەمریکیەکان بەهەموو دەنگو رەنگە سیاسیەکانیانەوە, لەدوای رووداوی 11ی سێپتەمبەری ساڵی 2001وە, سوورن لەسەر چێکردنی گۆرانکاری لەرۆژهەلاتی ناوەراستدا,ئەمەش لەهەلمەتی هەلبژاردنەکانی ساڵی 2004دا بەئاشکرا دەرکەوت.کە هەردوو حیزبی دیکورات و کۆماریەکان هاودەنگ بوون لەسەر چێکردنی پرۆژەی گۆرانکاری لەناوچەکەدا, بەلام جیاوازیان لەسەر چۆنێتی جێبەجێکردن و بەکارهێنانی هۆکارەکان هەیە. کە ئەمەش کاریگەری زۆر گەورەی نیە لەسەر ناوەرۆکی پرۆژەکە.





هیچ کەسێک گومانی لەوەدا نیە لە رۆژئاوای ئەوروپای کۆن و رۆژئاوای ئەمریکای نوێدا کە ئەوروپا بەرژەوەندی ستراتیژیان هەیە لەکاتی سەرکەوتنی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەدا. لەبەر ئەوەی ئەم ناوچەیە لەکۆتاییدا بە (( باخچەی دواوەی ئیمپراتۆریەتی گەشەکردووی ئەوروپا دادەنرێت .بەمەش ئەم ناوچەیە دەتوانێت ببێتە بەهەشتێکی دەوڵەمەند بۆ ئەوروپا یان ببێتە دۆزەخێکی پر ئاگر بۆی))16.

رۆژهەلاتێکی ناوەراستی ئارام و گەشەکردوو و دیموکراسی هاوکاری ئەوروپا دەکات بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی زلهێزی گەشەکردووی تەواو. بەتایبەتیش لەکاتێکدا ئەم ناوچە زیندوە هاوبەشی پێبکرێت بەدونیای عەولەمەی سەرمایەداری لەرێگەی دەروازەی ئەوروپاوە. بەلام رۆژهەلاتێکی هەژار و دواکەوتوو و دیکتاتۆری, پاشەرۆژی ئەوروپا دەخاتە سەردەستی عیفریت و بەرەو چارەنوسێکی نادیار و نارۆشنی دەبات. نەک بەهۆی مەترسی تیرۆرو چەکی کوشندە و رۆکێتی کیشوەر برەوە بەڵکو بەهۆی ئەو کۆچکردن و زۆربونە دانیشتوانەی عەرەب و ئیسلامەکانەوە کەبەرەو ئەوروپا دەچن کەلەوانە یە گۆرانکاری گەورە لەپێک هاتەی دانیشتوانی ئەوروپادا بهێنێتە دی.

بەلام ئەوروپیەکان بەگومانن لە ئەمریکا لەوەی کە بەجدی هەولَ بدات بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە دیموکراسیەکەی لەناوچەکەدا. ئەگەر نیەتی راستەقینەیەئەوا کێشەی عەرەب_ئیسرائیلی چارەسەر دەکرد پێش هەر کارێکی تر.کە ئەم ناوچەیە بەبیَ

چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە هیچ ئارامی و جێگیریەک بەخۆوە نابینێت. و ئەوروپییەکان وای بۆ دەچن کەئامانجی ئەمریکا داگیرکردنی ناوچەکەیە نەک رزگارکردنی و ئامانجی کۆتایشیان دەستگرتنە بەسەر نەوتی ناوچەکەدا.بەهەمان شێوە ئەوروپییەکان گومانیان لەم پرۆژە ئەمریکیە هەیە و وای بۆ دەچن کە ئەمریکا دەیەوێت ئەم باخچەیەی دواوەی ئەوروپا بگۆرێت بەباخچەیەکی سەربازی سیاسی ئەمریکی پێشکەوتووکەلەهەموو لایەکەوە گەمارۆی ئەوروپا بدات , ئەمەش لەچوارچێوەی(( یاریە شەترەنجە گەورەکەدا))یە.کە لەلایەن راوێژکاری ئەمنی نەتەوەیی ئەمریکاوە باسی لێوەکراوە(( زبیغنیۆ بریجینیسکی)) کە ئاشکرای دەکات ئەمریکا دەیەوێت کە کۆنترۆڵی تەواوی کیشوەری(( ئۆرئاسیا)) بەتەواوەتی بکات بەدەست بەسەراگرتنی رۆژهەلاتی ناوەراست .

## متمانەیەکی وون

سەرەرای ئەو ئامانج و دروشمە راگەیەنراو و بریقەدارانەی ئەمریکا لەبلاوکردنەوەی دیموکراسی و ئازادیەکان و گەشەپێدانی ئابوری و کۆمەلایەتی ناوچەکە, بەلام هەست و سۆزی گەلانی ناوچەکە دژ بەسیاسەت و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکایە و متمانەیان بەبەڵین و پرۆژەو ئیدارەکانی ئەمریکا نەماوە .کە ئەمەش سەرەکیترین هۆکاری شکستی ئەم پرۆژەیەیە.





عەرەب و موسڵمانەکان, چۆن بروا بەم پرۆژەیە دەکەن کە ئەمریکا وای رادەگەیەنێت کە بەنیازی پێشخستن و گەشەپێدانی ئابوری و بەرزکردنەوەی ئاستی گوزەران و ژیان و زانستی و کۆمەلایەتی گەلانی ناوچەکەیە. بەلام ئەمریکا لەسەر زەمینەی واقیع کاربۆ رووخان و نەهێشتنی هەموو هۆکار و پایەکانی هەستانەوە و پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانی ناوچەکە دەکات.هەروا کار بۆ زیندووکردنەوەو دروستکردنی توندوتیژی دەکات لەناوچەکەدا.هەر سیاسەتەکانی ئەمریکا نەبوو کە هانی عەرەبە توندرەوەکانی دەدا کە دژی سۆڤیەتی جاران شەر بکەن لە ئەفغانستاندا و هەر ئەم کارەی ئەمریکا نەبوو کە بوە هۆی دروستبوونی(( رێکخراوی ئەلقاعیدەی جیهانی )) و دەرکەوتنی دیاردەی (( عەرەب ئەفغانەکان )), بەلام لەئێستادا ئەمریکا خۆی کار لەدژی ئەو گروپانە دەکات.و ئیدی چۆن عەرەبەکان پشتیوانی لەپرۆژەیەک بکەن کە ئەمریکا دایدەرێژێ و هەمیشە لایەنگری ئیسرائیلە و هەرئەویش رێگرە لەبەردەم ئاشتی و ئارامی و جێگیری ناوچەکەدا.

## سەرکەوتنی پرۆژەکە
## لە چیدایە ؟

بەلای عەرەبەکانەوە کە زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی پرۆژەکە پێک دێنن, سەرکەوتنی پرۆژەکە مەحاڵە, ئەگەر ئەمریکا سووربێت لەسەر سیاسەتی بەکارهێنانی هێز و چاوسوورکردنەوە و هەرەشەکردن و سەپاندنی هەیمەنە و دەسەلاتی بەزۆر.بەڵکو دەبێت ئەمریکا هەوڵی بەدەستهێنانەوەی متمانەی گەلانی ناوچەکە



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بدات بەسیاسەت و بەڵێن و پرۆژەكانی دەبێت ئەمریكا دەست لە داگیركردنی عێراق و ئیسرائیلیش لەفەلەستین هەلبگرێت.و چیدی تاوانی تیرۆریستی بەسەر عەرەب و موسڵمانانندا نەسەپێنێت و ئەو جەنگە شاراوەیە ڕابگرێت كە دژی ئیسلام بەرپای كردوە. هەروا سیاسەتی پێوانە بە دوو پێوانەیی واز لێبهێنێت لەهەلوێست و گوتاری سیاسی خۆیدا و لەنەتەوە یەكگرتوەكان دژ بەعەرەب و موسڵمانان .جێبەجێكردنی ئەم خالانە بەلای عەرەوبەكانەوە زامنی سەركەوتنی پرۆژەكەیە و هێنانە كایەی ناوچەی ڕۆژهەلاتێكی ناوەڕاستی نوێیە. كە ئارامی و جێگیری و دیموكراسیو گەشەكردن لەسیما دیارەكانی بێت .

## ئامانجە

## نهێنی و ڕاستەقینەكانی ئەمریكا

وەک لەپێشتردا باسمان كرد كە سەرانی ئەمریكا لەكۆنەوە تا ئێستا هەمیشە بەپلان و بەرنامەی ستراتیژیەوە لەهەوڵی دەستبەسەراگرتنی ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەو هەموو دونیاشدا بون و خۆیان بەگەلێكی شایستەو بەدەسەلات داناوە كە ئازادی تەنها بۆ ئەوانە چونكە دەتوانن كەپارێزگاری لەخۆیان و گەلانی تریش بكەن, بیریارانی كۆنی ئەمریكا وای دەبینن (( كە گەلانێک نەتوانن پارێزگاری لە خۆیان بكەن مافی ژیانیان نیە )) .هەربۆیە (( ئەمریكا و ئالای ئەمریكا پێویستە ببێتە نمایندەی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی ))17.لەكۆتایی سەدەی





نۆزدەدا و ڕێک لەساڵی 1898دا لەیەكێک لەگفتوگۆكانی كۆنگرێسی ئەمریكادا, سیناتۆر(( ئەلبێرت بیفردج)) لەولایەتی فێرجینیا ڕایدەگەیەنێت كە :- (( ئازادی تەنها بۆ ئەو گەلانەیەكە دەتوانن پارێزگاری لەخۆیان بكەن, بەلام ئەو گەلانەی كە ناتوانن ئەوا ئەركی پیرۆزمانە لەبەرامبەرخوادا كە ڕابەرایەتیان بكەین بۆ پێشكەوتنی ئەمریكی لە ژیاندا, چونكە ئەمریكا نمونەی ڕاستی و شەرەفە؟. ئێمە ناتوانین ڕابكەین لەلێپرسراوێتیەک كە خوای گەورە لەسەری داناوین بۆ ڕزگاركردنی ئازادی و شارستانیەت لەبەرئەوەی ئالای ئەمریكا پێویستە ببێتە سومبولی هەموو ڕەگەزی مرۆڤایەتی ))18.

بەم شێوەیە دەبینین كە ئەمریكا دوور لە ئامانج و دروشمە بریقەدارەكانی هەمیشە و هەر لەكۆنەوە تاكو ئێستا لەهەوڵی دەست بەسەراگرتنی هەموو دنیادا بوە و ویستویەتی بەهەر شێوازێک و لەڕێگەی هەر بەلێن و پرۆژەیەكەوە بێت ئەو ئامانجەی بێنێتە دی , ئەمەش لەو ڕاگەیاندنەی (( كۆلن پاوڵی )) وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریكادا دەردەكەوێت كە لە كۆنفرانسێكی ڕۆژنامەوانیدا لە مانگی كانونی دووەمی ساڵی 2003دا واتە پێش لەداگیركردنی عێراق بەكەمتر لە 2 مانگ ڕایگەیاند و گووتی (( ئامانج لەشەڕی دژ بە عێراق, دۆزینەوەی نەخشەیەكی نوێیە بۆ ناوچەكە و پارێزگاری كردنیشە لە ئیسرائیل))19 . لەكاتێكدا زۆرێک لەلێپرسراوە پەیوەندیدارەكان ڕایدەگەیەنن كە ئامانجی سەرەكی لەداگیركردنی عێراق بریتیە لە



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**(( دەست بەسەراگرتنی نەوتی ناوچەکە, و گرنگترین ووڵاتیش عێراقە, هەوەها ئامانج پارێزگاری کردنی ئەمن و سەلامەتی ئیسرائیلە و دەستگرتن بەسەر ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستیشە ))20.**

**ئاشکراشە ئەمریکا 3 بەرژەوەندی سەرەکی لەم ناوچەیدا هەیە:**

1. **ئیسرائیل و ئاوێتەکردنێکی ستراتیژی تەواوە لەگەڵ ووڵاتانی ناوچەکەدا.**
2. **سامانی نەوتی .**
3. **پاراستنی ڕژێمەکانی سەر بەئەمریکایە لەناوچەکەدا.**

**ئەوەتا لە ڕاپۆرتێکی پەیمانگای (( سیبری)) سویدی بۆلێکۆڵینەو و بازرگانی چەک دەڵێت (( ووڵاتە عەرەبیەکان بەزۆری چەکی ئەمریکیان کڕیوە لەنێوان سالانی 1990-2000دا بەبڕی 506ملیار دۆلار, لەکاتێکدا هەموو ئەو چەکانەی کە کڕدراوە لەلایەن میسر و سوریا و عێراق لەنێوان سەرەتاکانی پەنجاکان تاساڵی 1973 کە شەڕی دژی ئیسرائیلیشیان پێکردوە بڕی پارەکەی تەنها 2800 ملیۆن دۆلار بوە)) .21**

**هەر لەهەمان کاتدا و لەمانگی 2004/4دا ڕۆژنامەکانی ئەمریکا نەخشەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەیان بلاوکردەوە.کە تیایدا نەخشەیەکی نوێ بۆ ناوچەکە دارێژرابوو کە ووڵاتی گەورەو یەکگرتوی دابەشکردبوە سەر چەند ووڵاتی بچوکتر و دروستکردنی ووڵاتی نوێ, دابڕانی بەشێک لە ولاتێک و لکاندنی بەووڵاتێکی**





**ترەوە. بەهەمان شێوەی ڕێکەوتنامەی سایکس_بیکۆی سەردەمی جەنگی جیهانی یەکەمەوە.**

**هەوەها ئامانج لەم پڕۆژەیە بریتیە لە چەسپاندنی ڕۆشنبیریەکی نوێ بۆ گەلانی ناوچەکە لە ڕێگەی گۆڕینی داب و نەریت و بنەما نەگۆڕە نیشتیمانی و ڕەوشتیەکانیانەوە, تادەگاتە دینی ئیسلام و قورئانیش.**

❖ **ووردەکاری نەخشە سەربازیەکەشی بریتیەلەئامادەبوونی سەربازی ستراتیژی ئەمریکا لەناوچەکەدا بەم مەبەستانەی لای خوارەوە:-**

1. **دابینکردنی کۆنترۆڵێکی سەربازی تەواو بەسەر هەموو ناوچەکەدا, بەشێوەیەک کە لەتوانایدا هەبێت هەموو شەڕێک یان کێشە و ئاڵۆزیەک کۆنترۆڵ بکات,بەبێ پێویست بوون بەهێنانی هێزی سەربازی لەناوچە دورەکانی ترەوە.**
2. **بۆئەوەی ئەمریکا هێزی سەربازی هەبێت لەبەرامبەر دوو هێزی گەورەی ڕوسیا و چیندا,و دابینکردنی کۆنترۆڵی ئەمریکا بەسەر دەروازە و تەنگە و ڕێگا و بانە وشکاوی و ئاویەکاندا و کۆنترۆڵی ئاسمانی و فەزایش بکات .**
3. **سەپاندنی هەیمەنەی تەواو بەسەر سەرچاوەکانی وزەدا و هەلسوڕاندنی کەبریتین لە نەوت و غاز لەناوچەی کەنداوی عەرەبی و دەریای قەزوێندا. بۆ ڕێگە گرتن لە ڕوسیا کەببێتە تاکە دەوڵەتێک لەبەرهەمهێنانی نەوتدا. هەروا ڕێگە گرتن لەگەشەکردنی چین لەڕووی ئابوریەوە.لەبەرئەوەی نەوت بۆ چین**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**وەک دراوی قورس و نایاب وایە و چین پێویستی زۆرتری بەنەوت دەبێت لە داهاتوودا.**

4. **بەکار هێنانی نەوت وەک چەک لەڕووی ئەوروپای یەکگرتوودا, لانی کەم(( دژی ئەو وولاتانەی کە دژ بە سیاسەتەکانی ئەمریکان و سەرکێشی دەکەن)).**
5. **کۆنترۆڵکردنی تەواوی سەرمایەداری ئەمریکی و کۆمپانیا ئابوریە زەبەلاحە نێودەوڵەتیەکان, بەشێوەیەک کە ئەمریکا دەسبگرێت بەسەر ئابوری دونیادا. وە ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانە ببنە تاکە خاوەن و دەسەلاتدار لە دونیادا بەشێوەیەک کە سەرمایەدارەکانی تر ببنە پاشکۆی سەرمایەداری ئەمریکا.**
6. **ڕێگەگرتن لەدروست بوونی هەر مونافسێک بۆ ئەمریکا لەسەر ئاستی دەوڵەتە زلهێزەکان , یان دروستبوونی هاوپەیمانێتی نوێ لە داهاتوودا کە هەڕەشە لەهەیمەنەی ئەمریکا بکات لەدونیادا.**

**بەم شێوەیە ئەمریکا ئامانج و مەرامی شاراوە و داهاتویی هەیە لەناوچەکەدا و لەم سەردەمەشدا کە ئەمریکا هەردوو هۆکاری بەهێزی سەربازی و ئابوری لە دەستدایە کە دوو پایەی گرنگن بۆ ئەنجامدانی هەر پڕۆژەیەکی دونیایی,لەکاتێکدایە کە دەوڵەتە زلهێزەکان و دژەکانی بەرەو لێک هەلوەشان و بچوک بونەوە و پاشکۆیەتی ئەمریکا دەچن. یەکێتی سۆڤیەتی لەبەریەک هەلوەشاوە, بەریتانیا لەساڵی 1956 وە کلیلی ناوچەکەی داوەتە دەست ئەمریکا و بۆتە پاشکۆی , فەڕەنسای دیگۆلی دوور لە**





**ئەمریکا بۆتە سازشکاری ئەمریکا,تەنانەت چینیش کە گومان وابوو ببێتە جێگرەوەی ئەمریکا و ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە ئەویش بڕیاری هاوکاری کردنی داوە بە ئەمریکا.**

**بەم شێوەیە ئەمریکا لە ئێستادا تاکە جەمسەر و تاکە بڕیار بەدەست و تاکە زلهێزی دونیایە کە چی بوێت و لەبەرژەوەندی خۆیدا بێت ئەنجامی بدات. بەلام لەگەڵ هەموو ئەم هۆکارانە کە لە بەرژەوەندی ئەمریکادان. نەیتوانیوە سەرکەوتنی یەکجارەکی لە ئەفغانستان و عێراقدا بەدەست بهێنێت, نەیتوانیوە کێشەی لوبنان و سوریا و ئێران و فەلەستینیەکان چارەسەر بکات.**

**شەڕی حیزبولا و ئیسرائیلی مانگی 2006/7 جارێکی تر سەلماندیەوە کە ئەمریکا هێشتا کۆنترۆڵی تەواوی ناوچەکەی بۆ نەکراوە .هەربۆیە پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە ئامانجەکانی وەدینەهاتون و بەناچاریش ئەمریکا و لەسەر زاری وەزیری دەرەوەی (( کۆندۆلیزاڕایس)) پڕۆژەیەکی نوێی تری ڕاگەیاند بەناوی (( هاوپەیمانی وولاتە میانڕەوەکان )) یان (( هاوپەیمانی میانڕەوەکان یان ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی میانڕەو)) کە (( هەر 6 وولاتەکەی کەنداو و میسر و ئوردونی )) بۆ ئەم پڕۆژە نوێیە هەلبژارد.**

**کە ئەم پڕۆژەیەش بەهەمان شێوەی ئەوانی پێشووتری بەبێ هیچ ئەنجام و دەسکەوتێک لاواز و بێگیان دەرکەوت.**

**لەکۆتاییدا پرسیار ئەوەیە سەرەڕای شکستهێنان و بە ئامانج نەگەیشتنی تەواوی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە, ئایا ئەم**



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**پرۆژەیە بەتەواوی وازی لێهێنراوە یان دەکرێت لەداهاتوودا ببوژێنرێتەوە و ئامانجەکانی وەدیبهێنێت ؟22**

## ئاستەنگەکانی بەردەم جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە

**بەدڵنیاییەوە ئەم بیردۆزەیە (( فەوزای دروستکەر )) کە ماک و بنەمای دارشتنی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەیە. کە ئەمریکا دەیەوێت لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا جێبەجێی بکات. کاریگەری گەورەی دەبێت لەسەر رژێمەکان,کۆمەڵگاکان, گووتارەکان,تێروانینەکان لەئێستاو ئایندەدا.چونکە دەقی پرۆژەکە گەرچی دژی رژێمەکان و دەسەلاتەکانە و ئامانجی رووخاندن و گۆرینیانە بەجێبەجێکردنی پرۆژەکە. ئەوا لەهەمان کاتدا یەکانگیرە لەگەڵ داواو داخوازی و نارەزایی و بێزاری جەماوەر و کۆمەڵگاکانی ئەو وولاتانە. چونکە ئەم دەسەلاتە خۆسەپێن و تاک رە و و توتالیتاری و زاڵمانە هەموویان مۆدێلی کلاسیکی حوکمرانن و بەعەقلیەتێکی دواکەوتوو کۆنەپارێز و بنەماڵەیی و ناوچەگەری و دینی و مەزهەبی و شۆڤێنیەوە حوکم دەکەن.کە فەلسەفەی حوکم و دەسەلاتەکانیان و هێز و بەردەوامیان تەنها و تەنها لەسایەی دواکەوتوویی و هەژاری و نەخوێندەواری و داخراوی کۆمەڵگاکانیانەوە درێژە پێدەدەن , ئەگینا ئەو رژێم و دەسەلاتانە بەو شێوەیە خۆراگر و پتە و و چەسپیو و رەگ داکوتراو نین و لەلایەن کەمینەیەکی زۆر کەمی کۆمەڵگاکانیانەوە**





**پشتگیری دەکرێن.هەر بۆیە ئەم پرۆژەیە وەک تەوقی دەربازبوون و فریاد رەسێک وایە بۆ ئەو کۆمەڵگایانە. پرۆژەکە خۆی لە 3 بنەمای سەرەکی دەبینێتەوە کە ئەوانیش:-**

1. **بەدیموکراسی کردنی ناوچەکەیە**
2. **ئازادکردنی ئابوری و گەشەپێدانێتی**
3. **بەزانستیکردنی ناوچەکەیە**

**کە ئەم 3 بنەمایە و ووردەکاریەکانی و جێبەجێکردنی بەهەموو بەندو خاڵەکانیەوە دەبێتە هۆی گۆرانێکی گەورە لەهەموو بوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستی و ...هتد. بەمەش ناوچەکە بازێکی گەورە دەدا و قۆناغێکی کۆن و بەسەرچوو و داخراو تێپەردەبێت بەرەو قۆناغ و ئایندەیەکی کراوە و پێشکەوتوو ئازاد و خۆشگوزەران و پر لە داهێنان و پاراستنی مافەکان لەسایەی سیستەمێکی سیاسی و دیموکراسی و پەرلەمانی و فرەیی و ئازادیداکە سەرجەم ئازادیەکانی سیاسی و میدیاو راوبۆچوون و ئازادیە گشتیەکان و تاکەکەسیەکانی تیادا پارێزراوبێت لەسایەی ئەم سیستەمەدا یاساسەروەر و مافی مرۆڤ و ژنان پارێزراوتر دەبێت. بەمەش ئەم ناوچەیە کە پێشتر سەرچاوەی ناردنە دەرەوەی توندرەوی و تیرۆر بوو دەبێتە ناوچەیەکی ئارامی گەشەکردوو و دوور لە ململانێی دینی و مەزهەبی و نەتەوەیی و ...هتد. بەم کارەش ناوچەکە و دونیاش ئەگەر بۆ ماوەیەکیش بێت دوور دەکەوێتەوە لەهەرەشەی مەرگ و تیرۆرو و ململانێی خوێناوی.**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئـەم پـرۆژەیـە ناتوانرێت لـەکـات و سـاتێکی کـەم و دیـاریکراودا جێبەجێبکرێت بەبێ گرفت و رێگر ی و ئاستەنگ.چونکە سنوری جوگرافیای پرۆژەکە گەلێک فراوانەکە (( هەموو وولاتانی عەرەبی لە مۆریتانیاوە تا کەنداوی عەرەبی و ئیسرائیل و تورکیاو ئێران و پاکستان و ئەفغانستان )) دەگرێتەوە.

کەبۆخۆی سنورێکی فراوانە و ژمارەیەکی زۆر دانیشتوانی تیادایە و بارودۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستی لەوولاتێکەوە بۆ وولاتێکی تر جیاوازە و توانا مادی و مرۆییەکانی رژێمەکانیش وەک یەک نین و ئامادەباشی بۆ گۆڕانیش لەناوخۆی ئەو وولاتانەدا لەیەک ئاست و بەهەمان جۆش و خرۆش و گەرم و گوری نین. هەروەها هۆشیاری سیاسی وکۆمەڵگاکانیش وەک یەک نین و هەموانیشیان دۆست و نزیکی ئەمریکا نین و کە یفخۆش نین بەمامەڵە و هەیمەنەی ئەمریکا.هەربۆیە ئەمریکا و پرۆژەکەی تووشی چەندین رێگری و ئاستەنگ دەبنەوە لەسەر زەمینەی واقیع. لەوئاستەنگانەش کە دێنە سەر رێگەی جێبەجێکردنی ئەم پرۆژەیە 4 ئاستەنگن, وەک (( نیکۆلاس پێرنز)) یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لەسەنتەری کەنداو بۆ توێژینەوەکان لەدوبەی23.

ناوبراو رایگەیاند کە دید و بۆچوونی ئیدارەی ئەمریکا بۆ رووبەرووبونەوەی ئەو ئاستەنگانەی کە ئەمریکا لەناوچەکەدا دێتە رێی لەدوو بۆچوونی سەرەکیەوە سەرچاوە دەگرێت:-

یەکەمیان : بریتیە لە ئاسایشی ناوچەی کەنداو





دووەمیان: پاراستنی هێشتنەوەی ئاسایشی ئیسرائیلە

بەهەمان شێوە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا هەوڵدەدات کە پەیوەندیەکی باش و پتەوی هەبێت لەگەڵ وولاتانی کەنداوی عەرەبی بەهاوبەشی لەگەڵ وولاتانی ئیقلیمی لەناوچەکەدا کە هەولَ دەدەن بۆبەدەستهێنانی ئاشتی و ئاسایش لەناوچەکەدا وەک وولاتانی میسر و ئوردون.هەورها دەڵێت 4 ئاستەنگ لەخۆرهەلاتی ناوەراستدا هەیە و پێویستە لەسەر ئیدارەی ئەمریکی کە تەرکیزی بکاتە سەر ئەوانیش:-

1. لە عێراقدا

پێویستە لەسەر ئەمریکا کە یارمەتی حکومەتی عێراقی بدات بۆ تێپەڕاندنی ئەو شەرە ترسناکە و ئەو ناکۆکیە تایەفیانەی کە هەیە.هەروەها پێویستە یارمەتی عێراقیەکان بدات بۆ گەڕانەوەی رەگەزە سەرەکیەکانی ئاسایش ئەمەش پێویستی بەیارمەتی و هاوکاری وولاتە عەرەبییەکان و وولاتانی دراوسێی عێراق هەیە بەتایبەتی ئێران و سوریا, کارێکی باش نیە کە ئەمریکا دەست لەم ئیشەی هەلبگرێت لە عێراقدا چونکە دەرئەنجامەکانی باش نابن.

2. لەلوبناندا

ئیدارەی ئەمریکا وای دەبینێت کە یارمەتی حکومەتی فوئاد سەنیورە بدات دژی ئەوانەی کەلەسەر شەقام ماندەگرن و نارەزایی دەردەبرن بۆ رووخاندنی سیستەمی دیموکراسی لەو وولاتەدا.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەروەها پێویستە هەولَ بدرێت کە گەلی لوبنانی بەدووربگیرێت لەشەڕێکی نویَ وەکو ئەو شەڕەی کە لەهاوینی ساڵی 2006دابەدەستیەوە دەینالاند.هەوەرها نابراو دەڵێت :- پێم وانیە حکومەتی فوئاد سەنیۆرە شکست بهێنێت.

### 3. لە ئیسرائیلدا

سەبارەت بە ئاسایشی ئیسرائیل و پێک هێنانی دەوڵەتێکی فەلەستینی کارێکی دژوارە و ئیدارەی ئەمریکی پابەندە بە ئاسایشی ئیسرائیلەوە و لەسەر عەرەب پێویستە کە یارمەتی بدەن بۆ بەدیهێنانی ئاشتی لەناوچەکەدا, هەروەک چۆن کۆندۆلیزارایس وەزیری دەرەوەی ئەمریکا جەختی لەسەر ئەو ڕاستیانە کردەوە(( ئێمە دەمانەوێت حکومەتێکی دیموکراسی فەلەستینی ببینین,لەگەڵ هەریەکە لە فەلەستینی و ئیسرائیلیەکان کۆبومەتەوە و ئیسرائیلیەکان پێیان ڕگەیاندووم کە ئەوان ئاشتیان دەوێت, بەلام پێویستیان بە پشتگیری ئیقلیمی و نێودەوڵەتی هەیە بۆ ڕەواندنەوەی مەترسیە ئەمنیەکان, هەروەها لەسەر سوریا و ئێران پێویستە کەواز بهێنن لە یارمەتیدانی کۆمەڵە ڕادیکاڵە توندڕەوەکان و هاندانی گفتوگۆکان بۆ گەیشتن بەچارەسەرێک بۆ ئەو کێشە ئاڵۆز و ئەگەر ئەو میانڕەویەش سەرینەگرت ئەوا سەرئەنجامەکەی وەکو بارودۆخی عێراقی لێدێت ))23.

### 4. لە ئێراندا

ئێران ئیمکانیەتێکی مرۆیی و ئابوری و نەوتیی گەورەی هەیە, بەلام دەسەلاتی فەرمانڕەوا لەتاران وایکردوە کە ببێتە(( بانکێکی





مەرکەزی بۆ تیرۆر)) لەخۆر هەلاتی ناوەڕاستدا, هەروەها ناردنەدەرەوەی سیاسەتی توندو تیژی لەبەرژەوەندی ناوچەی کەنداودا نیە, پێویستە لەسەر ئێران لەوە تێبگات کە پیادەکردنی ئەو سیاسەتانەی دەبێتە هۆی کەنارگرتنی کەلەساڵی 1979وە هیچ گفتوگۆیەکی لەگەڵدا نەکراوە.بەلام ئێمە لەگەڵ هەریەک لە چین و ڕووسیاو وولاتانی یەکێتی ئەوروپا ئیش لەسەر قەناعەت پێهێنانی ئێران دەکەین بۆ ڕاوەستاندنی چالاکیە ئەتۆمیەکانی. هەروەها ناوبراو ئەوەشی ڕاگەیاندلەبەرژەوەندی ئەمریکادا نیە کە ڕووبەڕووی سەربازی ببێتەوە لەگەڵ ئێراندا.بەلام لەسەر ئێران پێویستە لەوە تێبگات کە هەریەک لەئەمریکاو وولاتانی کەنداوو وولاتانی ئەوروپا بەرژەوەندی خۆیان هەیە, لەبەر ئەمەیە کە ئەمریکا کەشتی فڕۆکە هەلگری ناردۆتە ناوچەکە .

- بەم شێوەیە دەبینین کە ڕێگای جێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە بەگولَ دانەپۆشراوە .بەڵکو سەرەڕای ئەم 4 ئاستەنگە کەزۆر ئاڵۆز و گرنگ و هەستیارن, دەیان ڕێگر و ئاستەنگی تریش دێنە پێشەوە کە چاوەڕوان ناکرێن, بۆیە لەکاتی سەرنەکەوتنی پڕۆژەکەدا ئەوا مانایەکی تەواو بۆ بیردۆزەی (( فەوزای دروستکەر)) نامێنێتەوە و ئەگەری کاولکاریەکی هەتاهەتایی هەیە کە زیندووبونەوەو و بیناکردنەوەی سەردەم و زەمان و توانایەکی گەورەتر و درێژخایەنتری پێویست دەبێت کە گرەنتیش نیە لەپێشووتری باشتر دەبێت, ئەمەش زەمەن و ڕۆژگار زەمانەتی وەدیهاتنیانە.24



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

## گرنگی

## ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا

ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆتە مایەی سەرئێشەیەکی درێژخایەن نەک تەنها بۆ دانیشتوانەکەی , بەڵکو بۆ تەواوی دونیاش.بەتایبەتیش چالاکیە گرنگەکانی.

لەڕووی مێژوویەوە, ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بەتایبەتیش بەشی باشوری کە لەناوچەی ڕۆژهەلاتی عەرەبی پێک دێت,هەمیشە لەخەون و خەیاڵی زلهێزەکاندا بوە, کە ویستویانە دەست بەسەر دونیادا بگرن.هەر لەئەسکەندەری گەورەوە هەتا جۆرج بۆشی کوڕ, تەنانەت لەپێش ئەو ڕۆژگارانەشەوە ڕۆژانی هەلمەتەکانی هەکسۆس و حیسیەکانیش , ئەسکەندەری گەورە کە ئیمپراتۆریەتەکەی هێندە بەهێز و فراوان ببوو بەشێوەیەک لەباشورەوە گەیشتە ەند و بەرەو





ڕۆژئاوا گەیشتە قەرنی ئەفریقی و باکوری ئەفریقیا.بەلام لە ڕووی ستراتیژەوە گەیشتە ئەو بڕوایەی کە فراوانبونەکەی تەواو نابێت تەنها بە داگیرکردنی نیمچە دوورگەی عەرەب نەبێت.بەلام مەرگ ڕێگەی نەدا ئەو خەونە داگیرکەرانەیەی بێنێتە دی, لەو ڕۆژگارەوە ناوجەرگەی نیمچە دورگەی عەرەبی هەمیشە نەتوانراوە داگیربکرێت لەلایەن داگیرکەرانەوە, بەلام کەنارەکانی نیمچەدورگەی عەرەب بەتایبەتیش کەنارەکانی باکوری گۆڕەپانی فراوان بوونی ئیمپراتۆریەتەکانی فارس و ڕۆمەکان و مەغۆل و خاچ پەرستەکان و دواتریش هێزە داگیرکارە کلاسیکیەکانی پورتوگال و هۆڵەندیەکان تەنانەت ئینگلیز و فەڕەنسیەکانیش بووە.هەتا ئەو سەردەمەی کە شەپۆلی فراوانبوونی ئیمپریالیەتی ئەمریکایی نوێ دستیپێکرد کەلەسەرەتای ساڵەکانی پەنجاکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستیپێکرد, وتائێستاش لە قۆناغی پێشکەوتنی هێواشدایە.ئەگەرچیش جیَ پێی خۆی کردۆتەوە بەلام جێگیر نیە, بەلام بەسە بۆ دروستبوونی بارودۆخێکی ناجێگیر, کە بیریارانی نوێی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا ناوی دەبەن بە (( فەوزای دروستکەر )).پێدەچێت ئەم هێرش و کشانەی ئەمریکا ترسناکترین شەپۆلی داگیرکردنی سەرمایەداری بێت بۆ ناوچەکە لەساڵی 2003وە. کێشەی ناوچەکە کەدرێژ دەبێتەوە لەسنوری باشوری تورکیاوە لەباکورەوە و تادەریای عەرەب لەباشوور و وولاتی دۆڵی ڕافیدەین لە ڕۆژهەلات و تا میسر لە ڕۆژئاوا لەکۆنەوە پێی وتراوە ڕۆژهەلاتی خواروو.لەڕووی جوگرافیشەوە لەبنچینەدا و لە ئەدەبیاتی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان و ئەدەبیاتی جیۆپۆلەتیکس بەم ناوچەیە دەوترێت (( گەرووی دونیا )) , هەرکەس و وولاتێک دەستی بەسەردا بگرێت دەتوانێت کە دونیا بخنکێنێت .

لە ئێستادا, سەرەڕای ئەم سیفاتە جیۆسیاسیە, سیفەتێکی تریشی پەیداکردووە,کە ئەمەیش لەڕووی ستراتیژیەوە هەمان سیفەتی(( خنکاندنی )) هەیە, بەلام لەسەر ئاستی ئابوری. لێرەدا جێگەی باسە کە ئەو گووتەیەی وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا هێنری کیسەنجەر بهێنینەوە کە لەکاتی گەمارۆی نەوت لەلایەن وولاتە عەرەبیەکانەوە خرایە سەر ڕۆژئاوا لەکاتی جەنگی ئۆکتۆبەری ساڵی 1973ی نێوان ئیسرائیل و عەرەبەکاندا کە دەڵێت(( ئەمریکا ڕێگا بە هیچ کەسێک نادات کە بیخنکێنن )) [25] لەم ناوچەیەدا نزیکەی 70%ی یەدەگی نەوتی دونیا هەیە.بەهەمان ڕێژەش پیشەسازی بەرهەمی نەوتی دونیای تیادایەلەگەڵ سیفەتی کێبڕکێی نەوتی کە نمونەی کەمە لەهەموو دونیادا, بەکورتی هەرکەس و وولاتێک ئەم ناوچەیە کۆنترۆڵ بکات مانەی ئەوەیە دونیای هەمووی کۆنترۆڵ کردووە. و دەتوانێت دووجار دونیا بخنکێنێت, جارێکیان لەڕووی ستراتیژیەوە کە کۆنترۆڵی پێگە جیۆسیاسیەکەی دەکات. و جاری دووەمیش لەڕووی ئابوریەوە بەکۆنترۆڵکردنی داهاتە نەوتە زۆر و زەوەندەکەیەوە. کە لەهەردوو بارەکەدا, ئەم ناوچەیە زیندوو گرنگە بۆ ئارامی دونیا و هەیمەنە کردنی بەسەر دونیادا کە هەر لایەک بیەوێت.





یەکەم هەوڵی پاوانکردنی ئەم ناوچەیە لە سەرەتای سیەکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستیپێکرد کاتێک ئەمریکیەکان سەرکەوتن لەدۆزینەوەی توانا دەوڵەمەندەکەی و ئایندە ڕۆشنەکەی بەرهەمی نەوت لەناوچەی کەنداوی عەرەبیدا.و دەستیان کرد بەدەرپەڕاندنی هێزە داگیرکارە کلاسیکیەکان و بەتایبەتیش ئینگلیزەکان . بەلام هەوڵە گەرم وگوڕەکانی ئەمریکا بۆ دەستبەسەراگرتنی ستراتیژی ئەم ناوچەیە, لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەستی پێکرد. لەچوارچێوەی (( سیاسەتی لەخۆگرتن ))و پڕکردنەوەی بۆشایی کە ئەمریکا گەشەی پێدا بۆ ڕێگرتن لەفراوانبوونی شیوعیەتی(( سۆڤیەتی )) جاران لەدونیادا.بەشێوەیەک کە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیش ئەو هێڵەی کەلەتورکیاوە بۆ پاکستانە بەتێپەڕبوون بەکێڵگە نەوتیە دەوڵەمەندەکانی کەنداوی عەرەبیدا تێپەڕدەبێت بوە جێگەی گرنگیەکی ستراتیژی زۆرە.

دەوڵەتانی عەرەبیش بەڕابەرایەتی سعودیە و میسر کەوتنە ستراتیژیەتی هاوپەیمانان و بەمەش پەیمانی بەغداو دواتریش پەیمانی مەرکەزی ڕووخان و یەکەم هەوڵی ئەمریکاش شکستی هێنا بەبوونی هێز لەسەر زەوی.

کاتێک دابەزینی هێزی ئەمریکا لەلوبناندا شکستی خوارد لەکۆتایی ساڵی 1958دا و ئەمریکا نەیاتوانی پارێزگاری لەمانەوەی هێزەکانی بکات لەسەر زەوی ناوچەکەهەتا دوای 45 ساڵ لەدوای ئەو هەوڵە سەرنەگرتوەی لەلوبناندا, کاتێک ئەمریکا و بەریتانیا عێراقیان داگیر کرد لەساڵی 2003دا .



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**لەئێستادا, ئەمریکا هەولَ دەدات بەهۆی بوونی هێزەکانی لە ئەفغانستان و عێراقدا کە دست بکات بە پرۆژەیەک بۆ دەستبەسەراگرتنی ناوچەکە. بۆئەوەی دواتر دەست بەسەر هەموو دونیادا بگرێت بەهۆکاری سیاسی, کاتێک نمونەی دیموکراسی ئەمریکا لەناوچەکەدا دەستییپێکرد لە ئەفغانستان و عێراقدا.و تووشی ئاستەنگی راستەقینە بوەوە. بیریارانی ستراتیژی سیاسەتی ئەمریکا بیریان بۆ پلانێکی نویٚ چوو بۆ سەپاندنی دەسەلاتی ئەمریکا لەناوچەکەدا,بەلام ئەمجارە بەبەکارهێنانی هێز و ئەو پلانەشیان ناوبرد بە(( فەوزای دروستکەر)) شێوازێکی مارکسی بۆ گۆران, بەلام بەچەند زیادکردنێک بەمۆدێلی ئەمریکایی بۆی. ئەم (( بیردۆزەی فەوزای دروستکەرە)) دانەرێژراوە بۆ گۆرینی رژێمە سیاسیەکانی ناوچەکە لەرێگەی شۆرش و هاتنەناوەوەی راستەوخۆوە, بەڵکو بۆ گۆرینی هەموو سیماکانی ناوچەکەیە. لەرێگەی بلاوکردنەوەی بارودۆخێکی فەوزا و ناجێگیری بۆ ئەوەی لەئەنجامدا سیمایەکی نویٚ بۆ ناوچەکە پەیدا ببێت.**

**بەم پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەیە کەلەلایەن ئەمریکاوە کاری بۆ دەکرێت تەنها جیاوازیەک لەگەڵ پەیمانەکانی(( بەغداد و مەرکەزی )) ساڵەکانی نیوەی یەکەمی سەدەی رابووردودا تەنها ئەوەیەکە ئەم پرۆژەیە لەلایەک ئیسرائیلی بۆ زیادکراوە و لەلایەکی تریشەوە وولاتانی رۆژئاوای عەرەبیشی بۆ زیادکراوە. بۆچوونی ئەمریکا وایە (( ئەگەر هێز بەکارهێنان سەرنەکەوت**





**لەوێنەکێشانی نەخشەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەو فراواندا, ئەوا تەنها چارەسەر بەکارهێنانی هێزی زیاترە))**26.

**هەتا مرۆڤ و زەوی لەگەڵ یەکتردا تەخت دەکرێن.ئەوکاتەش ئەمریکا نەخشەیەکی نوێی ناوچەکە دەکێشێتەوە کە وولاتانی نویٚ و بچووک لەسەر بنەمای مەزهەبی و نەتەوەیی دروست ببن,بەمەش ئەمریکا ناوچەکە دەخاتە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە و دواتریش هەموو دونیا کۆنترۆڵ دەکات, بەهۆی کۆنترۆڵی قورگی دونیاوەکە رۆژهەلاتی ناوەراستە. بۆ درێژە پێدانی پاوانکردنی ئەمریکای نویٚ بۆ هەموو دونیا.بەلام ئایا داهاتوو هەر وا بە سانایی بۆ ئەمریکا دەمێنێتەوە و دەتوانێت درێژە بەهەیمەنەو دەسەلاتی بدات؟ ئەگەر بەمێژووی کۆن و نوێدا بروانین دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەم ناوچەیە بەئاسانی کۆنترۆڵ ناکرێت و هیچ کەس و لایەنێکیش نەیتوانیوە تاسەر و تاکۆتا پاوانی سەروەت و سامان و خێرو بێرەکەی بکات,و لەرێگەشیوە هەموو دونیا بخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە,بۆیە پێدەچێت بۆ ئەمریکاش ئەم کارە نەچێتە سەر.**27

❊ ❊ ❊

❊ ❊



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

*

## پەراوێزەكانی بەشی دووەم

===========================

===

1. مشروع الشرق الاوسط الكبير...لماذا؟/ايمن الجندى/2004/4/22/ مركز الشرق العربى/ للدراسات الحضاريه والاستراتيجيه/المملكه المتحده/لندن/ www.asharqalarabi.org.uk

2.هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)

3. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)

4. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)

5. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)

6. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)

7. هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)

8. هل لاتزال مشروع الشرق الاوسط كبيرا؟ / عونى القلمجى/شبكه اخبار العراق/ www.aliraqnews.com

9.هەمان سەرچاوەی ژمارە (8)

10.هەمان سەرچاوەی ژمارە (8)

11.مشروع الشرق الاوسط الكبير...شراكه ام هيمنه؟!!/ د.سيد محمد الداعور/2004/9/7/صحيفه الحقائق / تصدر عن شركه الحقائق/المملكه المتحده/ www.alhaqaeq.net

12.هەمان سەرچاوەی ژمارە (11)

13.هەمان سەرچاوەی ژمارە(11)

14.هەمان سەرچاوەی ژمارە (11)

15. هەمان سەرچاوەی ژمارە (11)

16.هەمان سەرچاوەی ژمارە (11)





17.هەمان سەرچاوەی ژمارە(8)

18.هەمان سەرچاوەی ژمارە(8)

19. هەمان سەرچاوەی ژمارە(8)

20.هەمان سەرچاوەی ژمارە(8)

21.هەمان سەرچاوەی ژمارە(1)

22.هەمان سەرچاوەی ژمارە(8)

23. ئەو ئاستەنگانەی كە دێنە سەر ڕێگای ئەمریكا لەناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا/ ڕۆژنامەی كوردوستانی نوێ/ژمارە 4178 لە 2007/1/26دا.

24.هەمان سەرچاوەی ژمارە(1)

25.الشرق الاوسط الكبير..الواسع...الجديد؟ / د.طلال صالح نيا/ www.okaz.com.sa /2006/8/13

26.هەمان سەرچاوەی ژمارە(25)

27.هەمان سەرچاوەی ژمارە(11)



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

# بەشی سێیەم

## کاریگەریەکانی ئەم پرۆژەیە لەسەر گەلان و ڕژێمەکانی ناوچەکە

❖ ئاشکرایە ئەم بیردۆزەیە بنەمایەکە بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەی (( ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە)) یان (( پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نویێ )) یان (( پرۆژەی ڕۆژهەلاتی میانرەو)) , کەهەرسێ پرۆژەکە لەلایەن ئەمریکاوە دارێژراون و ڕاگەیانراون وکاری جدیشیان بۆ دەکرێت بۆ جێبەجێکردنیان وەک ستراتیژێکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لەناوچەی ڕۆژهەلاتی

ناوەڕاستدا.(( بیردۆزەی فەوزای دروستکەر)) بۆتە کرۆک و ناوەڕۆکی ئەو پرۆژانەی سەرەوە وەک لە پێشتردا بەشێوەیەکی ووردو فراوان باسمان لێوەکردوە,دەرکەوت کە ئەم بیردۆزەیە کاریگەریەکی گەورەی دەبێت لەسەر گۆڕینی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و تەنانەت جوگرافیای ناوچەکەش هەر لەمۆریتانیاوە لەرۆژئاواوە تا ئەفغانستان لەرۆژهەلات بەتێپەڕبوون بە ئیسرائیل و تورکیا و ئێراندا.و ئەگەر چانسی سەرکەوتنی بەربکەوێت ئەوا دەتوانرێت پێشبینی ئەوەبکرێت کە لە ئایندەدا ناوچەیەکی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێ لەدایک دەبێت زۆر جیاواز لەو رۆژهەلاتی ناوەڕاستەی کە لەڕابووردوواو ئێستاشدا هەیە. کاریگەری ئەم بیردۆزەیەش لە ناوچەیەکەوە یان لە وولات و کۆمەڵگایەکەوە بۆ ناوچە و وولات و کۆمەڵگایەکی تر دەگۆڕێت . بەگوێرەی ڕێژەی قبوڵکردن یان ڕازیبون و ڕەتکردنەوەی ئەو وولات و کۆمەڵگایانە بۆ بیرۆکە و ئامانجەکانی بیردۆزەکە.

بەم شێوەیە دەکرێت کاریگەری ئەم بیردۆزەیە کورت بکرێتەوە:-

## 1. وولاتانی رۆژئاوای عەرەبی

کەبریتین لە وولاتانی (( مۆریتانیا و مەغریب و جەزائیر و تونس و لیبیا)) , ئەم وولاتانە بەگوێرەی پێگەیان لەرۆژئاوای وولاتانی عەرەبیدا و دوورییان لەچەقی گۆڕانکاریەکان و ململانێکانی لەدونیای عەرەبی و ئیسلامیدا, هێندە کاریگەریان نیە بەسەر ئاراستەی گۆڕانکاریەکانی ناوچەکەدا. هەروەها ئەم وولاتانە جگە





لە لیبیا کە داگیرکراو بوە لەلایەن ئیتالیاوە, ئەوانیتریان هەموویان لەلایەن فەرەنساوە داگیرکراوبوون ,ئەمەش جۆرە کاریگەریەکی تری هەیە وەک لەو وولاتانەی کە داگیرکراوی ئینگلیز بوون لەسەردەمی ئیستیعماری نوێدا و دوای جەنگەکانی یەکەم و دووەمی جیهانی.هەروەها ئەم وولاتانە هێندەی سەرقاڵی بارودۆخی ناوخۆی خۆیانن,نیو هێندە سەرقاڵی کێشە و گرفتە عەرەبیەکان نین,ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گەلانی ئەم وولاتانە بنەچەیان عەرەب نین بەڵکو ئەمازیغین کە دانیشتوانی ڕەسەنی ئەو ناوچانەن, گەلانی عەرەب لەدوای فتوحاتی ئیسلامیەوە لەسەردەمی دەوڵەتی ئەمەویەوە لەیەمەن و نیمچەدورگەی عەرەبیەوە ڕوویان کردۆتە ئەو ناوچەیە و تیایدا جێگیر بوون و بونەتە گەلی بالادەست و دەسەلاتیان گرتۆتە دەست لەناوچەکەدا.هەوهها ئەم وولاتانەش باکگراوەندێکی ئەفریقیشیان هەیە کە ئەمەش بۆخۆی کاریگەری تایبەتی هەیە لەسەر بیرکردنەوەو تێروانینی گەلان و دەسەلاتدارانیان بۆ کێشەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست.

ئەم وولاتانە سەرجەمیان سیستەمێکی سەربازی یان پاشایەتی یان تاکرەوی و خۆسەپێن دەیانباتە ڕێوە.بەلام هەریەکەشیان لەهەوڵی بێوچاندایە بۆ گەشەپێدانی دیموکراسیەت و دابینرکردنی ئازادیەکان وکرانەوەی بازاڕ و سوودوەرگرتن لە شۆڕشی تەکنەلۆژیای ژمارەیی لەدونیادا.و هەریەکەیان بەجیا لەگەڵ ئەوروپای یەکگرتوو و ئەمریکادا لەڕێکەوتنامەی بازرگانی ئازاد و کۆمەڵەی ئەوروپی_عەرەبیدا هاوبەشی دەکەن کە ئەم ڕێکەوتن و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**پێکەوە گرێدانانەی ئەو وولاتانە دەبنە هۆی گۆڕانکاری کەم تا زۆر لە گوتار و هەلوێستی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکانیاندا و لەئێستادا پرۆسەی ڕیفۆرم لەسەرهەموو ئاستەکان لە مەغریبدا بەردەوامە و هەنگاوی باشی ناوە لەو کاتەوەی مەلیک محەمەدی شەشەم کە گەنجێکی کراوە یە هاتۆتە سەر عەرشی ئەو وولاتە , لەمۆریتانیادا دواى کودەتا سەربازیەکەی کە لەساڵی 2006دا بەسەر حوکمی زیاتر لە 20 ساڵەی (( ولد تایعدا)) ئەنجام دراکە ڕژێمێکی سەربازی و تاکرەو داخراو بوو , هەنگاوی باش نراوە بەرەو دیموکراسیەت و لەوپێناوەشدا بۆ یەکەم جار هەلبژاردنی سەرۆکایەتی و پەرلەمانی و شارەوانیەکان بە ئازادی ئەنجام دران کە ئەمە هەنگاوی یەکەم و گرنگە بەئاراستەی کرانەو و شەفافیەت و دیموکراسیەت و دابینکردنی ئازایەکان.**

**لەجەزائیردا سەرەڕای کێشەی ئەمازیغیەکان و توندڕەوە سەلەفیە ئیسلامیەکان, گەلێک هەنگاوی باش نراوە بەرەو ڕیفۆرمی سیاسی و ئابوری و زانستی و کۆمەلایەتی, سەرەڕای بالادەستی دەزگا سەربازیەکان, پەیمانی ئاشتبونەوەی نیشتیمانی و لێبوردنی گشتی دراوە و دان بەبونی ئەمازیغیەکاندا نراوە و تارادەیەک ئازادی میدیا و کاری کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەییەکان دابینکراوە.**

**لە لیبیادا لەساڵی 1966وە لەلایەن شۆڕشی فاتحی موعەمەر قەزافیەوە رابەرایەتی دەکرێت و بەدرێژایی ئەو ماوەیە لیبیا سەرەڕای دەوڵەمەندی لەسامانی نەوتدا و کەمی ژمارەی دانیشتوانی, بەلام بەهۆی خراپی بەڕێوەبردن و داخراوی ئەو**





**وولاتەوە لەژێر سایەی سیستەمێکی تاک ڕە و داخراودا نەیتوانیوە گەشەیەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی بەرچاو بەخۆیەوە ببینێت. و هێندەی خەریکی خۆ پڕچەک کردن و پێکەوەنانی ترسانەیەکی گەورەی ئەتۆمی بوە و هێندەی پشتیوانی و هاوکاری ڕێکخراوە تیرۆریستی و چەکدارەکانی داوە لە دونیادا, نیو هێندە سەرقاڵی بەدیموکراسی کردن و ئازادکردنی بازاڕ و ئابوری و میدیا و پێش‌خستنی کۆمەلایەتی نەبوە, بەلام لەدوای گۆڕانکاریەکانی دونیا و هەلوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی جاران لەساڵی 1991دا و ڕاگەیاندنی سیستەمێکی نوێی جیهانی و بەجیهانیکردنی دونیا و هەلایسانی جەنگی دژە تیرۆرلەساڵی 2001دا و ڕزگارکردنی هەردوو گەل و وولاتانی ئەفغانستان و عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لەدەست هەردوو ڕژێمی سەلەفی توندڕەوی تالێبان و ڕژێمی بەعسی شۆڤێنی و دیکتاتۆر, لیبیاو سەرکردەکەی کەوتنە خۆ بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ئەم نەزمە نوێیەی دونیادا کە جێگەی توندڕەوی و تیرۆر و تیرۆریستانی تیادا نابێتەوە کە لیبیاش لەلیستی ڕەشی دەوڵەتانی پشتیوانی تیرۆردا بوو. هەربۆیە بەسانایی و لەماوەیەکی کەمدا هەموو بەرنامە و پڕۆژە ئەتۆمیەکەی ئاشکراکردو دایە دەست ئەمریکا و ئەوروپیەکان و ئیدی لیبیا لە و ڕۆژەوە بەسەر دونیادا کرایەوەو خەریکی خۆگونجاندنی ویاترە لەگەڵ ڕەوتی ڕووداو وپێشهاتەکاندا, بەلام بەهێواشی.**

**لەتونسی سەوزداکە وولاتێکی بچوکە و لەوکاتەوەی لەشەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە سەربەخۆیی وەدەستهێناوە, تەنها دوو سەرکردەی**

بەخۆوە بینیەوە کە ئەوانیش (( حەبیب بۆرقێبە و زەینەلعابدین بن عەلی ))یە و سەرەرای پێشێلکاری لەمافەکانی مرۆڤ و نەبونی ئازادیەکی تەواوی میدیاو پارتە سیاسیەکان و رێکخراوە پیشەییەکان, بەلام ئەم وولاتە بەسیاسەتێکی نەرم و نیان و بێدەنگ و هێواش هەنگاوی باشی ناوە بەئاراستەی کرانەوەی زیاتر بەسەر ئەوروپا و رۆژئاوادا و کار بۆ گەشەپێدان و بەرەوپێشچوونی هەموو بوارەکانی ژیان دەکات و کەوتۆتە سەر سکەی گۆرانکاری و ریفۆرمەکان.

## 2. وولاتانی قەرنی ئەفریقی

کەبریتین لە وولاتانی (( سودان و صۆمال و ئەریتریاو جیبۆتی )) کە لەناو پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستدان و لەدونیای عەرەبیدان, ئەم وولاتانەش بەهۆی دواکەوتوویی و هەژاریو نەخۆشی و شەرە ناوخۆییەکانیانەوە و دووریان لەچەقی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە و تێکەلاوی زیاتریان بەدونیای ئەفریقیای رەش پێستدا.هەروەها بەهۆە نەتوانینیان بۆ رێکخستنەوەی ناومالّی خۆیان و بێتواناییان بۆ هەنگاونان بەرەو پێش و نەتوانینیان بۆ چارەسەرکردنی کێشە موزمینەکانی نێوانیان وەک کێشەکانی (( سنوور و ئاو و کەمینەکان و نەخۆشی و هەژاری و دارمانی ژێرخانی ئابوری و کۆمەلایەتیان)) .

لەبەر ئەم هەموو هۆکارانە نەیانتوانیوە و ناشتوانن کاریگەری گەورەیان لەسەر رووداوەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست هەبێت, ئەوان





جگە لە وولاتی سوودان ئەوەندەی ئینتیمایان بۆ کەلتورو زمان و ئاینەکانی ئەفریقایی خۆیان هەیە هێندە ئینتیمایان بۆ دونیای عەرەبی و ئیسلامی نیە , چونکە ئەوان زیاتر کۆمەلّگایەکی فرە زمان و فرە ئاین و فرە ئیتنی جیاوازی ئەفریقاین نەک عەرەبی و ئیسلامی.

بەهەمان شێوەش وولاتانی عەرەبی و ئیسلامی خاوەن دەسەلاتی مادی و مرۆیی و سیاسی گرنگی نادەن و پشت نابەستنە سەر ئەو وولاتانە و ەیواشیان لەسەر هەلنەچنیون بۆ چارەسەرکردنی کێشە عەرەبییەکان .

## 3. وولاتی میسر

میسر لەدێر زەمانەوە و تائێستاش هەمیشە خۆی بەرابەر و دەم راستی وولاتانی عەرەبی و تەنانەت ئیسلامیش زانیوە بەوەی کە خاوەن شارستانیەتێکی دێرین و مەزنی مرۆڤایەتیە و خاوەن توانایەکی مرۆیی گەورەی 70 ملیۆن کەسیە و گەورەترین زانکۆی ئیسلامی(( ئەزهەر )) ی تیادایە و پێگەیەکی گرنگی جیۆسیاسی هەیە و کەوتۆتە سەر سێریانی کیشوەرەکانی ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیاوە و لەناو جەرگەی رۆژهەلاتی ناوەراستدایە, کەهەموو ئەم هۆکارانە وایکردوە کە ببێتە رابەری عەرەبەکان و تەنانەت لە ئێستادا ململانێ دەکات لەگەلّ ئیسرائیل و تورکیاو ئێراندا لەسەر رابەرایەتیکردنی ناوچەکەش.



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

میسر سەرەڕای کێشە سنوریەکان و ئاو و کەمینەی مەسیحیە قیبتیەکان و هەژاری و بێکاری لەناوخۆو لەگەڵ دراوسێکانیدا. گیرۆدەی سیستەمێکی سەربازی و تاک حیزبی بۆتەوە کە لەساڵی 1952وە کە شۆڕشی یۆلیۆ بەڕابەرایەتی ئەفسەرە ئازادیخوازەکان سەرکەوت و ئەنجامدرادژ بەڕژێمی پاشایەتی, تائێستا و لەماوەی 55 ساڵدا لەسایەی حوکمی تەواری و تاک حیزبیدا بەڕێوەدەبرێت و تەنها 3 سەرۆک کۆماری بەخۆوە بینیوە .کەئەمەش بۆتە هۆی دروست بوونی نارەزایی و بێزاری شەقامی میسری بەهۆی نەبوونی ئازادی ڕادەربڕین و میدیاو نەبونی کاری فرەیی سیاسی و ڕێکخراوەیی و...هتد. ونەبونی دیموکراسی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و کەمینەکان هەموو بونەتە خاڵی ڕەش بەنێوچەوانی ڕژێم و دەسەلاتداری میسرەوە.

لەساڵی 2001 بەدواوە و دوای ڕووداوی 11ی سێپتەمبەرەوە ڕژێمی میسر کەوتۆتە خۆ بۆ چێکردنی ڕیفۆرم لەدەستورو گۆڕینی چەند بەندێکی دەستور و کرانەوەی زیاتر لەئازادی و سەربەستی و دادەوەریدا و ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و ژنان و کرانەوەی زیاتری بازاڕ و ...هتد.

بەشێوەیەک کەبۆیەکەم جار ئیخوان موسلیمینەکان توانیان 76 کورسی پەرلەمان بەدەست بهێنن و بۆ یەکەم جار بۆ هەلبژاردنی سەرۆک کۆمار زیاد لە یەک کەس خۆی هەلبژارد. کە ئەم کارانە نۆبەرەی دەسپێکی قۆناغێکی نوێن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەم بیردۆزەیەدا.





## 4. لوبنان و سوریا

ئەم دوو وولاتە لەدێرزەمانەوە بەوولاتی شامی گەورە ناسراون,بەلام دوای داگیرکردنیان لەلایەن فەرەنسیەکانە لەجەنگی جیهانی یەکەمدا و ڕێکەوتنامەی سایکس_بیکۆی ساڵی 1916 بونە دوو وولاتی جیاواز و سنوری جوگرافیایان بۆ دیاریکراو لەساڵەکانی چلی سەدەی ڕابوردووەوە سەربەخۆییان وەدەستهێناوە, ئەم دوو وولاتە لەڕووی پێک هاتەی مرۆییەوە جیاوازن, هەرچی لوبنانە زۆرینە مەسیحیەو کەمینە ئیسلامە بەپێچەوانەی سوریاوە , سوریا لەڕووی ژمارەی دانیشتوان و پانتایی ڕووبەری زەوي و توانای ئابوري و سەربازیەوە گەورەتر و بەهێزترە لە لوبنان . هەربۆیە هەمیشە دەسەلاتدارانی سوریا خەونیان بە پێکەوەنانی وولاتی شامی گەورەوە بینیوە و ویستویانە لوبنان بخەنەوە سەر سوریا. بەلام ئەوکارەیان بۆ نەچوە سەر تاساڵی 1991 کە لەئەنجامی ڕێکەوتنامەی ئاشتی (( تایفەوە )) و لەدوای وەستانی شەڕی ناوخۆی 25 ساڵەی لوبنانەوە توانی زیاتر لە 75 هەزار سەرباز و ئالیاتی سەربازی و دامو دەزگای عەسکەری و هەواڵگری سوری بباتە ناو لوبنانەوە و تاساڵی 2005 تیایدا بمێنێتەوە و سیاسەت و بەرژەوەندیەکانی خۆی تیادا بپارێزێت و دەسەلاتی خۆی تیادا بچەسپێنێت.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

لوبنان لەرووی زانست و مەعریفەو گەشت وگوزاریەوە بالادەسترە لە سوریا و هەردوو وولات پێگەیەکی جیۆسیاسی گرنگیان هەیە لەناوچەکەداو کەوتونەتە چەقی رۆژهەلاتی ناوەراستەوە, بەلام هەرچی سوریا هەیە بەشێوەیەکی لێبراوانە کاردەکات لەپێناو ئامانج و دروشم و ستراتیژیە عەرەبیەکاندا و بۆتە دەمراستی کێشەی عەرەب_ئیسرائیل و کاریگەری گەورەی لەسەر داناوە .ئەمەش بەهۆی دەسەلاتدارێتی حیزبی بەعسی عەرەبیەوەکە حیزبێکی قەومی و ناسیونالیستی عەرەبیە.بەلام لوبنان هێندە ئینتیما عەرەبیەکەی گەورە و بەرچاو نیە.سوریا لەلایەن رژێمێکی داخراو و هەژار و دیکتاتۆرو سەربازیەوە دەبرێت بەرێوە. کە دیموکراسی و ئازادیەکان و مافەکانی مرۆڤ و ..هتد,بونیان نیە لەو وولاتەدا و بە ئاسانیش مل نادات بۆ گۆرانکاریەکان و ئامادەنیە کە ریفۆرم لەبوارەکانی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیدا ئەنجام بدات ئەگەر بەناچاریو لەژێر فشاردا نەبێت.

بەلام لوبنان بەپێچەوانەوە لەدێر زەمانەوە چاوگی ئازادی و دیموکراسیەت بوە لەهەموو ناوچەکەدا و وولاتێکی خاوەن مەعریفە و زانست و کرانەوەی سیاسی و ئابوری و بازرگانی و کۆمەلایەتی بوە و رابەری وولاتانی عەرەبی بوە لەو بوارەدا.بەلام گیردۆدەی دوژمنی ئیسرائیل بۆتەوە لەباشور و سوریای گەورە هێزی عەرەبی تەماعکار لەباکورو رۆژهەلاتدا کە تەنها ئەو دوو وولاتە دەروازەی وشکانی لوبنانن بەسەر دونیادا.کە ئیسرائیل دوژمنە و ئەو رێگەیەی نەماوە, هەرچی سوریاشە لەئێستاداو دوای تیرۆرکردنی رەفیق





حەریری کە بەدەستی سوریا دەزانرێت و کشانەوەی سوپاکەی لەژێر فشاری بریاری 1559ی نێودەولەتیدا و نەمان و بچوکبونەوەی هێزو کاریگەری و رۆلی سوریا لە لوبناندا پەیوەندی ئەو دوو وولاتە روو لە خراپیەو سوریا بەهەموو شێوەیەک فشار دەخاتە سەر ئەو وولاتە لەرێگەی دارودەستە و لایەنگرانیەوە لەرووی سیاسی و ئابوری و بازرگانیشەوە هەرەشەی داخستنی سنورەکانی دەکات. سوریا لەئێستادا بەهۆی پشتگیریکردنی مادی و مەعنەوی حیزبولای توندرەوی شیعە و ئەمەلی میانرەوی شیعە و بالی ئەمیل لەحودی سەرۆک کۆمار و رەوتی ئازادی میشێل عەونی مەسیحی فشار دەخاتە سەر حکومەت و زۆرینەی پەرلەمانی لەسونە مەزهەبەکانی مەسیحیەکان لە کەتائیب و سەمیر جەعجەع و وەلید جومبولات و لەرێگەی تیرۆرکردن و بەکارهێنانی هێزی سەربازی و مانگرتن و عصیانی مەدەنیەوە, کار بۆ رووخاندنی حکومەتی فوئاد سەنیۆرە دەکات.

داهاتووی لوبنان بەهۆی ئەو بارۆودۆخە ئالۆزەوە کەوتۆتە بەر مەترسی لێک هەلوەشانی بۆ کانتۆناتی بچوک وەک لەنێوان مەسیحی و ئیسلامەکاندا( بەسونەو شیعەوە) لەلایەک و لەنێوان بالە جیاوازەکانی مەسیحیەکان خۆشیانەوە. بەم شێوەیە ئەم دوو وولاتە پێشەنگی وولاتانی عەرەبین بۆ کارتێکردن و رووخان و گۆرینی سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەوە لەسایەی ئەم بیردۆزەیەوە .



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

# 5. فەلەستین و ئیسرائیل

کێشەی فەلەستین_ئیسرائیل کێشەیەکی ئاڵۆزو پلەیەکی ناوچەکەیەو داهاتووی ئەم ناوچەیە بەندە بەچارەسەرکردنی ئەم کێشەیەوە.بەلام چارەسەریش هێندە ئاسان و ساکار نیە, تەمەنی ئەم کێشەیە 59 ساڵە و ڕۆژ بەڕۆژیش ئاڵۆزتردەبێت. چونکە ئەوەی فەلەستینیەکان داوای دەکەن لەگەڕانەوەی ئیسرائیل بۆ سنووری ساڵی 1967 و گەڕانەوەی ئاوارەکانی فەلەستین لەهەموو دونیاوە بۆ فەلەستین و هەلوەشانەوەی مستەوتەنە جولەکەکان لە پێشەوەی داواکاریەکانی فەلەستینیەکانن کە ئیسرائیل بە هیچ جۆرێک ناچێتە ژێر باری قبوڵکردنیانەوە چونکە ئەو مەرجانە مانای بچوک بونەوەو بێهێزکردنی و نەمانی ئیسرائیلە .تاساڵی 2005 و مانی یاسر عەرەفات لەژیاندا بەرەی فەلەستییەکان ئەگەر بەروکەشیش بوبێت یەک و یەکگرتووبون, بەلام لەدوای سەرکەوتنی بزوتنەوەی ئیسلامی حەماسی توندڕەو لە هەلبژاردنی ئەنجومەنی یاسادانانی فەلەستیندا و پێکهێنانی حکومەت, لێکترازانی ڕیزەکان و لەئێستاشدا شەڕ و پێکادانی ناو شارەکان و سەر شەقامەکان دەستی پێکردوە و لەئێستادا کێشەی ناوخۆی فەلەستینیەکان پێی ناوەتە قۆناغێکی مەترسیدارەوە و مەترسی هەلایسانی شەڕی ناوخۆی لێدەکرێت, ئەوەش بەوەی لەلایەک بزوتنەوەی فەتح کە سەرۆکایەتی دەسەلاتی فەلەستینی لەلایە و بە سانایی دەستبەرداری دەسەلاتەکانی نابێت بۆ حەماس و حەماسیش بەپشت ئەستوور بەسەرکەوتنی لە هەلبژاردنەکاندا و





شەرعیەتی بونیدا دەیەوێت هەموو دەسەلاتەکان بێنێتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە و کۆتایی بە قۆناغ و دەسەلاتی فەتحاویەکان بهێنێت.

بەم شێوەیەش ئیسرائیل گرەو دەباتەوەو لەژێریشەوە پشتیوانی مەحمود عەباسی سەرۆک دەکات دژ بە حەماس و حکومەتەکەی و ئەمریکاو ئەوروپاش بەهەمان شێوە گەمارۆی ئابورری وسیاسیان خستۆتە سەر حکومەتی حەماس .

هەموو ئەم بارودۆخە بەقازانجی ئیسرائیل دەگەڕێتەوە بەوەی لەداهاتوودا ببێتە وولاتێک کە جێگەی قبوڵکردن بێت لەلایەن وولاتانی ناوچەکەوە لەچوارچێوەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی نوێدا. لەئێستادا پەیوەندیەکانی وولاتانی عەرەبی لەڕۆژئاواو ڕۆژهەلاتدا لەگەڵ ئیسرائیل بەپچڕاوی نەماوەتەوە بەڵکو زۆرێکیان هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ دەدەن لەژێر پەردەی ئابوری و ڕۆشنبیری و...هتد.

ئەوەتا لە مانگی 2007/2 بەئاشکرا میری قەتەر پێشوازی لە شێمۆن پێرس دەکات و ماوەی چەند سالێکیشە نوسینگەیەکی ئابوریی ئیسرائیل لەو وولاتەدا هەیە. میسرو ئوردون و مۆریتانیا سەفارەتیان لەو وولاتەدا هەیەو بەپێچەوهانەشەوە, مەغریب پەیوەندی ئاشکراو نهێنی لەگەڵ ئیسرائیلدا هەیە . وولاتانی کەنداو ژێر بەژێر پەیوەندی جۆراوجۆریان لەگەڵ ئیسرلئیلدا دروستکردوە, بۆیە سوودمەندترین وولات لە بیردۆزەی فەوزای دروستکەر ئیسرائیل دەبێت بەپشتیوانی ئەمریکا.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## 6. وولاتانی کەنداوی عەرەبی و ئوردون

**هەرچی ئوردونە وولاتێکی بچوکە و بێهێزە لەرووی مادی و مرۆیی و سروشتیەوە . پەیوەندی سیاسی هەیە لەگەڵ ئیسرائیلدا و تارادەیەک دیموکراسی و ریفۆرمە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان گەشەیان کردوە لەسەر دەستی شا عەبدولای دووەم کە گەنجێکی کراوە و خاوەن رۆشنبیریەکی رۆژئاواییەو پەیوەندیەکانی ئوردون لەگەڵ رۆژئاواو ئەمریکادا پتەو و دێرینە.**

**هەرچی وولاتانی کەنداوە کە لە (( سعودیە و کوێت و بەحرەین و قەتەر و ئیمارات و سەڵتەنەی عومان )) پێک هاتوە, لەگەڵ یەمەنیشدا, هەموویان جگە لەیەمەن بەوولاتانی کۆنەپارێز و میانرەو دەناسرێن لەناو عەرەبەکاندا و پەیوەندیەکی دێرین و پتەویشیان لەگەڵ رۆژئاواو ئەمریکادا هەیە.**

**ئەم وولاتانە لەرووی توانای سیاسی و سەربازی و مرۆییەوە بێهێزن, بەلام سەرچاوەکانی وزە لە (( نەوت و گازی سروشتیدا )) گەلێک دەوڵەمەندن و پێگە جوگرافیەکەشیان هێندەی تر گرنگیەکەیانی زیادکردوە. ئەم رژێمانە پاشایەتی و ئەمیری و خۆسەپێن و بنەماڵەیی و داخراون. مافی مرۆڤ و ژنان بونی نیە و هەلبژاردن و پەرلەمان و دیموکراسیەت و بونی ئازادیەکان ئەگەر لە هەندێکیشیاندا هەبێت ئەوا ساواو ناکامڵ و پێنەگەیشتوون بۆیە پێشبینی دەکرێت ئەم وولاتانە گۆرانکاری گەورەیان تیادا روو بدات**





**و بکەونە ژێر کاریگەری گەورەی ئامانج و هێڵە گشتیەکانی ئەم بیردۆزەیەوە کەئامانجی سەرەکی ئەمریکایە.**

**هەرچی یەمەنیشە لەسایەی تاک حیزبی و تاک رەوی (( عەلی عەبدولا صالحەوە )) و بۆماوەی زیاتر لە 25ساڵە بەرێوە دەبرێت, ئەگەرچی بەناوی عروبەوە هەندێ گوتار و هەلوێست دەنوێنێت , بەلام ژێر بەژێر نەرم ونیانە و هەوڵی خۆگونجاندنی لەگەڵ ئەم نەزمە نوێیەی دونیا دەداو و دروشمی (( باخۆمان سەرمان بتاشین پێش ئەوەی بۆمان بتاشن ))ی1 بەرزکردۆتەوە, بەمەبەستی چێکردنی ریفۆرمەکان لەو وولاتەدا.**

## 7. تورکیا

**ئەم وولاتە لەرووی دانیشتوان 70 ملیۆن کەسە و خاوەن پانتاییەکی گەورەی جوگرافی و پێگەیەکی جیۆسیاسی گرنگە و وەک پاشماوەیەکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی کەزیاتر لە 5 سەدە دەسەلاتی لەناوچەکەدا هەبوە و لە ئێستادا توانایەکی سەربازی گەورەی هەیە و هاوپەیمانێکی ستراتیژی ئەمریکایە و پەیوەندی باشیشی هەیە لەگەڵ ئیسرائیل و دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیداو تارادەیەکی باشیش دیموکراسیەت و ئازادیەکانی تیادا بەرقەرارە, هەموو ئەم سیفاتانەی وای کردوە کە رۆڵی گەورەو گرنگ بگێرێت و لە پێشبرکێشدایە لەگەڵ میسر و ئیسرائیل و ئێراندا بۆ رابەرایەتیکردنی ناوچەکە بۆ زیاتر چەسپاندنی بون و دەسەلاتی و نفوزی خۆی.**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بەلام کێشە ناوخۆیی یەکانی لەنێوان حیزبە سیاسیەکان و لەگەڵ کوردو ئەرمەن و لەگەڵ وولاتی قوبروس و یۆناندا و پێشێلکردنەکانی مافی کەمینەکان و مرۆڤ. لەگەڵ یەکێتی ئەوروپادا کەوتۆتە کێشەوە و ئەم هۆکارانە بونەتە ڕێگر لەبەردەم بوون بەئەندامێتی لەو یەکێتیەداکە بۆتە خەون و خەیاڵی دەسەلاتدارانی تورکیا بە ئیسلامی و عیلمانیەکانەوە.

بالادەستبونی دەزگای سەربازی کەبە پارێزەری پرەنسیپەکانی ئەتاتورک دادەنرێت.ڕێگرێکی ترە لەبەردەم هێزە ئیسلامی و عیلمانیەکاندا کە بیانەوێت سازش و گۆڕانکاری لەدەستور و ئامانجەکانی ئەتاتورکدا بکرێت.

بۆیە تورکیاش یەکێکە لەو وولاتانەی کە لەڕێگەی ئەم بیردۆزەوە کاری تێدەکرێت بۆ لەقاڵبدان و بچوکردنەوەی رۆڵ َو نفوز و دەسەلاتی بەسەر وولاتانی ناوچەکەدا.

## 8. ئێران

ئەم وولاتەش لەڕووی گرنگی پێگەی جیۆسیاسیەوە و دەوڵەمەندی لەنەوت و سامانە سروشتیەکان و پان و پۆڕی جوگرافیاکەی و زۆری ژمارەی دانیشتوانیەوە کە 70 ملیۆن کەسە بۆتە وولاتێکی حساب بۆکراو لەناوچەکەدا.

ئێران پاشماوەی ئیمپراتۆریەتێکی گەورەو فراوان و شارستانیەتێکی دێرینی ناوچەکەیە و لە ئێستاشدا بەهۆی کێشەی کورە ئەتۆمیەکەیەوە و دەستوەردانی لەکاروباری ناوخۆی عێراق و





پشتیوانی کردنی لە سوریاو رۆڵی نەگەتیڤی لەلوبناندا بەپشتیوانی کردنی لە حیزبولای لوبنانی و لە فەلەستینیشدا بەپشتیوانیکردنی لە بزوتنەوەی توندڕەوی حەماس. بۆتە جێگەی گرنگی پێدانی زیاتر و پیلان دانان بۆ لێدان و ڕووخان و گەمارۆ خستنەسەری لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیەوە,ئەمە سەرەڕای کێشە ناوخۆییەکانی باڵەکانی دەسەلات لە (( موحافیزکارەکان و ڕیفۆرمخوازەکان)) کە لە ململانێیەکی بەردەوامدان و کێشەی داڵدەدان و پشتیوانی لەتۆڕی ئەلقاعیدە و سەرکردەکانی و بزوتنەوەی توندڕەوەکانی ئەنصار ولئیسلام و ...هتد. و دروستکردنی مەترسی بۆ سەر وولاتانی کەنداو و سونە مەزهەبی ناوچەکە و ئیسرائیل کە هەموو ئەمانەش مەترسین بۆسەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا. ئێران بۆتە خاڵی وەرچەرخان لەسەر ڕێگای سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا لەناوچەکەدا, گەربێتوو ئەمریکا لەدژی ئێران سەرکەوتن بەدەست بهێنێت ئەوا لە 80%ی ئامانجەکانی وەدیهێناوە و بە پیَچەوانەشەوە سەرنەوکەتنیمانای نەمانی بون و ووجدی ئەمریکایە لەناوچەکەدا و شکاندنی هەیبەت و هەیمەنەی ئەمریکاشەلەدونیادا.

## 9. پاکستان

کە وولاتێکی ناو چوارچێوەی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەیە و رۆڵ وکاریگەری بەرچاوی هەیە لە سەرکەوتن و ژێرکەوتنی ئەم



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بیردۆزەیەدا. پاکستان لەرووی ژمارەی دانیشتوانیەوە وولاتێکی زلهێزە و لەرووی توانای سەربازی و ئەتۆمیشەوە هێزو دەسەلاتی گەورەی هەیە و لە کێشەی ئەفغانستانیشدا رۆڵی گەورەی بینیوە . پاکستان خۆشی بەهاوپەیمانێکی دێرین و نزیکی ئەمریکا دادەنێت.. بەلام ئەم وولاتەش بەهۆی دالّدەدانی سەرانی رێکخراوی ئەلقاعیدە و تالّیبان لەوولاتەکەیدا و ئێستاش هاوکاری و پشتیوانیان دەکات ژێر بەژێر و بەهۆی کێشەی جامۆو کشمیریش لەگەڵ ەندستانی کۆنە دۆست و هاوپەیمانی ئەمریکاو ئیسرائیلدا و سەپاندنی سیستەمێکی سەربازی و تاکرەو و خۆسەپێن و تارادەیەکیش ئیسلامی دوورکەوتۆتەوە لە دیموکراسیەت و ئازادیەکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی مەدەنی , هەربۆیە ئەم هۆکارانە وای کردوە کە ببێتە یەکێک لەو وولاتانەی کە ئەم بیردۆزەیە گۆرانکاری گەورەی تیادا چیَ بکات.

## 10. ئەفغانستان و عێراق

ئەم دوو وولاتە لەوەتەی رزگارکراون لەلایەن ئەمریکاوە لەساڵەکانی 2001 و 2003دا , ئەو دوو وولاتە بەفعلی پلانی پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستي گەورەیان تیادا جێبەجکراوە و بونەتە پێشەنگی ئەو وولاتانەی کە ئامانجی پرۆژەکە بوون لەگۆرانکاریەکاندا و لە ئێستاشدا بونەتە دوو وولات کە لەفەلەکی ئەمریکادا دەسورێنەوەو سەرەرای ئاستەنگ و بەرگریەکان توانراوە





هەنگاوی گەورە بە ئاراستەی دیموکراسی و ئازادیەکان و پاراستنی مافەکان و گەشەکردنی ئابوری و کۆمەلایەتی بنێت.
بەم شێوەیە ئەم بیردۆزەیە کاریگەریەکی گەورەو بەرچاوی دەبێت لەسەر گۆرانکاری لەم ناوچەیەدا و لەکاتی سەرکەوتنیشیدا دەبێتە گرنگترین بیردۆزە لەدونیای سیاسەت و گۆرانکاریەکانی دونیاو سەدەی بیست و یەکدا.

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

==================

1. چاوپێکەوتنێکی سەرۆکی یەمەن (( عەلی عەبدولا صالح )) لەگەڵ کەناڵی ئاسمانی ئەلجزیرە دا لەساڵی 2003دا دوای رزگارکردنی عێراق.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

# بەشی چوارەم

## چارەنوسی ئەمریکا
## لە عێراقدا بەرەو کوێ ؟

❖ ئاشکرایە عێراق وولاتێکی گرنگی عەرەبیە لەناوچەی کەنداو و ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا و دەروازەی ڕۆژهەلاتی وولاتانی عەرەبیە و خاوەن جوگرافیایەکی تایبەتمەندە و خاوەن کەلتور و مێژویەکی دێرینە و بەلانکی شارستانیەتەکان دادەنرێت کە کۆنترین شارستانی سۆمەریەکان لەم وولاتەدا بوە و یەکەمین یاسا هەر لەم جوگرافیایەدا دانراوە, عێراق کە لەکۆندا بە وولاتی



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

دووڕووبار  یان وولاتی نێوان دوو ڕووبار یان میزۆپۆتامیا ناسراوەو هەر لەکۆنەوە تاکو ئێستا زۆرینەی کات گۆڕرەپانی ململانێکانی فارس و ڕۆمەکان و ئیسلام و فارسەکان و ئەمەوی و عەباسیەکان و لایەنگرانی عەلی کوڕی ئەبو تالیب و معاویە و دواتریش لەنێوان صەفەویەکان و عوسمانیەکاندا تووشی شەڕو شۆڕ و پێکادان و کاولکاری زۆر بوە. لەدوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراقیشەوە لەساڵی 1921 وە هەمیشە وولاتی شەڕ و شۆڕ و ڕا پەڕینەکان بوە. عێراق پێکهاتەیەکی عەجیب و غەریبی هەیە لەڕووی زمان و نەتەوە و مەزهەب و دیانەتەوە کە عەرەب و کوردوتورکومان و یەزیدی و موسڵمان و مەسیحی و جولەکە و صابیئە و سونە و شیعە و کاسۆلیک و ئەرسۆدەکس و ئاشوری و کلدانی و ...هتد تیادا کۆبۆتەوە .کەئەم پێکهاتە ئاڵۆز و جیاوازانە هەمیشە بونەتە خاڵی لاواز و بێهێزی بۆ دەسەلاتەکانی ئەم وولاتە. بۆخۆشی دەسەلاتەکانیش هەمیشە دووربوون لەگیانی دیموکراسیەت و ئازادیەکان و پاراستنی مافی کەمینەکان و نەتەوەو مەزهەبە جیاوازەکان. هەمیشە سیستەمی تاکڕەو ودیکتاتۆر و زاڵم و چەوسێنەرەوە بوون.

جارێکی تر عێراق لەدەیەی هەشتاکانی سەدەی ڕابووردودا بووەوە گۆڕەپانی جەنگێکی 8 ساڵەیی لەگەڵ ئێراندا, کە تیایدا توانایەکی مادی و مرۆیی زۆر بەهەدەر چوو بەبێ سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئامانجەکان. دواتر لەساڵی 1990داو دوای ئەو شەڕە لەگەڵ ئێراندا عێراق لەژێر فشارو بارێکی قورسی زەرەرو زیان و





قەرزاریدا و تێکچوونی باری ئابوری و کۆمەلایەتی و نەفسی کۆمەڵگای عێراقیدا پەلاماری وولاتی دراوسێ و برا بچوکی خۆیدا (( کوێت ))و لەماوەیەکی کەمی چاوتروکاندندا داگیری کردوە کردیە نۆزدههەمین پارێزگای عێراق. ئەم کارەش بۆ ئەوەبوو کە دەست بگرێتە سەر سەرچاوەکانی نەوتی زۆرو زەوەندی کوێت و لەو قەرزاریە ڕزگار ببێت و ئەو خەونەی لەجەنگی ئێراندا بۆ نەهاتە دی ئەوا لەکوێتدا وەدی بهێنێت کە ببێتە وولاتێکی گەورەو زلهێز و دەوڵەمەندی ناوچەکە و ببێتە سەرکردەو ڕابەری عەرەبەکانیش. بەلام ئەم حساباتەی بەهەڵە دەرچوو وەئەوەی چاوەڕوان نەدەکرا ڕوویدا و لەژێر چەتری شەرعیەتی نێودەوڵەتیدا و بەڕابەرایەتی ئەمریکاو هاوپەیمانی زیاتر لە 33 وولات بەرەو ڕووی سوپای عێراق بونەوە و توانیان لەماوەی 100 ڕۆژدا عێراق و سوپاکەی لە کوێت بەشکستی وەدەرنێن و کوێت ڕزگار بکەن .عێراق لەم شەڕەدا زەرەروزیانێکی زۆر گەورەی لێکەوت لە سوپاو چەک و تەقەمەنی و فرۆکە و ڕۆکێت و ئەو چەکانەی کەلە جەنگی ئێران مابونەوە. و جارێکی تریش تووشی قەرزاریەکی گەورەتر و قەبەتر بووەوە.سەرەڕای ئەمەش بۆ ماوەی زیاتر لە 12 ساڵ لە ژێر گەمارۆی ئابوری سەختی نێودەوڵەتیدا مایەوە. کە بوەمایەی زیاتر هەژارکردن و برسیکردن و بلاوبونەوەی نەخۆشی و بێهێزبوونی هەموو بنەماکانی دەوڵەتی عێراقی.

عێراق لەکاتی جەنگی ئێراندا کە لە ئێستادا و لەکاتی دادگایکردنی سەرانی ئەو ڕژێمەدا دەردەکەوێت چەندین جرا چەکی



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

قەدەغەکراوی نێودەوڵەتی لە چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی و ..هتد.بەکار هێناوە دژ بەگەلی کورد لەناوچەکانی هەڵەبجە و سێوسێنان و قەرەداغ و دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵو بەرگەڵوو یاخسەمەر و دەشتی هەولێر و ناوچەی بادینانیش.

ڕژێمی بەعس سیاسەتی بەسوتماککردنی کوردوستان و ئەنفالکردن و کاولکردنی گوندو شار و شارۆچکەی دەداو لەباشوریشدا ووشککردنی زۆرنگاوەکان و گۆرستانە بەکۆمەڵەکانی پیادە دەکرد.

لەکاتی داگیرکردنی کوێتیشدا عێراق هەڕەشەی سرینەوە و لەناوبردنی ئیسرائیلی دەکرد وبەچەکی بایۆلۆژی و کیمیاوی و چەکی مزدەوەج. بەم شێوەیە عێراق دانینا بەوەدا کە خاوەنی چەکی کۆمەڵ کوژی قەدەغەکراوە.

هەربۆیەش لەسالانی گەمارۆداو و لەمیانەی ناردنی چەندین تیمی نێونەتەوەیی بۆ دۆزینەوەو لەناوبردنی ئەو چەکە برێکی باشیان لەناوبرد.بەلام ئەمریکا هەر بڕوای نەدەکرد کە هەموو ئەو چەکانەی لەناوبردبێت و هێشتا مەترسی لەعێراق هەبوو بۆ خۆ توندوتۆڵکردنەوە و دەسکردنەوەی بە هەڕەشە بۆ سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەناوچەکەدا. هۆکاری سەرەکی و دیاری هێرش کردنە سەر عێراق لەلایەن ئەمریکا و بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیانەوە بریتی بوو لە بوونی چەکی کیمیاوی و بایۆلۆژی و..هتد.لەعێراقدا بەهاندانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەرێگەی هەواڵ و زانیاری ناراستەوە.





ئەوەبوو لەدوای ڕووداوی 11 ی سێپتەمبەری ساڵی 2001وەو داگیرکردنی ئەفغانستان و لەبەریەک هەلوەشانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی تیرۆریست و بلاوبونەوەی بە وولاتانی ناوچەکەدا و لەناویشیاندا عێراق. بیانویەکی تریشی دایە دەست ئەمریکا بۆ هێرشکردنەسەری.

بەم شێوەیە ئەمریکاو بەریتانیا توانیان لەماوەی کەمتر لە 1 مانگدا کۆتایی بەحوکم و دەسەلاتی تاکڕەو و خۆسەپێن و زاڵمی ڕژێمی بەعسی صدامی دوای 35 ساڵ بهێنێت و گەلانی عێراق ڕزگار بکەن لەدرندەترین ڕژێمی سەردەم و لە 2003/4/9دا توانیان بەغدای پایتەخت بگرن و سەرانی ڕژێم و سوپاکەی و هەموو دام و دەزگاکانی حیزبی و حکومی و هەواڵگری و ئەمنیەکانی لەبەریەک هەلوەشاند و سەردەمێکی نوێ و عێراقێکی نوێ هاتنە ئاراوە. کەلەماوەی 3 ساڵدا پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا سەرەڕای هەموو ئاستەنگ و ڕێگریەکان و هێرش و پەلامارە تیرۆریستیەکان و دەست وەردانە کاروباری ناوخۆی عێراقەوە لەلایەن وولاتانی ناوچەکە و دەرودراوسێ و ئیسرائیل و دونیاشەوە. هەنگاوی گەورەو باشی ناوە. دوو پرۆسەی هەلبژاردنی کۆمەڵەی نیشتیمانی لە 2005/1/30 و لە 2005/12/15دا بۆ پەرلەمانی عێراق ئەنجام دراوە . لە 2005/10/15یشدا پرۆسەی ڕاپرسی لەسەر دەستووری هەمیشەیی عێراق ئەنجام درا. دراوی نوێی عێراق لە چاپ دراوحکومەتی کاتی و ئینتیقالی پێک هێنران لەدوای هەلوەشانەوەی ئەنجومەنی حوکم و نوسینەوەی یاسای کاتی ئیدارەی



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

دەوڵەت.دواتریش سەرۆک کۆمار و حکومەتی 4 ساڵەیی پێک هێنران لەسەر بنەمای تەوافوق و ڕازیکردنی هەموو پێک هاتەکان.بەلام هێشتاش مەترسی و هەڕەشەی تیرۆریستان هەرماوەو حکومەت نەیتوانیوە باری ئەمنی کۆنترۆڵ بکات و گەشەی بازاڕو ئابوری ببوژێنێتەوە و عێراقی وێران و کاولکراو ئاوەدانبکاتەوە و خزمەتگوزاریەکان بۆ گەلانی عێراق دابین بکات وەک سووتەمەنی و ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاریە ڕۆژانەییەکانی تر.ئەم بارودۆخە ناجێگیر و نائاساییە ئەمریکا و هێز و سوپاو و داهاتووی دەسەلاتەکەی لە عێراق و ناوچەکەشدا خستۆتە بەر مەترسیەوە و هەڕەشەی شکستی لیَ دەکات.

هەربۆیە ئەمریکا و ئیدارەی جۆرج بۆش کەوتۆتە خۆی بۆ ئاسایکردنەوەو کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە ئەویش بە گۆڕینی تاکتیک و ستراتیژیەکانی و دانانی ستراتیژ و پلانی سەربازی و ئەمنی نویّ و هێنانی باڵوێز و لێپرسراوە گەورەکانی ئیدارەکەی لە ئەمریکا و لە عێراقیشدا , بەلام تائێستاش بەرئەنجامی بەرچاویان لێنەکەوتۆتەوەو ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و هێزەکانی بەناو مقاوەمە کە لە (( پاشماوەکانی بەعس و ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و توندڕەوەکانی سونە و شیعە و باندە کانی دزی و تالانی و ڕێکخراوە نێو دەوڵەتیەکان و هەواڵگری وموخابەراتیەکانی دونیا )) پێک هاتوون کارە تێکدەرو تیرۆریستیەکان درێژە و بەردەوامیان هەیەو لەناوچەی ڕۆژئاواو پارێزگای ڕومادیشدا(( دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی )) ڕاگەیەنراوە





لەسەر شێوەی ئیمارەتەکەی تاڵیبان لە ئەفغانستان و سەرۆکەکەی وەک مەلا عومەری ئەفغانی ئەمیش ناوی (( مەلا عومەری بەغدادیە )).

ئیدارەی سەرۆک بۆش وەک لە عێراق و ناوچەکەدا تووشی بەربەرەکانی و مقاوەمەت و سەرئێشەو ئاستەنگ بۆتەوە لە ناوخۆی ئەمریکاو ئیدارەکەی و کۆنگرێسیشدا تووشی بەربەرەکانی حیزبی دیکموکراتخوازەکان بۆتەوە , ئەوەبوو لە هەلبژاردنی کۆنگرێسدا و دوای 12 ساڵی زاڵبونی کۆماریەکان,دیموکراتخوازەکان توانیان زۆرینەی کۆنگرێس و ئەنجومەنی پیران وەدەست بهێنن و بەمەش هەلوێستی سەرۆک بۆش و کۆماریەکان زەبرێکی گەورەیان بەرکەوت.بەشێوەیەک کە سەربەستی جارانیان نەما بۆ بڕیاردان و خەرجکردن و ناردنی سوپا و بڕیاری یەکلایەنە. بەم شێوەیە ئیدارەی سەرۆک بۆش لە ئێستادا لەبارودۆخێکی ئاڵۆزی ژێر فشاری جیاواز و هەمە لایەنەدایە و ستراتیژیەتێکی ڕوونی نیە بۆ داهاتووی هێز و دەسەلاتەکەی لە عێراقدا. کە ئەگەر ئەمریکا لە عێراقدا شکست بێنێت ئەوا لە ناوچەکەداو لە دونیاشدا سەنگ و قورسایی و هەیمەنەی بچوک دەبێتەوە .هەربۆیە لەهەموو لایەکەوە ئامۆژگاری دەکرێت کە گۆڕانکاری لەسیاسەت و ستراتیژیەتیدا بکات,لەگرنگترین ئەو ئامۆژگاری و ڕاسپاردانەش , ڕاسپاردەکانی لیژنەی (( بیکەر _هاملَتۆن)) بوو کەلە 79 ڕاسپاردە پێک هاتبوو لەئەنجامی گوێگرتن و بینینی 176 کەسایەتی سیاسی جیاوازی عێراقی و ناوچەکە و ئیسرائیل و ئەوروپیەکان و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئەمریکاهاتبوە گەلالە کەلەماوەی 7 مانگدا ئەنجامیان دابوو. ئەم ڕاسپاردانە مولزەم نین لەسەر ئیدارەی سەرۆک بۆش جێبەجێیان بکات بەلام کاریگەری خۆشی دەبێت. بۆیە لە ئەنجامی 3 ساڵەی داگیرکردنی ئەمریکا بۆ عێراق و بەردەوام بوونی کاری تیرۆر و کوشتن و تەقاندنەوەو تێکدەرانە. دەکرێت ئەو پرسیارە بکرێت کە ئایا ئەمریکا تائێستا سەرکەوتنی بەدەست هێناوە لە عێراقدا؟ و ئایا چارەنوسی هێزو دەسەلات و هەیمەنەی ئەمریکا لە عێراقدا بەرەو چ ئاراستەیەک دەچێت ؟ ئایا ئەمریکا تائێستا توانیویەتی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە جێبەجێبکات؟

لەوەلامدا دەکرێت بووترێت کە بەدڵنیاییەوە ئەمریکا سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە و ئەگەر ئەم ستراتیژە نوێەشی کە ئەمریکا ڕایگەیاندو دواترینیانە و ماوەی 8_9 مانگی بۆ دانراوە کە ئامانجەکانی وەدیبهێنێت واتە لە مانگی 2007/11دا. ئەگەر ئەم ستراتیژە ئامانجەکانی وەدینەهێنا ئەوا پاشەڕۆژ و ئایندەی ئەمریکا لەعێراق وناوچەکەدا ڕۆشن نابێت و تەواوی نفوز و هەیمەنەی ئەمریکا لەناوچەکەو دونیاشدا بەرەو شکست و بچوک بونەوە دەچێت و بەمەش ئەمریکا لەم قۆناغەدا ناتوانێت پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە جێبەجێ بکات و مەرام و ئامانجە ئاشکراو نهێنیەکانی وەدیبهێنێت .





❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

## هۆکارەکانی

## شکستی ئەمریکا لە عێراقدا

گەلێک هۆکار کاریگەریان هەبوە لەسەر شکستی ئەمریکا لەعێراقدا و ڕێگە گرتنی لەوەدەست هێنانی سەرکەوتن و وەدیهێنانی ئامانجەکانی لەوانە:-

1. نەبونی ستراتیژێکی واقیعیانەو ڕوون و ئاشکرای ئەمریکا لەعێراقدا, بەهۆی نەبونی تێروانینێکی یەکگرتوو لەلایەن ئیدارەی سەرۆک بۆشەوە کە خۆی لە مەجلیسی ئەمنی قەومیدا دەبینێتەوە کە (( سەرۆک و وەزیری دەرەوە و وەزیری بەرگری و بەڕێوەبەری ئەمنی قەومی و بەڕێوەبەری هەواڵگری مەرکەزی و سەرۆکی هاوبەشی ئەرکان و ...)) پێک هاتوە و هەریەکەیان لەنێوان سیاسیەکان و عەسکەریەکاندا بیرڕای جیاوازیان هەیە1 . چ لەڕووی سیاسی و سەربازی و ئابوری و ...هتدوەبێت .

2. کارکردن بە هەندێ بڕیار و ڕاسپاردەی هەڵەکەلەلایەن هەندێ گروپی سیاسی عێراقەوە پێشکەش بەئەمریکیەکان دەکرا وەک یاسای لەڕیشە هەلکێشانی بەعس و هەلوەشانەوەی سوپا و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

دەزگا موخابەراتیەکانی عێراق کە بەمەش بەشێکی زۆر لە کادری سیاسی و سەربازی و ئیداری و موخابەراتی بێکار مانەوە و کەوتنە دژایەتیکردنی ئەمریکا و سوپاکەی.

3. جڵەوشلکردنی ئەمریکا بۆ هێز و گروپە شیعیەکان.کە ئەمەش وایکرد شیعەی زۆرینەی دانیشتوان و لایەنگری گەورەی ئێران.زۆربەی دەسەلاتەکان بگرنە دەست و لە ڕێگەشیانەوە ئێران نفوز و دەسەلات و جاسوسەکانی خۆی بەشێوەیەک گەشە پێبدات کە لە ئێستادا(( 32 هەزاربەکرێگیراوی هەیە لەناو عێراقدا ))2. وەک (( صبحی توفهێلی)) ئەمینداری پێشووی حیزبولای لوبنانی دەڵێت (( حەسەن نەصرولاو عەبدول عەزیز ئەلحەکیم جێبەجێکاری سیاسەتەکانی خامنەئین لە عێراق و لوبناندا))3.

هەروەها پێش هەڵبژاردنەکان لە 2005/1/30دا, ((رائۆل مارک غیریشت)) لە ووتارێکی رۆژنامەی(( ویکلی ستاندرد))دا رایگەیاند(( لەسەر عەلاوی و ئەمریکیەکانە کە بە ئاشکرا بزانن کە شیعەکان بەرەو دەسەلات دێن, وەلەسەر رابەرانی سونەشە کە وا 1 ساڵیان دەوێت بۆ گەیشتنەوە بەعێراقی نوێ وەدەبێت ئەوەش بزانن کە سوپای عێراق لەزۆرینەی شیعە و کورد پێک دێت لەبەرئەوەی هەلوێستی سونە ئەو ئەنجامەی پێدان , بەمەش دەبێت سونەی عەرەب ئەوە بزانن کە ئەوان عێراقیان لەدەستچووە))4.

4. ئێران





ئێران وولاتێکی گەورەیە لەرووی جوگرافیاو ژمارەی دانیشتوان کە 70 ملیۆن کەسە و دەوڵەمەندەلەرووی سەرچاوەی مادی و مرۆییەکانەوە و خاکێکی پان و بەرینیشی پڕ لەسامانی سروشتی لەنەوت و کانزاکانی تر و گازی سروشتی هەیە. دراوسێیەکی گەورەو کاریگەری عێراقە و لە دێر زەمانەوە ئێران و دەسەلاتەکەی تەماعی داگیرکردنی عێراقیان لەلادروست بووە بۆزەمەنێکی دوور و درێژیش لەسەر ئەم خاکە لەگەڵ ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا لەجەنگدا بوون.ئێران درێژترین سنووری لەگەڵ عێراقدا هەیە کە نزیکەی 1200کم دەبێت و زۆرینەی مەزهەبی ئاینیشیان شیعە مەزهەبە. و بەمەش کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر شیعەکانی ناو عێراق کە ئەوانیش زۆرینەن و لە 55_60%ی گەلانی عێراق پێکدێنن.

بوونی مەزارە پیرۆزەکانی ئیمامی شیعەکان وەک (( عەلی کوری ئەبوتالیب وحوسەین و ئیمام عەباس و زین العابدین و هادی و حەسن عەسکەری و...هتد)) لەعێراقدا هێندەی تر عێراق بۆتە جێگەی چاوتێبرینی ئێرانیەکان بەدەسەلات و گەلانی ئێرانیشەوە.

ئێران لەوکاتەوە لەساڵی 1979وە کۆماری ئیسلامی تیادا دامەزراوە و توانرا رژێمی شاهانشاهی دۆستی نزیکی ئەمریکا بروخێنرێت, ئیدی لەگەڵ ئەمریکادا نێوانیان تێکچوو و هەرئەوەش بوو کە ئەمریکا هانی رژێمی بەعسی عێراقیدا لەساڵی 1980دا پەلاماری ئێران بدات وشەڕێکی 8 ساڵەیی بەئێران بفرۆشێت بەنیازی ئەوەی کە ئەو رژێمە ئیسلامیە بروخێنرێت.بەلام ئەمریکا

**ئەو کارەی بۆ نەچووسەر و ئێران هەرچەندە لەژێر فشاری دەرەکی و ناوخۆیدا لەسەر زاری ئایەتولا خومەینی لەساڵی 1988دا راگرتنی شەری راگەیاندو رازیبوو بەبریاری 598 ی نەتەوە یەکگرتووەکان..هەرچەندە بەنابەدڵیش ئەو بریارەی داو رایگەیاند(( ئەم بریارە وەک نۆشکردنی پەرداخێک ژهەروایە بۆم))5. بەم شێوەیە ئێران هەمیشە لەرۆژێک دەگەرا کە بتوانێت رژێمی عێراقی بروخێت و بەئازادی دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆیەوە. ئەمریکاش لەساڵی 1979وە و یەکلایەنە گەمارۆی ئابوری خستۆتە سەر ئێران بەلام ئێران بە پەیرەوکردنی سیاسەتی پشت بەخۆ بەستن توانی بارودۆخی ناوخۆیی و نێونەتەوەیشی لەدوا جەنگی عێراق_ ئێران رێک بخاتەوە و سەرقاڵی گەشە پێدان و پەرە پێدانی توانا سەربازی و ئیداریو ئابوری و سیاسیەکانی خۆی بێت. سەرەرای ململانێی حیزبەکانی و باڵە جیاوازەکانی(( موحافیزکارو ریفۆرمخوازەکان)).**

**لەئێستادا کێشەی کورە ئەتۆمیەکانی ئێران بۆتە گەرموگورترین کێشە لە ناوچەکەدا کە رووبەرووی ئەمریکا بۆتەوە و سەرجەم ئەوروپاو دونیاش و نەتەوەیەکگرتووەکانیشی بەخۆیەوە سەرقاڵکردوە.کە دەسکەوتنی ئەو چەکە مەترسیە بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە بۆ سەر ئیسرائیل و لەلای سێهەمیشەوە بۆ سەر وولاتانی کەنداو کە دۆستی ئەمریکان لە ناوچەکەدا.کە ئەمەش بۆخۆی تەواو دژ بە ئامانج و سیاسەت و پرۆژەکانی ئەمریکایە بۆ ناوچەکە .**





**هەوەها هێزو دەسەلات و توانای ئێرانی شیعی لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە لەساڵی 2003دا بەرادەیەک زیادبوە کە وەزیری دەرەوەی سعودی (( ئەمیر سعود فەیسەڵ )) لەبەردەم مەجلیسی پەیوەندیە دەرەکیەکانی ئەمریکا لە نیویۆرک رێگەیاند کە (( ئێرانیەکان لەئێستادا بەشێوەیەکی فراوان لەعێراقدان,ئەو جێگەیانەی کە ئەمریکی و بەریتانیەکان دەستی بەسەردا دەگرن ئێرانیەکانی تێدەچێت و بە پارەو بەچەک هاوکاری میلیشیاکان دەکات))6 وەک ئاماژەیەک بۆ باشووری عێراق کە زۆرینەی شیعە نشینن.**

**هەوروەها ئێران بەناردنەناوە و کارئاسانی بۆ ئەندامانی رێکخراوی ئەلقاعیدە بۆ ناو عێراق و درێژەدان بەکارە تیرۆریستیەکان بەهەمان شێوە بۆتە جێگەی مەترسی و هەرەشە لەبەردەم پلانەکانی ئەمریکا لە عێراقدا.**

**هەروەها ئێران بەهاوکاری و هاوپەیمانی لەگەڵ سوریاو پشتیوانیان لە حیزبولای لوبنانی شیعە جارێکی تر بۆتەوە هەرەشە لەسەر بوون و دەسەلاتی ئەمریکا لەناوچەکەدا, بەهەمان شێوە هاوکاری و پشتیوانی مادی ئێران بۆ بزوتنەوەی توندرەوی حەماسی فەلەستینی هێندەی تر رۆڵی نێگەتیڤی ئێرانی بەرامبەر ئەمریکا زیادکردوە.**

**بەم هاوکاری وپەیوەندیە شیعەیەی ئێران و عێراق و سوریاو حیزبولاو حەماس, هەرەشەیەکی جدی دروست بوە لەسەر وولاتانی سونە مەزهەبی عەرەبەکان لە ئوردون و میسر و کەنداویەکان وەک**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

شاعەبدولای دووەمی ئوردون لە ساڵی 2005دا رایگەیاندکە (( مانگی شیعی ئێران وسوریاو حیزبولا, هەرەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر وولاتە سونە مەزهەبەکان))7.

### 5. سوریا

سوریاش بەهەمان شێوەی ئێران دوژمنایەتیەکی دێرینی لەگەڵ دەسەلاتدارانی بەعسی عێراقیدا هەبوە,هەرچەندە هەردووکیان دووڕووی یەک دراویش بوون وەک دووباڵی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و هەردووکیشیان خۆیان بەنمایندەی باڵی قەومی و شۆڤێنی و ناسیۆنالیستی عەرەبی دادەنا.

هەربۆیەش لە ئێستادا رۆڵێکی گەورە دەگێرێت بۆ ناجێگیربوونی باری سیاسی و سەربازی و ئەمنی لە عێراقدا و چەندین جار لەلایەن ئەمریکاوە ئاگادارکراوەتەوە بەلام سوریا سوورە لەسەر شکسپێهێنانی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەشدا.لەبەرامبەر شکستپێهێنانی و دەرکردنی لەژێر فشاردا لەلوبنان و نەمانی هێز و دەسەلاتی لەو وولاتەدا. سوریاش بەهەمان شێوەی ئێران لەژێر فشاری کۆمەڵی نێودەوڵەتیدا و ئەمریکا و ئەوروپادا لەحاڵەتێکی ناجێگیری سیاسیدا دەژی بەتایبەتیش دوای کوژرانی رەفیق حەریری سەرۆک وەزیرانیپێشووتری لوبنان کە بەدەستی سوریا دەزانرێت و تائێستاش لێکۆڵینەوە لەو مەسەلەیە بەردەوامە.ئیدی دوای ئەو رۆژە سوریا لەلوبناندا هێز و دەسەلات و نفوزی کەم بۆتەوە و لەئێستاشدا لەرێگەی حیزبولاو حیزبی ئەمەلی شیعی و





کەمایەتیەکی مەسیحیەکان درێژە بەکارە تێکدەرو دەسوەردانی لەکاروباری ئەو وولاتە درێژە پێدەدات.

سوریا بەهەمان شێوە هاوکارو پشتیوانی رێکخراوی حەماس و گروپە توندرەوەکانی فەلەسین دەکات دژی ئیسرائیل و بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا, بەم هەلوێستانەشی بۆتە ئاستەنگ و رێگرێکی گەورە لەبەردەم پلان و ستراتیژیەتی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەشدا.

### 6. حیزبولای لوبنانی و رێکخراوی حەماسی فەلەستینی

ئەم دوو رێکخراوە توندرەوە ئیسلامیە شیعە و سونە مەزهەبە کە لایەنگر و هەواداری سیاسەتەکانی ئێران و سوریان, زۆر بەگەرمی دژایەتی ئیسرائیل دەکەن و مەترسییشان لەسەر ئیسرائیل دروست کردوە و لە جەنگی 1 مانگەی حوزەیرانی/2006دا حیزبولا توانی بۆ یەکەم جار لەمێژووی ئیسرائیلدا رۆکێتی دوورهاوێژ رەوانەی ئیسرائیل بکات و مەترسی جدی بۆ دانیشوان و شارەکانی دروست بکات وەک شارەکانی حەیفاو تەنانەت تەلئەبیبیش. حیزبولا لەلوبناندا بۆتە سەرەنێزەی ئۆپۆزسیۆن دژی حکومەتەکەی فوئاد سەنیۆرە و زۆرینەی پەرلەمان و ئاژاوەو گێچەڵی زۆر دەنێتەوە.

حەماسیش لە فەلەستیندا بەهەمان شێوە لەگەڵ رێکخراوی فەتحدا کەمیانرەوترە دژی ئیسرائیل کەوتۆتە هەلایسانی شەری ناوخۆ و هیچ مساوەمەیەک ناکات لەسەر دروشم و ئامانجەکانی. کە بەمەش هەردوو رێکخراو مەترسی جدیان دروست کردوە بۆسەر هەیمەنەو نفوز و دەسەلاتی ئیسرائیل و ئەمریکا لەناوچەکەدا.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بەم بوونی هەموو ئاستەنگانەوە لەبەردەم ستراتیژ و پلانەکانی ئەمریکا لەناوچەکەو لەعێراقیشدا.,ئاسۆی دوارۆژی مانەوەو بون و دەسەلاتی ئەمریکا لە عێراق و ناوچەکەدا رۆشن نیە و بەرەو ئاراستەیەکی نادیار و تاریک هەنگاو دەنێت.**8

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

## گەورەترین مەترسی

❖ **ئاشکرایە دین کاریگەریەکی گەورەی هەیە لەسەر فکر و هەلسوکەوت و گوتاری سیاسی و کۆمەلایەتی و دابونەریتی گەلان بەشێوەیەکی گشتی و بۆتە هۆکارێکی پێکەوە گرێدانی زۆرێک لەگەلان بەیەکەوەو یەکێکە لەپایەکانی پێکهێنانی نەتەوەش, دیانەتە سەرەکیەکانی ئەم ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستە بریتین لە دیانەتی (( جولەکە و مەسیحیەت و ئیسلام)) کەهەرسێ**





**دیانەتەکە لەم ناوچەیەدا سەریان هەلداوەو بلاوبونەتەوە بەناو گەلانی دونیاشدا.**

**هەروەک چۆن دین بۆتە هۆکارێکی پێکەوەگرێدان و کۆکردنەوەی زۆرێک لەنەتەوەکانی دونیا بەهەمان شێوە و بگرە زیاتریش بۆتە هۆکاری لێکترازان و جیابونەوەو خوێنرشتنی گەلان و بگرە پێکهاتەی یەک گەلیش, هەموو دیانەتەکان بەهۆی قوڵبونەوەو لێکتێگەیشتنی جۆراو جۆر و شیکردنەوە و راڤەکردنی هەمەلایەنە بۆ دەقی ئایەتەکان و فەرموودەکان, دابەش بونەتە سەر چەند رچە و رێبازێکی ئاینی کە ئەگەر لەبنەما سەرەکیەکانی (( عەقیدەدا)) یەک بگرنەوە, ئەوا لە زۆرێک لەهەلسوکەوتە رۆژانەییەکاندا لێک دوور دەکەونەوە. هەرئەمەش وایکردوە کە گروپی دینی جیاواز لەناو یەک دیانەتدا دروست ببێت و هەریەکەشیان سەر بە قوتابخانە و ناودارێکی ئەو دیانەت بن و پەیرەوی فتواو بلاوکراوەکانی بکەن. مێژووی دیانەتەکان لەم ناوچەیەدا چەندە مێژوویەکی پرشنگدارە و هۆکاری پێشکەوتن و سەرهەلدانیقۆناغێکی نوێ و هوشیارکردنەوەی میلەتان بوە, بەهەمان شێوەش لەدوو توێی مێژوەکەی خۆیاندا بەسەدان لاپەرەی رەش و خوێناویشیان لەخۆ گرتوە.هەربۆیە لەسەردەمانی کۆن و ئێستاشدا هەرکاتێک لایەنێک ویستبێتی دەست وەربداتە کاروباری ناوخۆی ولاتێکەوە بەمەبەستی ئاژاوەنانەوەو گۆران و داگیرکردن ئەوا هەمیشە خاڵی لاواز بریتی بوە لە (( کەلێنی ئاینی )) و توانیویانە لێوەی دزە بکەنە ناو ریزەکانی ئەو گەل و ولاتەوە. بەو**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**پێیەی ئەم ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەش زۆربەی هەرەزۆری گەلانی موسڵمانن و پەیڕەوانی دینی ئیسلامن. هەربۆیە هەمیشە خاڵە جیاوازەکانی ئەم دیانەتە بونە هۆکاری دەسپێکی ئاژاوەنانەوە و گۆڕان .**

**ئاشکرایە لە دیانەتی جولەکەدا ڕچە و ڕێبازی توندڕەو و میانڕەو هەن. هەروەرها لەدیانەتی مەسیحیشدا مەزهەبی کاسۆلیکی و پڕۆتستانت و ئەرسۆدەکس هەن. لەدیانەتی ئیسلامیشدا مەزهەبی سونەو شیعە هەن.**

**کە زۆربەی کات ئەم مەزهەبانە لەهەموو دیانەتەکاندا بەدرێژایی سەرهەلدان و لێک جیابونەوەیان لەململانێ و دووبەرەکی و خوێن ڕشتنی یەکتریدا بوون و هێندەی بونەتە هۆی لاوازی دیانەتەکان نیوهێندە نەبونەتە هۆی پتەوکردن و بەهێزکردنیان.**

**هەربۆیە لە ئێستادا و لەم ناوچەیەدا(( مەترسیدارترین هەڕەشە بۆ سەر یەکێتی گەل و وولاتەکان بریتیە لە هەڕەشەی مەزهەبی لەنێوان سونەو شیعەکاندا))** 9

**ئاشکراشە پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە و کە کرۆکی بیرۆکەکەی بریتیەلە لەبیردۆزەی فەوزای دروستکەر و پایە گرنگەکانی ئەم بیردۆزەیەش بریتیە لە جۆشدان و هاندانی کێشە مەزهەبی و تایەفی و نەتەوەییەکان بۆ دروست بوونی فەوزایەکی گەورە لەناوچەکەدا و دەستپێکردنی گۆڕانێکی گەورە و کاریگەر بەسەر جوگرافیاو سنوری وولاتانەی ناوچەکەدا.و سەرلەنوێ**





**داڕشتنەوەو ڕێکخستنەوەی لەلایەن ئەمریکاوە بەپێی تێروانین و بەرژەوەندیەکانی خۆی ,**

**بۆزیاتر تێگەیشتن لەهەردوو مەزهەبی سونە و شیعە لە ئیسلامدا و کێشە و ململانێکانیان و خاڵە جیاوزەکانیان بەکورتی باسی هەریەکە لەو دوو مەزهەبە دەکەین .**

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

## 1. مەزهەبی سونە

**زاراوەی ئەهلی سونە و جەماعەت ئەم زاراوەیە زاراوەیەکی گشتگیرە و بەتایبەتیش بەکاردێت بۆ ئاماژەکردن بەمەزهەبی سونە لە ئیسلامدا کە خۆیان جیادەکەنەوە لە مەزهەبی شیعە.**

**ئەم زاراوەیە ئاماژەیەکی دینی هەیە بەوەی کە مەزهەبی سونە بەوە دەزانێت کە پەیڕەوانی سونەتی پەیامبەرن لە (( گوتە و کردار و نوسیندا )). لەهەمان کاتیشدا تێگەیشتنی سیاسیشی هەیە و لەوەدا دەردەکەوێت کە زاناکانی ئەم مەزهەبە هەمیشە جەخت دەکەنەوە لەسەر یەکێتی و کۆمەڵ و ڕێگرتن لە فیتنە. ئەم هەلوێستەش**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**لەکاتێکدا دەرکەوت کە زۆربەی صەحابییەکان خۆیان پەراوێزگرت لەفیتنەی (( ململانێی نێوان معاویە و عەلی)) لەدوایشدا بەحوکمی معاویە ڕازیبوون دواى سەرکەوتنی لێرەشدا هەر لەبەر ترسی فیتنە.**10

**سونە ڕێباز و ئاینزایەکی سەرەکی ئیسلامە.بەشێکی سەرەکی پێک هاتەی موسڵمانانە و زۆربەی موسڵمانانی جیهان دەگرێتەوە, ئەمانە تەنها بڕوایان بەو فەرمایشتانە هەیە کە لە قورئاندا هاتوەیان لەسەر زاری پەیامبەرەوە بیستراوە.یاخود ئەو بیروڕایانەی کەلەڕێگای ئەوانەوە چەسپاوە, ئیتر هەرچیەکی تر هەبێت پاش ئەوانە(( بیدعەیە)). هەروەها بەوە لەگەڵ مەزهەبی شیعەدا جیادەکرێتەوە کە سونە پەیڕەوی ئەو فتوایە دەکەن کە دەڵی پێشەوایەتی ئیسلام دواى پەیامبەر بۆ ئەبوبەرکی صدیقە, بەپێچەوانەی شیعەکان کە تەنها بەپێشەوایەتی ئیمام عەلی ڕازین و بەحەقی ئەوی دەزانن چونکە ئامۆزای پەیامبەرەو لە ئەهل و بەیتە و لەوبەولاوە بەکەسی تر ناشێ.** 11

**سونە لەڕووی زاراوەییەوە بریتیە لە داب و نەریت و ڕێگا, هەروەها بریتیە لەوەی کە ڕەنگێکی دیاریکراوی نیە دەشێت باش بێت یان خراپ, بەلام لەڕوی دینی و سیاسیەوە چەند مانایەک دەبەخشێت:-**

1. **سونەت بەمانای یاساو ڕێگا دێت, وەک لە قورئاندا هاتوە(( سنت الله)) و (( سنت الاولين )).**
2. **سونەت بەمانای ئەوەی لە پەیامبەرەوە وەرگیراوە لە گوتە و کردار و نوسین,کە (( سونە و شیعە)) لەسەر ئەمە کۆکن جیالەوەی**





**کە سونە بڕوای بە گێڕانەوەی صەحابەکان هەیە و شیعەش بڕوای بەئیمامەکان هەیە, بەمەش سونەت یەکێکە لەچوار کۆڵەکەی دین لە قورئان و سونەت و ئیجماع و قیاس.**

3. **سونە , بەمانای ئەهلی جەماعە دێت کە مەزهەبێکی سیاسی و بیروباوەڕی و فقهیە,کە بە میانڕەو نەک توندڕەوی ناسراوە لەهەموو بیروباوەڕەکانیدا. زۆرێکیش پێیان دەڵێن ئەهلی جەماعە و جمەور.**
4. **سونە, جۆرێکە لەو پێنج حوکمە کە زانایانی دین بۆ کرداری مرۆڤ دایانناوە لە :- فەرز و سونەت و ڕێپێدراو خراپ و حەرام .** 12

**لەئێستادا زۆرێک لەو گروپە ئیسلامیانە ئەم زاراوەیە بەکاردێنن بۆ ئەو گروپەی کە ڕزگاری دەبێت وەک ئەوەی لە فەرمودەیەکی پەیامبەردا هاتوە کە دەڵێت (( ئیسلام دەبێت** 73 **گروپ و کۆمەڵەوە کە تەنها یەکێکیان ڕزگاری دەبێت)). وەزۆرێک لەو گروپە ئیسلامیانە هەوڵی پاوانکردنی ئەو ناوە دەدەن بۆ خۆیان وەک وهابیەکان و...هتد.لەکاتێکدا چەمکی مێژوویی ئەم زاراوەیە هەموو مەزهەبە سونیەکان دەگرێتەوە کە پەیڕەوی لەسونەتی پەیامبەر دەکەن.**13

## فقهی سونی



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

سەرهەڵدان و گەشەکردنی فقهی سونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام.بەتایبەتیش دوای کۆچی پەیامبەر, بەشێوەیەک کە ئیجتیهاد لەلایەن صەحابە و دواکەوتوان( تابعین ) و موسڵمانان بەگشتی سەر یان هەڵدا دەربارەی جێبەجێکردنی گوتەو کرداری پەیامبەر.

لەگەڵ بلاوبونەوەی ئیسلام و فراوان بوونی و رووبەرووبونەوەی لەگەڵ زۆرێک لە کێشەی نوێی دینی و یاسادانان, لەبەرئەوە ئیجتیهاد بوە پێویستیەک بۆ وەلامدانەوەی ئەو کێشانە.بەمەش کۆمەڵێک لەزانا دروست بوون کە ئەرکیان فێرکردنی موسڵمانان بوو بۆ ئەرک و فەرمانە دینیەکان. فراوان بوونی جوگرافیای ئیسلام و جیاوازی ژینگەکان کە ئیسلامی تیدا بلاوبۆوەو هەروەرها توانی هەندێ دەقی ئاینی کە دەکرا ئیجتیهادیان تیادا بکرێت بەگوێرەی بارودۆخەکان, ڕێگە خۆشکەر بوو بۆ دروست بوونی قوتابخانە فقهیە جیاوازەکان لەوولاتانی ئیسلامیدا. بەشێوەیەک کە بۆ هەر زانایەک فەقێ و پەیرەوانی بۆ پەیدا بوو کە ڕێنمایی و فتواکانی ئەم زانایانەیان بلاودەکردەوە.

ئەو مەزهەبە فقهیانەی کە دەرکەوت و زۆر بلاوبونەوە لەناو ئەهلی سونەدا بریتین لە چوار مەزهەب و بونەتە مەزهەبی فەرمی لەکتێب و بلاوکراوەکانی ئەهلی سونەدا , ئەوانیش بەپێی دەرکەوتنیان:-

1. مەزهەبی ئەبی حەنیفەی نوعمان
2. مەزهەبی مالکی کوری ئەنەس
3. مەزهەبی شافعی
4. مەزهەبی ئەحمەدی کوری حەنبەل





## بنەماکانی فقهی سونە

بنەمای فقە لەلای ئەهلی سونە بریتیە لە قورئان و سونەتی پەیامبەر و ئیجماع و پێوانە( قیاس ). سونەتی پەیامبەر کۆکراوەتەوە لە 10 کتێبی سوندا وەک (( صەحیحی بوخاری و موسلیم و 4 کتێبەکانی سونە وەک سونەتەکانی ئەبو داود و نسائی و پاڵپشتەکانیان وەک پاڵپشتی ئەحمەدی کوری حەنبەل و ...هتد وەک سەرچاوەیەک بۆ ئیمان و یاسادانان.)).

## قوتابخانە فقهیەکان

دابەش دەبێتە سەر 4 قوتابخانە مەزهەبیە فقهیەکان بەپێی دەرکەوتنیان:-

1. حەنەفی
2. مالکی
3. شافعی
4. حەنبەلی

ئەم مەزهەبانە تەنها قوتابخانەیەکی فقهین و هیچ جیاوازیەکیان لەنێواندا نیە لەسەر (( عەقیدە)), هەروەها مەزهەبی فقهی تر هەن بەلام هێندەی ئەم چوار مەزهەبە بلاو وبەناوبانگ نین.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## دەسەلات وجوگرافیای بلاوبونەوەی مەزهەبی سونە

مەزهەبی سونە بەگەورەترین و بلاوترین مەزهەب دادەنرێت لە ئیسلامدا لەهەموو دونیادا. بەشێوەیەک پەیرەوانی ئەم مەزهەبە دەگاتە 90%ی موسڵمانان جیهان. هەروەها لە ئێستادا مەزهەبی فەرمی زۆرێک لە ولاتە ئیسلامیەکانە,هەروەک لە کۆنیشدا مەزهەبی فەرمی زۆربەی ولاتانی ئیسلامی بوە لە رۆژهەلات و رۆژئاوادا, بۆ نمونە دەوڵەتی عوسمانی مەزهەبی (( ماتریدی)) سونەی کردبوە مەزهەبی رەسمی دەوڵەت و قوتابخانەی (( حەنەفیشی)) کردبوە سەرچاوەی حوکم و یاسادانانی دەوڵەت , لەگەڵ داننان بەمەزهەبەکانی تریشدا و دامەزراندنی دادەوەر و مامۆستا بۆیان.

## زاناو رابەرانی ئەهلی سونە و جەماعە

1. پەیامبەر(( محمد کوری عەبدولا )) درودی خوای لێبێت
2. خەلیفەکانی راشدین
3.صەحابەکان
4.دواکەوتوەکان(تابعین)
5.ئەبوحەنیفەی نوعمان
6.مالکی کوری ئەنەس
7.شافعی





8. ئەحمەدی کوری حەنبەل
9. محمد کوری ئیسماعیل کوری ئیبراهیمی بوخاری کە دانەری کتێبی صەحیحی بوخاریە
10. موسلیکم کوری حەجاجی نیساپوری دانەری کتێبی صەحیحی موسلیمە

## قوتابخانە فکریەکان لای ئەهلی سونە

مەزهەبی سونە گەلێک لق و پۆپی لێدەبێتەوە کە جیاوازیان هەیە لە راڤەکردنی(( عەقیدەی ئیسلامیدا)) لەوانەش:-

1. قوتابخانەی سەلەفی/ ئەهلی فەرمودە
2. قوتابخانەی ئەشعەریەکان
3. قوتابخانەی ماتریدیەکان
4. قوتابخانەی دیوبەندیە
5. قوتابخانەی بربلویە

هەندێ لە سۆفیەکانیش خۆیان حساب دەکەن لەسەر ئەهلی سونە و جەماعەت, لەگەڵ ئەوەی کە چەند جیاوازیەکیان هەیە لە گەڵیاندا دەربارەی هەندێ لە عەقیدە و خواپەرستیدا, لە رێگاکانی سۆفیەکانیش:-

1. رێگای قادری
2.رێگای تیجانی
3.رێگای ریفاعی14



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

# 2.مەزهەبی شیعە

## چەمک و زاراوەی شیعە

ووشەی شیعە لە زمانی عەرەبیدا بەمانای لایەنگری دێت و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کە لایەنگری عەلی کوری ئەبوتالیب و ئال و بەیتی پەیامبەرن. 15

وشەی (( شیعە )) وەرگیراوە لەکرداری (( تەشەیوع ))وەکە ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە رێبازێکی دیاریکراو دەگرن, یان رێگایەک یان فکرەی کەسێکی دیاریکراو دەگرن.

((شیعە)) مەبەست لێیان لایەنگرانی ئیمام عەلی کوری ئەبو تالیبە کە لەلایەن پەیامبەرەوە دەستنیشانکراوە بۆ جێگرتنەوەی لە دواخۆی. شیعەکان دانانێن بە خەلافەت لەرێگەی شوراوەکە هەرسێ خەلیفەکانی تر(( ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان )) لەرێگەیەوە بونەتە خەلیفەی موسڵمانان و پێیان وایە ئەوان حەقی عەلیان خواردوە لە خەلافەتدا.





هەروەها شیعە بروایان وایە کە ئیمام عەلی کوری ئەبوتالیب و کورەکانی پێشەواو رابەری موسڵمانانن لەدوای پەیامبەر بەدەقی قورئان. وههەر لە پەیامبەرەوە زانست و پاکێتیان وەرگرتوە و ملکەچبون بۆیان واجبە, و بەمەزهەبی فقهیەکەیان دەوترێت (( جەعفەری )) کە بۆ ئیمام جەعفەری صادق دەگەرێتەوە. 16

بەلام هەندێک لە شیعەکان پەیرەوی ئەو گووتەیە دەکەن کە دەبێت پێشەوایەتی (( ئیمامەت)) دوای پەیامبەر بۆ عەباسیەکان بێت.

کۆمەڵێکی تریان بروایان وایە کە پێشەوایەتی بۆ کەسانی تر بێت کە هیچ پەیوەندیەکیان بە ئەهلی بەیتی پەیامبەرەوە نەبێت.17

## مێژووی سەرهەلدانی شیعە

دروستبوونی ((شیعە)) کە بەلایەنگرانی ئیمام عەلی کوری ئەبوتالیب ناسراون لەوکاتەوە ناسرا کە پەیامبەر لە دوای (( حەجی ماڵئاوایی )) موسڵمانانی کۆکردەوە لە جێگەیەک کە بە(( غدیر خم)) ناسراوە و پێراگەیاندون کە (( دوا خۆی عەلی ببێتە رێبەری موسڵمانان))وەک لەم فەرمودەیەدا دەردەکەوێت (( من کنت مولاه فهذا علی مولاه,اللهم وال من ولاه وعاد من عاداه.وانصر من نصره واخذل من خذله وادرالحق اینما دار ))18. لەگەڵ ئەوەی ئەم رووداوە هەموو سەرچاوە ئیسلامیەکان راستیەکەی دەسەلمێنن بەلام بەهۆی هەڵەیەکی زمانەوانی و لێتێگەیشتنی جیاوازەوە گەورەترین هەلا دروست بوە لەناو ئیسلامدا.هەرچی لایەنگرانی شیعەیە دەڵێن مانای(( مولی )) ئەوەیە کە(( هەرچی پەیامبەر رابەرایەتی کردوە ئەوا لەمەودوا عەلی رابەرایەتی دەکات)) .



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بەلام ئەهلی سونە دەڵێن ووشەی (( مولی )) بەمانای رێز و خۆشەویستیە و مانای (( رێبەر و ئیمامی )) موسڵمانان ناگرێتەوە.**
**مەزهەبی شیعە لە ئیسلامدا بەدووەم مەزهەب دادەنرێت لەدوای مەزهەبی سونەوە , چونکە لە رووی پەیڕاوەنەوە لە مەزهەبی سونە کەمترن و تەنها لەلایەن هەندێ وولاتانی ئیسلامەوە بەمەزهەبی فەرمی دەوڵەت ناسراوە , مەزهەبی شیعە و دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی ئیسلام لەسەردەمی ژیانی پەیامبەردا کاتێک کۆمەڵێک لە صەحابە لایەنگری ئیمام عەلیان ئەکرد کە ناوبانگترینیان (( ئەبو زەری غەفاری و سەلمانی فارسی و مقدادی کوری ئەسوەدی کندی و عەماری کوری یاسر و جابری کوری عەبدولا و حوزەیفەی کوری یەمانی و بیلالی کوری رەباح و زۆرێکی تر))** 19 **,هەندێکی تر مێژووی دروست بوونی شیعە بۆ دوای مردنی پەیامبەر دەگەڕێننەوە.**
**هەندێکی تر دەڵێن دوای کوشتنی عوسمانی کوری عەفان سێیەم خەلیفەی ئیسلام شیعە سەریهەلداوە .**
**د. تهها حوسەینیش دەڵێت (( لەدوای کوشتنی عەلیەوە شیعە سەریهەلداوە)).**
**هەندێکی تریان پێیان وایە کەلەگەڵ دەرکەوتنی بیردۆزەی (( دەق و دیاریکردنەوە)) دروست بووە.**
**بەلای شیعەکانەوە ئەو گوتەیە راست نیە کە دەڵێت شیعە لە مێژوی جەنگی (( صفین ))ەوە دروست بوە, ئەگەر وابوایە ئەی ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئیمام عەلیدا دەجەنگان کە ژمارەیەکی زۆری**





**صەحاب بوون کێبوون ئەگەر شیعە نەبوبن.شیعەکان پێیان وایە ئەوانەی کە ئەم بیردۆزەیە دەخەنە روو گوایە شیعە مەبەستی سیاسی لەپشتەوەیە نەک دینی.**
**هەندێکی تر دروستبوونی شیعە دەگەڕێننەوە بۆ ئیمام (( جەعفەری صادق)) و مەزهەبی شیعە بەناوی ئەوەوە ناسراوە. بەلام شیعەکان ئەم رایەش بەهەڵە دادەنێن چونکە شیعە زۆر لەپێش سەردەمی ئیمام جەعفەری صادقەوە هەبوە,چونکە ئیمام جەعفەر لەباوکیەوە ئیمام باقرمەزهەبی شیعەی وەرگرتوە و ئەویش لە باوکیەوە عەلی کوری حوسەین و ئەویش لە لە ئیمام حوسەین و بەم شێوەیە ئەو نجیرە رابەرانە کۆتاییان دێت بە ئیمام عەلی کوری ئەبو تالیب و لەوەوە مەزهەبی شیعە دروست بوە . بەلام بەهۆی ئەوەی لە سەردەمی ئیمام جەعفەری صادقدا جۆرێک لە ئازادی رادەربڕین هەبوە و توانیویەتی لەسەردەمی خۆیدا چالاکی ئاشکرا بنوێنێت و بتوانێت زانست و فکر و بنەماکانی مەزهەبی شیعە بلاوبکاتەوە و بناسێنێت بەموسڵمانان.**
**شێخ کاشف الغطاء دەڵێت :- (( ئەو کەسەی کە یەکەم تۆوی تەشەیوعی رواند لە ئیسلامدا هەمان ئەو کەسەیە کە خاوەن نامەی ئیسلامە کە ئەویش پەیامبەرە. و لەژیانی خۆیدا گەشەی کردو لەدوای مردنیشی بەریگرت)).**
**شێخ موزەفەر دەڵێت :- (( بانگەوازی تەشەیوع لە ئیسلامدا لەوکاتەوە سەریهەلدا کە بۆ یەکەم جار پەیامبەر بانگەوازی**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ئیسلامی ڕاگەیاند لە دۆڵ وچیاكانی شاری مەكەدا و ئیمام عەلیش هەر لەوكاتەوە لەتەک پەیامبەردا بانگەوازی بۆ كردوە )).

بەلام هەندێ لە ناحەزانی شیعە دەڵێن:- بانگەوازی شیعە لەلایەن(( عەبدولای كوڕی سەبەئەوە)) دەستیپێكردوە, كەشیعە لەو پیاوە و لەگوتار و كردارەكانی بێبەریە, و ئەم پیاوە كە كەسایەتیەكی خەیاڵیە تەنها بۆ دژایەتیكردنی شیعە دروستكراوە .

هەندێكی تر دەڵێن:-شیعە لەوكاتەوە دروست بوە كەلەژێر كەپری (( سەقیفە)) كۆبونەوەیەک لەنێوان ئیمام عەلی و لایەنگرانیدا كرا كە بەیعەت بەخەلیفە ئەبوبەكر نەدەن. كە ئەمەش بەلای شیعەكانەوە ناڕاستە چونكە ئەگەر پێشینەیەک بۆ ئەو كۆبونەوەو لایەنگریە نەبوبێت چۆن ئیمام عەلی و لایەنگرانی كۆدەبنەوە و هاوڕاو هاودەنگ دەبون.

هەندێكی تر دەڵێن:-فارسەكان دامەزرێنەری مەزهەبی شیعەن,كە ئەمانەش لەگەڵ ئەو كەسانەدا یەكدەگرنەوە كە دەڵێن شیعە بەرەچەڵەک جولەكەیە كە ئەمانە هەموو بۆ لەریشە هەلكێشانی شیعەن لە بنەماكانی خۆی ودوورن لە ڕاستیەوە.20

❖ زیاد لەیەكێک لەنوسەرە كۆن و نوێكان ڕایانگەیاندوە كە مەزهەبی شیعە وەک هەموو مەزهەبەكانی تری ئیسلام لە ئەنجامی ململانێ سیاسیەكانەوە دروست بوون, لەهەمان كاتدا هەندێكی تر وای دەبینن كە لە ئەنجامی گفتوگۆیەكی زمانەوانی و ململانێی فكریدا دروست بوە.





بەم شێوەیە دەگەڕێن بەدوای مێژوی سەرهەلدان و گەشەكردنی لەگۆڕەپانی ئیسلامیدا, وەک ئەوەی كە مەزهەبی شیعە دیاردەیەكی نوێ بێت و هاتبێتە ناو ئیسلامەوە,و وای بۆ دەچن كە مەزهەبی شیعە هەرچەند بەشێكە لە جەستەی ئیسلام بەلام بە درێژایی مێژوو و لە ئەنجامی پێشكەوتنە سیاسی و كۆمەلایەتی و فكریەكانیەوە ئەم مەزهەبە دروست بوە و گەورە بوە و بلاویش بۆتەوە لە جەستەی ئیسلامدا. بەلام ئەم بۆچونەش بەلای شیعەكانەوە هەڵەیە, چونكە دروست بوونی شیعە بۆ سەردەمی پەیامبەر دەگەڕێتەوە, كاتێک كۆمەڵێک لە صەحابە بونە لایەنگری ئیمام عەلی كە پەیامبەر بەجێنشینی خۆی ناساند. بەم شێوەیە شیعە بریتیە لە (( موسڵمانە ئەنصار و موهاجیرەكان)) و ئەوانی دوایان كەوتون لەنەوەكانی ئایندە.

❖ مەزهەبی شیعەش هەروەک چۆن مەزهەبی سونە خۆیان بەو گروپە دەزانن كە (( ڕزگاربوون)) ئەمانیش خۆیان بە مەزهەبێكی ڕاست و ڕزگاربوو سەركەوتوو دەزانن. و بەچەندین دەقی ئایەتی قورئان و فەرموودەی پەیامبەر بەڵگە دهێننەوە لەسەر ڕاست و دروستی مەزهەبەكەیان. وەک ئایەتەكانی (( ان االذین امنوا وعملوا الصالحات اولئک هم خیر البریە)), لێرەدا (( خیر البریە)) بە ئیمام عەلی ووتراوە . چونكە لەناو صەحابەدا بلاو بوو هەركاتێ عەلی بهاتایە دەیانووت ئەوا (( خیر البریە )) هات. وەک (( ئیبن عدی و ئیبن عەساكر لەئەبو سەعید دەگێرنەوە كە عەلی خیر البریە بوە )) .

❖ هەروەها ئیبن عدی لە ئیبن عەباس دەگێڕێتەوە کاتێک ئایەتی (( ان الذین ....اولئک هم خیر البریه)) هاتە خوارەوە, پەیامبەر بە عەلی فەرموو کە (( تۆ و لایەنگرانتە تا ڕۆژی دوایی و خوالێتان ڕازیە)) .

❖ زۆرێکی تر لەفەرمووده لەو بارەیەوە هەن.کە ئیمام عەلی کەسێکی خۆشەویست و ڕێزلێگیراو و خواش لێی خۆش بوەو جێگەی بەهەشتە لەگەڵ ماڵ و منداڵ و لایەنگرانیدا.

❖ شیعە لەسەر ئەوەی کەئەوان ڕاست و دروستن و شاڕێگەی ئیسلامیان گرتوەدەڵێن : ئەگەر ئەهلی سونە لەکەسانی ترەوە سونەتەکانی پەیامبەریان وەرگرتبێت ئەوا شیعە ڕاستەوخۆ لەئال و بەیتی پەیامبەریان وەرگرتوە کە ئەوانیش ئیمامی عەلی و حەسەن و حوسەینن واتە شیعە ڕاستەوخۆ لە سەرچاوە پاکەکەی ئیسلامەوە ڕێنمایەکانیان وەرگرتوە.

ئیمام صادق دەڵێت (( سەیرم لە خەڵک دێت کە ئەوان زانستیان لە پەیامبەر وەرگرتوە و کاریان پێکردوە و خوا هیدایەتی داون, بەلام وادەبینن کە ئێمەی ئال و بەیت زانستمان لێوەرنەگرتوە و خوا هیدایەتی نەداوین,کاتێک ئێمە ئەهلی بەیت و نەوەی ئەوین و لەماڵەکانی ئێمەدا وەحی هاتۆتە خوارەوەو هەر لای ئێمەشەوە زانستەکان گەیشتوە بەخەڵکی, ئەوان وا دەبینن خۆیان زانستکار و ەیدایەت دروان, بەلام ئێمە نەزانین)) کە ئەمە شتێکی مەحاڵە.

هەروەها ئیمام باقر دەڵێت :-(( ئەگەر ئێمە خەڵکیمان بە ئارەزوو و ڕاوبۆچونی خۆمان ئاشنا کرد ئەوا بەهێڵاک دەچین, بەلام ئێمە





بەفەرمودەکانی پەیامبەر خەڵکی هوشیار دەکەینەوە کە لە پەیامبەرەوە وەرمان گرتوە)).

هەروەها ئیمام صادق لە جێگەیەکی تردا دەڵێت:- (( ڕێنماییەکانی من ڕێنمایی باوکمە و ڕێنمایی باوکیشم ەی باپیرمە و ڕێنمایی باپیریشم ڕێنمایی حوسەینە و ڕێنمایی حوسەینیش ڕێنمایی حەسەنە و ڕێنمایی حەسەنیش ڕێنمایی ئیمام عەلیە و ڕێنمایی ئیمام عەلیش ڕێنمایی پەیامبەرەو ڕێنمایی پەیامبەریش ڕێنمایی خوایە)).

گەلێک ئایەت و فەرموودەی تر هەن لەسەر بەرزی جێگەی ئیمام عەلی لەلای پەیامبەر لەوانە:فەرمودەی ماڵَ یان فەرمودەی ئاگادارکەرەوە کە دەڵێت (( هذا علی اخی,ووزیری , ووصیی ,وخلیفتی من بعدی )) .

هەروەها لە جێگەیەکی تردا پەیامبەر بە عەلی دەڵێت (( انت منی بمنزله هارون من موسی )).

هەروەها دەڵێت (( لاعطین الرایه لرجل یحب الله ورسوله و اعطاها لعلی وقوله انا مدینه العلم وعلی بابها)) .

ئایەتی ولایە کەلەسەر ئیمام عەلی هاتۆتە خوارەوە ((انما ولیکم الله ورسوله والذین امنوا الذین یقیمون الصلاه ویؤتون الزکاه وهم راکعون)) .

❖ روی الزمخشری فی ربیعه :ان رسول الله قال (( یاعلی,اذا کان یوم القیامه اخذت بحجزه الله تعالی,واخذت انت



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

بحجزتی,واخذ ولدک بحجزتک,واخذ شیعه ولدک بحجزهم,فتری این یؤمر بنا)).

❖ روی احمد فی المناقب انه صلی الله علیه وسلم قال لعلی (( اما ترضی انک معی فی الجنه,والحسن والحسین وذریتنا خلف ظهورنا,وازواجنا خلف ذریتنا وشیعتنا عن ایماننا وشمائلنا)).

❖ روی الطبرانی: انه صلی الله علیه وسلم قال لعلی(( اول اربعه یدخلون الجنه: انا وانت والحسن والحسین,وذریتنا خلف ظهورنا,وازاجنا خلف ذریتنا وشیعتنا عن ایماننا وشمائلنا)).

وەگەلێکی تر لە فەرموودە هەن لە سەر خۆشەویستی ئیمام عەلی و نەوەکانی .21

* * *

* *

*

## عەقیدەی شیعە

شیعە لە عەقیدەیاندا پشت دەبەستن بەو دەقەی کە پەیامبەر گووتویەتی لە جێگەی (( غدیر خم)) کە لەدوای خۆی عەلی کردوە بەرابەری موسڵمانان, ئیدی شیعە ئەم گوتەیە بەدەق و دیاریکردن دادەنێن لەلایەن پەیامبەرەوە.





شیعە مەزهەبی عەقیدەیان جەعفەریەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئیمام جەعفەری صادق کە ئەم مەزهەبەش لەلایەن زانکۆی ئەزهەرەوە دانپیادانراوە. هەروەها شیعە لەزانست و وەرگرتنی دینەوە پشت دەبەستنە ئەو پاشماوانەی کە لە ئیمامەکانیانەوە بۆیان ماوەتەوە. و پشت نابەستن بەگوتەی صەحابەکانی تر, هەروەها شیعە بروایان بەدادوەری هەموو صەحابەکان نیە, هەربۆیە زۆرێک لەو کتێبانەی لای سونە دانیانپیادانراوە لای شیعە بروایان پێیان نیەوەک(( صەحیحی موسلیم و بوخاری)) و لەجیاتی ئەمانە هەندێ کتێبی تایبەت بەخۆیان هەیە وەک کتێبی (( من لایحضره الفقیه والاستبصار والکافی للامام الکلینی و...هتد)) .شیعە دان تەنها بە پاکێتی و ئیمامەتی ئیمامەکانی شیعەدا دەنێت.22

## بنچینەی دین لای شیعە

لای شیعە بنچینەی دین دروست نیە چاولێکەری تیابێت, بەڵکو پێویستە لەسەر هەرکەسێ بەدەلیل بیزانێت کە ئەوەش باوەڕ و بروا پێکردنە. لای شیعە ئەم 5 خاڵە بنچینەی دینن:-

1. یەکتا پەرستی :- بروابوون بەخوای تاک و تەنها و خاوەن دەسەلات..
2. دادپەروەری:- بروابوون بەدادوەری خوای تاک و تەنها.



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

3. پەیامبەری:- بڕوابوون بە پەیامبەری(( محەمەدی کوری عەبدولا)) و گوێرایەڵی بۆی.
4. پێشەوایەتی :- شیعە بڕوایان بەپێشەوایەتی کەسێک هەیە کەلە پەیامبەرەوە زانست و دینی وەرگرتوە و دەبێتە رابەر و پێشەواو شیعە بڕوایان وایە کە خوا موسڵمانان بەبێ پێشەوا بەجێناهێڵێت.
5. ڕۆژی کۆتایی:- بڕوابوون بەڕۆژی کۆتایی و زیندووبونەوە.23

## لقەکانی دین لای شیعە

بریتین لەو لق و پۆپانەی کە دەکرێت چاولێکەریان تیادا بکرێت وەک :-

نوێژ و زەکات و ڕۆژوو و حەج و پێنج یەک و جیهادکردن و کاری چاکە و دوورکەوتنەوە لەخراپە و لایەنگری پیاوچاکانی خواو دژایەتیکردنی دوژمنانی خوا.

## جوگرافیای بلاوبونەوەی شیعە

چڕی دانیشتوانی شیعەی دوانزە ئیمامی دەکەوێتە ئێران و عێراق و ئازەربایجان و بەحرێنەوە,و بەرێژەیەکی گرنگیش لە کوەیت و لوبنان و هەندێ ناوچەی قەتیف و احساومەدینەی منەوەرە لەسعودیە و لەناوچەی مەسقەت و باتنە لە سەڵتەنەی عومان و دەوڵەتانی تری کەنداو و پاکستان و ئەفغانستان و هند و وولاتانی ئاسیای ناوەراست.

بەلام شیعەی ئیسماعیلی لە نەجرانی سعودی و لە هندیش هەن,بەلام شیعەی زەیدی بەزۆری لە یەمەن هەن.24





## گروپ و کۆمەڵەکانی شیعە

مەزهەبی شیعەش هەروەک مەزهەبی سونە دابەشبۆتە سەر چەندین لق و پۆپی جیاواز وەک:-

### 1. شیعەی ئیمامی یان دوانزە ئیمامی

ئەم گروپە لە ئەنجامی ململانێی سیاسی لەسەردەمی ئەمەویەکاندا دروست بوو,بەوەی کە دەقێکی قورئانیو پەیامبەر هەیە بە دانپیادانانی عەلی بۆ پێشەوایەتی موسڵمانان25 , ئەم گروپە بەزۆری لە ئێران و عێراق و لوبنان هەن. ئەم گروپەش دەبنە 3 لقی ترەوە وەک:-

- الاصولیه
- الشیعیه
- الاخباریه 26

دوانزە ئیمامەکەی ئەم گروپە بریتین لە :-

1. عەلی کوری ئەبو تالیب
2. حەسەنی کوری عەلی
3. حوسوینی کوری عەلی
4. عەلی کوری حوسەین((زەین العابدین))
5. محمەدی کوری عەلی(( باقر))
6. جەعفەری کوری محەمەد(( صادق))
7. موسی کوری جەعفەر(( کازم))
8. عەلی کوری موسا(( ڕەزا))
9. محەمەد کوری عەلی (( جەواد))



created using BCL easyPDF Printer Driver

10. عەلی کوری محەمەد(( هادی)

11. حەسن کوری عەلی (( عەسکەری ))

12. محەمەدکوری حەسن(( مەهدی چاوەروانکراو))27

## 2. شیعەی ئیسماعیلی

لەشیعەی دوانزە ئیمامی جیابۆتەوەکە هۆکاری سیاسی لە پشت ئەم جیابونەوەیەوە بوو,جیابونەوەکەش لەسەر ئەوەبوو کە ئیسماعیلیەکان دەیان ووت دەبێت ئیمامەت لەدوای جەعفەری صادقەوە بۆ کورە گەورەکەی بێت (( ئیسماعیل)) بەلام دوانزە ئیمامیەکان دەیان ووت دەبێت بۆ کوری دووەمی بێت (( موسی)) , ئەم گروپە زیاتر فکر و فەلسەفە خەیاڵی بەسەردا کێشاو دواتر چەند گروپێکی فەلسەفی لیَ جیابۆوە وەک (( اخوان الصفا وخلان الوفا)). وهەهەندێکی تریان بروای کۆمەلایەتی و جەماعی تیایدا زالَ بوو وەک (( قەرامیتەکان)) ئەم رەوتە بە باڵی چەپی ناو شیعە دەزانرێن,لەیەمەن و کەنداوی عەرەبی بلاوبونەتەوە و دەوڵەتیان دامەزراند وەک رەوتێکی شۆرشگێری دژی خەلیفەی عەباسیەکان لەسەرەتای سەدەی دەیەمی زاینیەوە دەرکەوتن. و بروایان بە یەکسانی پیاوان و ژنان هەبوو, موڵکایەتی تایبەتیان رەتدەکردەوە, هەموان لە بەرهەم هێناندا بەشداربوون, کۆمەڵە و رێکخراوە پیشەییەکانیان دامەزراند. , وەهەندێکی تریان کۆنەپارێزی بەسەریدا زالَ بوو وەک (( فاتمیەکان )) لەمیسر و





مەغریب کە دواتر دەوڵەتیان دامەزراند28.. ئەم رەوتەی شیعە بەزۆری لە (( هند و پاکستان و ئەفغانستان و عومان و زنجیبار و تانزانیا))دا هەن .وەئەم رەوتەش چەند لقێکی تری لیَ دەبێتەوە وەک:-

- ❖ نزاری
- ❖ ئیسماعیلی فارس
- ❖ ئاغاخانی
- ❖ بەهرەییەکان 29

## 3. شیعەی زەیدی

بنەچەیان دەگەرێتەوە بۆ ئیمام(( زەیدی کوری عەلی )) کە ناسراوە بە ((زەین العابدین)) لەدوای کوشتنی زەیدەوە ئەم رەوتە لەسەردەمی عەباسیەکاندا سەریهەلدا. بەلام لە پێش ئەو کاتەدا وەک رەوتێکی شیعی لەبزوتنەوەی(( موعتەزیلەدا)) کاریان دەکرد. فکرەی شۆرشیان بۆ گۆران بەلاوە پەسەند بوولەبەرئەوەی موعتەزیلەکان لایەنگری خەلیفە عەباسیەکانیان دەکرد ئەم رەوتە جیابونەوە لێیان.زەیدیەکان گەلێک شۆرشیان بەرپاکرد و توانیان لە تەبەرستان و یەمەن دەوڵەتی زەیدی دابمەزرێنن. ئەم رەوتەش دابەش دەبێتە سەر 3 لقی تر وەک:-



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

- ❖ جارودى
- ❖ سلێمانى
- ❖ بەترى 30

### 4. شيعەى كەيسانى

**بريتين لەو گروپەى كە محەمەدى كورى عەلى كورى ئەبوتاليب بە ئيمامى خۆيان دەزانن, ئەم كورەى ئيمام عەلى لە فاتيمەى كچى پەيامبەر نيە و بەچوارەم ئيمامى دادەنێن لەدواى عەلى و حەسەن و حوسەينەوە, ناوى (( كەيسانى )) لەوەوە هاتوە كە ناوى يەكێك لەسەركردە ديارەكانى شۆرشەكەيان بوو كە ئەويش (( موختارى كورى ئەبو عوبەيدە)) بوو كەناسراو بوو بە (( كەيسان )), شۆرشەكەيان لەدواى كوشتنى حوسەينەوە دەستپێكرد لە كوفە. ئەم رەوتە كۆتايى پێهات وەكو هەموو رەوتە شيعەكانى تر . 31**

### 5. مەزهەبى تر

**وەك نەصيرى يان عەلەوى 32**

### 6. هەندێ مەزهەب كە دواتر بونەتە دينى سەربەخۆ وەك :-

- ❖ بەهائى
- ❖ بابى
- ❖ دورزى





### 7. هەندێ گروپى مێژوويى كە بەشيعە دادەنرێن وەك:-

- ❖ فەتحى
- ❖ واقفى
- ❖ كەشفى
- ❖ كەريمخانى
- ❖ موسەوى
- ❖ قرتى
- ❖ موغيرى
- ❖ تۆبەكاران
- ❖ نەجارى
- ❖ قەتعى
- ❖ بەكرى
- ❖ زرار
- ❖ محەمەدى
- ❖ ناووسى
- ❖ هشامى
- ❖ شەمتى
- ❖ عەمارى
- ❖ موبارەكى
- ❖ كاميلى 33



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

❖ لەناو کوردیشدا(( عەلی ئیلاهی و کاکەیی و شەبەک)) بەشیعە دادەنرێن. 34

* * *

* *

*

## خاڵە جیاوازەکانی نێوان مەزهەبی سونە و شیعە لە ئیسلامدا

وەک لەپێشەوە باسمان کرد ئەم دوو مەزهەبە هەریەکەیان چەندین دەقی ئایەت و فەرموودە دهێننەوە بۆ پاڵپشتیکردنی خۆیان کە ڕاستن و مەزهەبەکەی تر هەڵە و ناراست و دروستکراوەو نامۆیە بە ئیسلام و موسڵمانان .

مێژوی جیاوازی نێوان هەردوو مەزهەبی سونە و شیعە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازیەکی سیاسی کە دەرکەوت لەسەردەمی خەلیفە ڕاشیدینەکاندا کەلای سونە واناسراون کە لەسەر ئیمامەتی عەلی کوری ئەبو تالیب بوو کە شیعە پێی وایە خەلیفایەتی حەقی ئیمام عەلیە نەک ئەو 3 خەلیفەیەی تر (( ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان )) , هەروەها جیاوازیەکە زیاتر قووڵ بووەوە لەلایەک





بەهۆی ململانێی عەلی و معاویەوە و لەلایەکی تریشەوە ململانێی نێوان عەلی و ئەصحابەکانی شەری جەمەل لەدوای کوشتنی عوسمانی کوری عەفان.

کێشەکە زیاتر قووڵ بۆوە لەسەردەمی هەردوو دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسیەکاندا کە دژایەتیەکی زۆری شیعەکانیان دەکرد و دەیان چەوساندنەوەو بەمەش بۆشاییەک لەنێوان شیعە و دەسەلاتدا دروست بوو.

سەرەرای ئەوەی کە جیاوازیەکە بەشێوەیەکی سیاسی و فکری دەستی پێکرد لەسەر مەسەلەی ئیمامەت و حەقی عەلی کوری ئەبو تالیب, بەلام دواتر گۆرا بۆ کێشەیەکی ئیمانی و فقهی قووڵ کاتێک کە بیردۆزەی ئیمامەت لای شیعە رەگی داکوتا, بەشێوەیەک شیعە وایدەبینێت کە ئیمامەتی ئال و بەیت ئەصڵی دینە و مەزهەبە فقهیەکانی تر لادەرن وەشیعە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمانیش بەهەڵە دادەنێن نەک هەر معاویە .

جێگەی باسە کە جیاوازی ئەم دوو مەزهەبە لەسەر ئەصڵی دینە کە ئیمانی پێتەواو دەبێت.لەبەرئەوەی ئەو صەحابانەی کە رازیبون بە خەلیفایەتی 3 خەلیفەکەی پێش عەلی, لەبەرامبەردا شیعە بروایان بەو فەرموودانە نیە کە ئەو صەحابیانە گێراویانەتەوە, یان بە تەفسیری قورئان یان مەسەلە فقهی و عەقیدەیەکانیان و...هتد.

بەم شێوەیە سونەش بەهەمان شێوە دەروانن ئەو ئەصحابانەی کە بروایان بە ئیمامەتی عەلی هەیە و 3 خەلیفەکەی تر



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

رهتدەکەنەوە. بەهەمان شێوە لە مەزهەبی شیعەی ئیسماعیلیدا هەندێ کەس پەیدابوون کە هەندێ بیرۆکەی عیرفانیان داهێنا کە بەمەزیاتر لە فوقەهائی موسڵمانان دوورکەوتنەوە,هەتا لەناو سونەکانیشدا رەوتی سۆفیگەرایی دروست بوو وەک مونافسێکی ئەو رەوتەی شیعەی ئیسماعیلی .35

## ❖ گرنگترین خاڵە جیاوازەکانی نێوان مەزهەبی سونە و شیعە:-

1. ئەهلی سونە بروایان بە خەلافەتی خەلیفە راشیدینەکان هەیە لە ئەبوبەکر و عومەر و عوسمان و عەلی, بەلام شیعە دان نانێن بەو حەقەی 3 خەلیفەی یەکەمدا و ئیمام عەلی بە خاوەنی راستەقینەی خەلافەت دەزانن.36
2. ئیمامەت:- سونە دەڵێن ئیمامەت بەشورا و هەلبژاردن و رای گشتی دەبێت نەک بە دیاریکردن. هەروەها سونە دەڵێن ئیمامەت لقی دینە نەک ئەصڵی دین و باوەر, بەپێچەوانەی شیعەوە کە بەئەصڵی دینی دادەنێن و دەڵێن دەبێت بە دەق و دیاریکردن بێت, وە بەپێچەوانەوە خەواریجەکان دەڵێن دەبێت ئیمام بەهەلبژاردنی ئازاد و راستەوخۆ بێت کە هەموو موسڵمانان هەلیبژێرن نەک لەلایەن هەندێ کەسی تایبەتیەوە, وەخەلیفە بەردەوام دەبێت تا داد پەروەر بێت.

سونە دەڵێن: دەبێت سیفاتی ئیمام ئەوەبێت کە ئاشکرا بێت نەک شاراوە و چاوەروانکراو. مەرجیش نیە بێ هەڵە بێت بەلام دەبێت





زانست و توانا و ساغ و سەلامەت بێتو زۆرینەی سونە دەڵێن دەبێت رەچەڵەکی قورەیشی بێت و موسڵمانان بەشورا بەیعەتی پێبدەن و دادپەروەریش بێت.

بەلام شیعەدەڵێن ئیمام بەکەس دەناسرێت نەک بە وەصف وەخوا بەدەق لەسەر زاری پەیامبەر عەلی دیاریکردوە بەئیمام و ئەویش ئیمامی دواخۆی دیاریکردوە, ئیمام بێ هەڵەیە و مەرجە هاشمی بێت.

بەلام خەوارج دەڵێن (( ئیمامەت پابەند نیە بەبنەماڵەیەکەوە لە عەرەب و موسڵمانان و تەنها بۆ قورەیش نیە و بەباشی دەزانن کە خەلیفە لەدەرەوەی قورەیش بێت)).37

سەرچاوە و هۆکاری سەرەکی ئەم جیاوازیەی ئەم دوو مەزهەبە بریتی بوو لەو (( فیتنەیەی )) کە لە ئەنجامی کوشتنی خەلیفەی سێیەمەوە (( عوسمانی کوری عەفانەوە)) دروست بوو, کە معاویە بەدەستی لایەنگرانی عەلی دەزانی و عەلیش وای دەبینی کە معاویە دەیەوێت دەسەلات لە عەلی زەوت بکات, بەم شێوەیە ئەم جیاوازیە سەرەتاکەی سیاسی بوو دواتر قووڵ بووەوە بۆ بواری ئیمان و فقهیش.

زۆربەی صەحابەکان لەم(( فیتنەیەدا)) هەلوێستی بێ لایەنیان هەلبژارد و بەناوبانگترینیان (( عەبدولای کوری عومەر )) بوو ,کەزۆرجاران حەقیان دەدایە عەلی , بەلام لە کۆتایشدا هەموو صەحابەیان بە خاوەن ئیجتیهاد دەزانی و هەموانیشیان



created using
BCL easyPDF
Printer Driver

**بەڕاست دەزانی بەمعاویەشەوە, بەلام شیعەکان ئەمە ڕەتدەکەنەوە و تەنها ئیمام عەلی بەڕاست و لەسەر حەق دەزانن.**38

3. **مەزهەبی سونە هەمیشە ئامادەگی هەبوە و بواری تەواوی بۆ ڕەخساوە بۆ بلاوبونەوەو دەرکەوتنی, بەلام شیعە هەمیشە بزربوەو بەهۆکاری گەمارۆ و جەور و چەوساندنەوە و تۆقاندنەوە.**

4. **لەبەرئەوەی مەزهەبی سونە هەمیشە لەگەڵ دەسەلاتدا پەیوەندی باشی هەبوە و دەستەمۆی دەسەلات بوە بەباش و خراپیانەوە, بۆیە شەرعیەتی بوون و ئازادی و بانگەوازکردنی هەبوە , بەلام شیعە بەهۆی ئەوەی ئالای ئالوبەیتی هەلگرتوە و تەنها ئیمامەکانی بەڕابەری خۆی زانیوە, جێگەی لێرازیبوونی دەسەلاتداران نەبوە و لەچوارچێوەی ئیسلام وەدەرنراون و لەبیرکراون.**

5. **لەبەرئەوەی سونە ئاشکرابوون زیاتر ناسراوبوون, بەلام شیعە بەهۆی شاراوەییانەوە بونەتە نەزانراو و نادیار, هەرلەبەرئەمەشە جۆرەها قسەوقسەڵۆک بۆ شیعە دروستکراون و جۆرەها تۆمەتی خراپیان دراوتە پاڵ و بەمەش مەزهەبەکە بچوک بۆتەوەو خاوەنی حەق شاراوەتەوە.**

6. **سونەو دەسەلات بونەتە جمکێک کە هەمیشە بەرژەوەندیان پێکەوەیە دژی شیعە و بەم شێوەیە مێژووی شیعە لێرەوە دەست پێدەکات و هەر لێرەشەوە کۆتایی دێت.**

7. **سونە دەڵێت مەزهەبی شیعە لەسەردەمی ئیمامی جەعفەری صادقەوە دروست بوە, شیعەکانیش دەڵێن عەقیدەی سونە**





**لەسەردەمی خەلافەتی عەباسیەوە دروست بوە وەک وەلامدەرەوەیەک بۆ بزوتنەوە وەرگێرییە یۆنانیەکان.**39

**بەم شێوەیە دەردەکەوێت کە ئەم دوو مەزهەبە بەدرێژایی دروست بوون و سەرهەلدانیان لەململانێ و مشتومڕێکی بەردەوامدابوون و هەردەشبن. و لەم پێناوەشدا زۆرجاران پەنایان بردۆتە بەربەکارهێنانی هێز بۆ زاڵ بون بەسەر ئەوی تردا و بچوککردنەوەی و نەمانی .**

**ئەوەتا دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسی و سەلجوقی و ئەیوبی و عوسمانی و ...هتد. هەموویان مەزهەبی سونە یان ڕەوتێک لە مەزهەبی سونەیان کردۆتە مەزهەبی ڕەسمی دەوڵەت و بەزۆر سەپاندویانە وەک ڕەوتی (( ئەشعەری و ماتریدی و حەنەفی و حەنبەلی و..هتد)). وههەر کەس و لایەن و گروپ و بزوتنەوەو دەوڵەتێکی تر دژی ئەو مەزهەبانە یان ڕەوتە فکریانە بوەستانایەتەوە بە (( ڕافزی و موعتەزیلە)) دەدرانە قەڵەم کە هەموو ئەمانەش بە (( شیعە )) دەوتران و ئیدی ئەم ووشەی (( زەندیق و ڕافزە و موعتەزیلەیە)) ببوە چەکێکی کوشندە بەدەست دەسەلاتداران و ڕابەرانی ئاینیەوە بۆ لەناوبردنی نەیارەکانیان.**

**ئەوەتا هەریەکە لە (( دەوڵەتی فاتمی شیعی لە میسر و بزوتنەوەی موختاری سەقەفی کە بەبزوتنەوەی تۆبەکاران ناسراوە و بزوتنەوەی زەیدی کوڕی عەلی دژی هشامی کوڕی عەبدولمەلیک**40**...و لەسەدەی بیستیشدا جەنگی نێوان عێراقی سونە مەزهەب و ئێرانی شیعە مەزهەب کە** 8 **ساڵی خایاند یەکێک لە**



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هۆكارەسەرەكیەكانی بریتی بوو لە خنكاندن و تاساندنی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران بەرابەرایەتی ئایەتولا خومەینی كە بنەمای شۆڕشەكە بیروباوەڕی شیعە مەزهەبی هەبوو, ئەم جەنگە بەگەورەترین جەنگ دەژمێردرێت لەسەدەی بیستدا لە رووی ماوەی جەنگەكە و بڕی زەرەرو زیانی جەنگەكە و ژمارەی كوژراو و بریندارەكانیەوە و لە رووی كاریگەری لەسەر ژێر خانی ئابوری و كۆمەلایەتی هەردوو گەل و هەردوو وولات و بەراستیش جەنگێكی زۆر گەورە بوو , چونكە ژمارەی كوژاوەكانی لەنێوان 500هەزار بۆ یەك ملیۆن كوژراوبووە وژمارەی كوژراو و بریندارەكانی ئەم جەنگە لە هەموو كوژراو بریندارەكانی جەنگەكانی عەرەب _ئیسرائیل زیاتر بوو, هەروەرها زیاتر بوو لە ژمارەی كوژراو و برینداراتی جەنگی 11 ساڵەی ئەهلی لە لوبنان كە زیاد لە 100000 كەس بوو. هەروەها یەكسان بوو لەگەڵ ژمارەی بریندارانی جەنگی سەربەخۆیی ڤێتنام لەماوەی 20 ساڵدا.بەشێوەیەك خەرجی مانگانەی ئەم جەنگە 1 بلیۆن دۆلار بوە.41

❖ هەربۆیە لە ئێستاشدا و لەتەواوی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا هەرەشەی جەنگی تایەفی و مەزهەبی لەنێوان مەزهەبی سونە و شیعەدا لەئارادایە و بۆتە هەرەشەیەكی جدی و مەترسیداریش و پێدەچێت ئاگری ئەم هەرەشەیەش لە عێراقەوە هەلبگیرسێت و بەفعلیش ئەو جەنگە بەرپابوە بەلام بەشێوەیەكی نارەسمی و ناراگەیەنراو. ئەوەتا شیعە و شیعە و سونەو شیعە و سونە و سونە و سونە و كوردو شیعە و كوردو توركومان





و ..هتدموسڵمان و مەسیحی و یەزیدی و ئاشوری و ..هتد , بەربونەتە گیان و بوونی یەكتری و رۆژانە ژمارەیەكی زۆر لە یەكتری دەكوژن و ماڵ و منداڵیان ئاوارە دەكەن و بەم شێوەیەش هەرەشەی دابەشبوونی عێراق بۆ سەر 3 ناوچەی كوردو سونە و شیعە لەئارادایە.

❖ ئەم جەنگە مەزهەبیەش هەر بەعێراقەوە ناوەستێت بەڵكو هەموو دەوڵەتانی ناوچەكە دەگرێتەوە چونكە هەموو دەوڵەتانی كەنداو ئوردون و میسر و پاكستان و توركیا و ئەفغانستان و لیبیاو تونس و جەزائیر و مۆریتانیاو سودان وو...هتد, زۆرینە سونە مەزهەبن و كەمینە شیعەن, لەوولاتانی سوریاو ئێران و لوبنان و مەغریب زۆرینە شیعە مەزهەبن یان كاریگەریان لە وولاتانەدا هەیە و هەمووشیان كەمینەی مەسیحی و جولەكە و ..هتد.یان تیادایە.كە چاوەروان دەكرێت ئەم جەنگە مەزهەبیە ببێتە رێگە خۆشكەر بۆ جێبەجێكردنی بیردۆزەی فەوزای دروستكەر و ببێتە هۆكاری سەرەكیش بۆ گۆرانێكی گشتگیر لەهەموو وولاتانی ناوچەكەدا و ئەوەی ئەمریكاو ئیسرائیل گەرەكیانە بێتە دی لە رۆژهەلاتێكی ناوەراستی گەورەو نوێدا كە لە بەرژەوەندی ئەمریكاو ئیسرائیل بەپلەی یەكەم تەواو دەبێت .

❊ ❊ ❊

❊ ❊

## پەراوێزەكانی بەشی چوارەم



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

1.السياسه الخارجيه الامريكيه امام ازماتها/ توفيق المدينى/ 2004/1/30 www.alarabnews.com

2.هەواڵێکی کەناڵی ئاسمانی ئەلجزیرە لەرۆژی 2007/1/27دا.

3.هەواڵێکی کەناڵی ئاسمانی ئەلجزیرە لەرۆژی 2007/2/2دا.

4.هەمان سەرچاوەی ژمارە(1)

5.ئەم گوتەیەی ئایەتولا خومەینی رابەری شۆرشی ئیسلامی ئێران لەبەیانی راگرتنی جەنگی 8 ساڵەی نێوان ئێران و عێراقدا هات کە رەزامەندی دا لەسەر بریاری 598ی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ساڵی 1988دا.

6.هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)

7.هەمان سەرچاوەی ژمارە (1)

8.هەمان سەرچاوەی ژمارە(1)

9.گوتاری عەمروموسا ئەمینداری گشتی جامیعەی عەرەبی لەکەناڵی ئاسمانی ئەلجزیرەدا لە رۆژی 2007/2/16دا.

www.ar.wikipidia.org.10

11ئینسایکلۆپیدیای گشتی/ یاسین صابر صالح/ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم/ چاپی یەکەم/ کوردوستان/سلێمانی/2005.

12.موسوعەالسیاسیه/الجزء الثالث/المؤسسه العربیه للدراسات والنشر/د.عبدالوهاب الکیالی/الطبعه الاولی/لبنان/بیروت/1983

13.هەمان سەرچاوەی ژمارە(10)

14.هەمان سەرچاوەی ژمارە(10)

15.هەمان سەرچاوەی ژمارە(12)

www.ar.wikipidia.org.16

17.هەمان سەرچاوەی ژمارە (11)

18.کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا/ عباس عبدالکریم /چاپی یەکەم/ سوید / ستۆکهۆڵم/ 1997







19. عقائدالسنه وعقائد الشیعه/ صالح الوردانی/ قاهره/ موقع الالکترونی الشبکه الشیعه العالمیه www.shiaweb.org

20.هەمان سەرچاوەی ژمارە(19)

21.لماذا اخترت مذهب الشیعه/ www.aqead.com

22.هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

23. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

24. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

25. هەمان سەرچاوەی ژمارە(12)

26. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

www.shiaaw.com.27

28. هەمان سەرچاوەی ژمارە(12)

29. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

30. هەمان سەرچاوەی ژمارە(12)

31. هەمان سەرچاوەی ژمارە(12)

32. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

33. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

34. هەمان سەرچاوەی ژمارە (11)

35. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

36. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

37. هەمان سەرچاوەی ژمارە(12)

38. هەمان سەرچاوەی ژمارە(16)

39. هەمان سەرچاوەی ژمارە(19)

40. هەمان سەرچاوەی ژمارە(19)

41.جمهوریه الخوف/ سمیر الخلیل واحمد رائف/مطابع الزهراء للاعلام العربی/مصر/ القاهره/1991




created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## بەشی پێنجەم





## پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە
## لە چ قۆناغێکدایە ؟1

❖ ئاشکرایە پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە لە لایەن ئەمریکاوە پلانی بۆ دانراوە و هەرخۆشی سەرکردایەتی و رابەرایەتی جێبەجێکردنەکەشی دەکات بەهاوکاری دۆست و هاوپەیمانەکانی لە ئەوروپاوناوچەکەدا .ئەم پرۆژەیە پێش سالێک و راستەوخۆ لەدوای رووخانی هەردوو رژێمەکانی تالیبانی ئیسلامی سەلەفی لە ئەفغانستان و بەعسی دیکتاتۆری لە عێراقدا راگەیەنراو کەوتە قۆناغی جێبەجێکردن و پیادەکردنیەوە لەسەر زەمینەی واقع و خالە میحوەریەکانی و مەرام و سنووری جوگرافیاکەشی دیاریکرا بۆ هەموو دونیا, لەکاتێکدا قۆناغی پلاندانان و بەرنامە رێژیەکەی و گفتوگۆ چروپرەکان لەسەری زۆر پێشتر دانرابوون, بەلام روودانی کارەساتی 3شەممەی گەورە (( خاپوورکردنی هەردوو هەوربرەکانی سەنتەری بازرگانی جیهانی لەواشنتۆن و نیویۆرک )) دا لەلایەن رێکخراوی ئەلقاعیدەی ئیسلامی سەلەفی بەرابەرایەتی ئوسامە بن لادن سەرتاپای گۆرانکاریەکان و پێشهاتەکانی لەدونیادا پێشخست و لەدوای ئەو رووداوەوە دونیا پێی نایە قۆناغ و سەردەمێکی زۆر ترسناک و نوێوە بەشێوەیەک کە هەموو دونیا بەگەورە و بچوکەوە کەوتە بەر مەترسی تیرۆرو تیرۆریستانەوە و پێویستی دەکرد کە پرۆژەیەک هەبێت بۆ بەگژداچونەوە وبەرپێگرتنی ئەو تەوژمەی تیرۆریستان



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

و ئەلقاعیدە و هەموو ڕێکخراوە هاوشێوەکانیشی و ڕێگە نەدرێت کە چەرخی بیست ویەکەمیش بگەڕێنرێتەوە دواوە و وەک چەرخە تاریکەکانی ناوەڕاستی لێبکەن لەتاریکی و دواکەوتن و جههالهتدا .

- بۆیە لەدایک بوون و جێبەجێکردنی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە کەوتە قۆناغی جێبەجێکردنەوە و لە 3 تەوەری سەرەکیدا داڕێژرا کە بریتی بوون لە ( دیموکراسیەت و بازاڕی ئازاد و بەزانستی کردنی ناوچەکە ) هەرسێ ئەم تەوەرانەش بە نەمانی ڕژێمە دیکتاتۆری و سەلەفی و نەتەوەییە دەمارگیر و ئیسلامیە توندڕەو و کۆنەپەرست و توتالیتاریەکان دەگەنە ئەنجام و لەکەش و هەوایەکی ئاشتی و ئارامیدا کە مافەکانی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراو بێت و کۆمەڵگەی مەدەنی بەرەو دروست بوون بڕوات , هەروەها بەکرانەوەی بازاڕەکان و ئازادکردنی لە دەستی ڕژێم و حکومەتەکان و بوار والاکردن لەبەردەم کەرتی تایبەت و کۆمپانیا زەبەلاحە نێونەتەوەیەکاندا چێ دەبێت و هەموو ئەمانەش بەسوود وەرگرتن دەبێت لە پڕۆسەی بەجیهان بوونی دونیاو نەمانی سنوورەکان و تێکەلاوبوونی گەلان و نەتەوەکان و سوودوەرگرتن لە هەموو ئەو پێشکەوتنە سەر سووڕهێنانەی کەلەبواری زانست و تەکنەلۆژیادا ڕوویانداوە و سەرتاپای جیهانیان گرتۆتەوە ... بەم شێوەیە ئەم پڕۆژەیە گشتگیرە و بەلام تایبەتە بە سنوورێکی جوگرافیای دیاریکراوە وە کە وولاتانی (( عەرەبی لە مەغریبەوە تا کەنداو و ئیسراییل و





تورکیاو ئێران و پاکستان و ئەفغانستان )) دەگرێتەوە و ئاشکراشە کە ئەم سنوورە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە دەگرێتەوە و ناوجەرگەی دونیاش پێک دێنن و خاڵی چڕبوونەوەی بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکانن و خاوەن سەرمایە یەکی مرۆیی و سروشتی زۆر و زەوەندن بەتایبەتیش نەوت وبازاڕێکی پڕ فرۆختیشن بۆ کۆمپانیا زەبەلاحەکان و هەریەکەشیان بەدەست سەدان کێشەی سیاسی و سنووری و ئابووری و کۆمەلایەتی و جههالەت و دواکەتنەوە دەناڵێنن و کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی داخراوو ماف پێشێلکراون و خاوەنی حوکمڕانی فەساد و کۆنەپارێزو ئیسلامی و شۆڤێنی و دواکەوتون وتائێستا سوودێکی ئەوتۆیان لەو هەموو پێشکەوتنانە نەبینیوە و بەم حاڵەشیانەوە لەسەدەی بیست و یەکەمدا دەبنە ڕێگرێکی گەورە لەبەردەم جێبەجێکردنی ئەو پڕۆژەیەدا هەربۆیە پڕۆسەی بەدیموکراسی کردن و ئازادکردنی بازڕەکانیان و سوود وەرگرتنیان لە زانستەکانی سەردەم و پێشکەوتنەکانی بواری پەیوەندیەکان بۆتە کارێکی زێدەگرنگ و هەنوکەیي و ناکرێت هەروا بەئاسانی پشتگوێ بخرێن و نەخرێنە ئەجێندای گۆڕانکاریەکانەوە ..

- ئەمریکا بەڕووخاندنی هەردوو ڕژێمەکانی ئەفغانستان و عێراق گورزێکی کاریگەرو کوشندەی سرەواندە جەستەی سیستەمە داخراو و دواکەوتووەکانی ناوچەکە و بەمەش سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا و ئیدی هەموو ئەو وولاتانەی کە پڕۆژەکە دەیانگرێتەوە کەوتنە خۆ بۆ چاکسازی و گۆڕانکاری لە سیستەم و



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

ياسا و دەستوور و لەهەولێكی بێووچاندان بۆ خۆگونجاندن بۆ ئەوەی بەر گورزی گۆڕانكاریەكان نەكەون و پێش ئەوەی سەریان بتاشن خۆیان سەری خۆیان بتاشن وەک عەلی عەبدولا صالحی سەرۆكی یەمەن دەڵێت و بۆئەوەی ئەو نفوز و دەسەلات و سەروەت و سامانە زۆرەیان لەدەست نەچێت بۆیە بەناچاری و دوودڵی و لەژێر فشارەكاندا كەوتنە خۆ بۆ جوانكردنی سیمای حوكمڕانیەكانیان بەوەی كەوتنە هەلبژاردنی شارەوانی و پەرلەمان و سەرۆكی ولاتەكانیان و جۆرە كرانەوەیەكیاندا بەكاری سیاسی و ڕێكخراوەیی و ڕۆژنامەوانی و ئازادی بازاڕەكانیان زیاتر كرد و سنوورەكانیان ئەو پیرۆزیەی جارانیان نەما, بەلام هێشتا لەئاستی پێویست و ئەو پڕۆژەیەدا نین بۆیە فشارەكان لەسەریان بەردەوامە .

- ئەو وولاتانەی كە پڕۆژەكە زۆر مەبەستێتی كە گۆڕانكاریان تیادا ببێت بریتین لە وولاتانی عەرەبی و ئێران و لەپێش هەمووشیانەوە سووریاو ئێران دێت و لەئێستاشدا هەردووكیان بەبیانووی جیاوازەوە كەوتونەتە بەر فشاری نێودەوڵەتی و ناوچەیی گەورەوە و خۆش بەختانەش لەم پڕۆسەیەدا ئەمریكاو ئەوروپا هاوڕان و تەبان و پێكەوە كار دەكەن بۆ ئەو گۆڕانكاریانە .
- بەفیعلیش گۆڕانكاری لە ڕژێمی سووریادا دەستی پێكردوە هەر لە كشانەوەی هێزەكانی لە لوبنان و لێكۆڵینەوە لەگەڵ سەرانی ڕژێمەكەیدا بەهۆی تێوەگلانیان لە تیرۆركردنی ڕەفیق حەریریەوەو جیابونەوەی عەبدول حەلیم خەدامی جێگری سەرۆک كۆمار كە





زیاتر لە 30 ساڵ سەركردایەتی حیزبی بەعسی كردەوە و ئێستا لەهەوڵی ڕووخانی ئەو ڕژێمەدایە و بەدڵنیاییشەوە ڕووخان و گۆڕانكاری لە سوریادا زۆر ئاسان و نزیكە و قۆناغی زۆرباش چۆتە پێش ..

- سەركەوتنی هەرەگەورەی پڕۆژەكە لە گۆڕانكاری لە ئێراندایە چونكە ئێران وولاتێكی خاوەن توانای مرۆیی و مادی و سروشتی گەورەیە و پانتاییەكی گەورەی جوگرافیاشی هەیە كە سەنگی لەناوچەكە و دونیاشدا گەورەتر كردوە و خاوەن هێز و سوپاو تەكنەلۆژیای پێشكەوتوی سەربازیە و گۆڕانكاری تیایدا بەو ئاسانیەی سوریا نیە , بۆیە دەكرێت كە كاری جدی تر و بەدیقەتتری تیادا بكرێت بەهاوكاری و هاوپەیمانی دەوڵەتانی دونیاو ناوچەكە لەڕێی فشارە سیاسی و سەربازی و زانستی و ئابوریەوە ئەو گۆڕانكاریە ئەنجام بدرێت و بەسەركەوتنیش بەسەر ئێراندا پڕۆژەكە 80% ی تێدەپەڕێنێت و قۆناغی هەرەگەورەی جێبەجێدەبێت و ئەو ڕێژەی 20% ی كە دەمێنێتەوە بۆ گۆڕانكاریەكانی وولاتانی دیكەی عەرەبی و توركیا و پاكستانە چونكە ئەو وولاتانە خۆبەخۆ و لەبەر پێویستی زۆریان بە هاوكاریەكانی ئەمریكا و ئەوروپا خۆیان گۆڕانكاری دەكەن و ملكەچ دەكەن بۆ پڕۆژەكە و هیچ كاتێكێش ڕێگریەكی گەورەیان نەكردوە لەبەردەم سیاسەتەكانی ئەمریكادا و دەتوانرێت بەزۆر پڕۆژەكەیان بەسەردا بسەپێنرێت .



created using BCL easyPDF Printer Driver

➢ لێرەدا دەکرێت ئەو پرسیارە بکەین و بڵێین ئایا پرۆژەکە گەیشتۆتە چ قۆناغێک و ئاستەنگ و لەمپەرەکانی بەردەمی چین و ئومێدی چی لێدەکرێت ؟

➢ بۆ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارانە و دەیانی تریش دەڵێین پرۆژەکە لە ئێستادا لە قۆناغێکی گەلێگ گرنگ و هەستیاردایە و ناکرێت بە هیچ جۆرێک سازش لەسەر خاڵَ و برگەکانی بکرێت و هیچ ساردبونە وە و کەمتەرخەمیەک هەلناگرێت .. ئەمریکا و ئەوروپا بەتەنها ناتوانن سەرتاپای پرۆسەکە جێبەجێبکەن ئەگەر هاوکاری و کارئاسانی و پشتگیری دەوڵەتانی تری دونیاو ناوچەکەشیان لەگەڵدا نەبێت . بۆیە دروستبوونی دەوڵەتانێکی وەکو ئەفغانستان و عێراقی نوێَ و ئیسرائیل و ..هتد و تەنانەت دروست بوونی دەوڵەتی نوێی وەک دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردیش لەناوچەکەدا هێندەی تر زەمانەتی سەرکەوتنی پرۆژەکە دەبێت و گەلێک گرنگن بۆ سەرکەتنی پرۆژەکە.

❖ بۆیە ئەرکێکی تری گرنگی ئەمریکا بریتیە لە هاوکاری و پشتگیری زیاتری کەمینە نەتەوەیی و مەزهەبیەکان لەو ولاتانەدا و بەتایبەتیش عەرەبیەکان وەک نەتەوەکانی (( کورد و ئەمازیغی و باشووریەکانی سوودان و قیبتیەکانی میسر و بەلوش و ئازەر و ئەرمەن و ...هتد )) چونکە ئەوان هەمیشە سەرەنێزەی گۆرانکاریەکان بونە و خاڵی لاوازی ئەو دەسەلاتانەش بونە و هۆکارێکی کاراشن بۆ سەرکەوتنی پرۆژەکە ..





❖ لەکۆتاییدا دەڵێین لەئەنجامی پرۆژەکانی ویڵسن و مارشاڵەوە لەسەدەی بیستدا گەلێک گۆرانکاری لە جوگرافیای دونیادا روویاندا و بوونە دیفاکتۆ و گەلێک دەوڵەتی سەربەخۆ پێک هاتن و نەتەوە ژێر دەستەکان رزگاریان بوو , بەهیوای ئەوەی لەئەنجامی ئەم پرۆژەیەشدا ئەو گۆرانکاریانە رووبدەنەوە و نەتەوەی کوردیش وەک نەتەوەیەکی زیندوو دابەش و داگیرکراو رزگاری ببێت و ببێتە خاوەن دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی ..

❖ بۆیە پێویست دەکات کە سەرکردایەتی کورد لەم قۆناغە زێدە هەستیارەدا وەک هاوپەیمانێکی راستەقینە و شێلگیری پرۆژەکە و ئەمریکا هاوکار و کارئاسانی تەواوبکات و خۆی بگونجێنێت لەگەڵ رەوت و مەرامەکانی پرۆژەکەدا و هەرچی زووترە هەوڵی زیاتری چەسپاندنی دیموکراسیەت و بازاری ئازاد و پێکەوەنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتووی مەدەنی بدەن کە یاساو مافی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراوبێت و دوور بکەوێتەوە لە گەندەڵی و فەساد و دیکتاتۆریەت و هەواڵی زیاتری سوود وەرگرتنی بێت لە پێشکەوتن و داهێنانەکان و سوود لە تەکنەلۆژیاو زانستەکانی سەردەم وەربگرێت و زۆر ئاقلانە و حەکیمانە هەلسوکەوت لەگەڵ رووداو و پێشهاتەکاندا بکات و سەدەی بیست و یەکەم بکاتە سەدەی کوردان و رێگە نەدات کە وەک سەدەی بیست کۆیلە و داگیر و دابەشکراوبێت و چیدی ئەم سەدەیە سەدەی عەرەب و تورک و فارس نەبێت و خۆشبەختانەش لەئێستادا حەکیم و لێزان و ریشسپیەکانی عەرەب یەک بەدوای



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

یەکدا کۆچ دەکەن و لەئێرانیشدا توندڕەوە بێ ئەزموونەکان حوکم دەکەن و هەرچی تورکیاشە هیچ کاتێک هێندەی ئێستا نەرم و نیان نەبوە لەبەردەم داواکاری و مافەکانی کوردا ..

- بۆیە ماوەتەوە سەر کورد خۆی کە ماڵی خۆی ڕێک بخاتەوە و دەسەلاتی خۆی پاک و خاوێن و بەهێز و دامەزرا و یەکگرتوو بکاتەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی کە هاو جووتە لەگەڵ ئامانج و مەرامەکانی پرۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەدا ...

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

## کێشەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بۆمبێکی تەوقیتکراون !2

ئاشکرایە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست گرنگیەکی جیۆپۆلەتیکی گەورەی هەیە لە دونیادا و هەمیشە جێگەی کێبڕکێ و ململانێ و سەرهەلدانی کێشە و ناکۆکیەکان بوە لەنێوان زلهێزەکانی دونیا لەکۆن و نوێداو هۆکاری ئەم ململانێیانەش بەهۆی-:

❖ دەوڵەمەندبوونی ئەم ناوچەیە بە ئاوی شیرین و کانزاو سامانی سروشتی و بەتایبەتیش نەوت کەلەئێستادا بۆتە کۆڵەکەی بنچینەیی بۆ هەمووپێشکەوتن و داهێنانەکان .





❖ بوونی ئاوی گەرم لەدەریاو زەریاکانی ناوچەکەدا لەهەموو وەرزەکانی ساڵدا کە هۆکارێکە بۆ بەردەوام بوونی هاتوچۆو و بازرگانی.

❖ بوونی ژمارەیەکی زۆری دانیشتوانی هەژار و نەخوێندەوار و بێ کار کەهێزێکی گەورەی هەرزانن و بونەتە بازاڕێکی گەورە و پڕ فرۆشی بەرهەمی ولاتان و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی نێونەتەوەیی .

❖ بوونی سەدان کێشەی ناوخۆیی نێوان ئەو وولاتانەی ئەم ناوچەیە هەر لەکێشە نەتەوەیی و مەزهەبی و دینی و کۆمەلایەتی و سنووریەکانەوە تا دوای .

❖ نەبوونی سیستەمێکی سیاسی و دیموکراسی و پێشکەوتووی وەها کە یاسا تیایدا سەروەر بێت و مافەکانی مرۆڤ و ژنانی تیادا پارێزراو بێت ,هەموو ئەو دەوڵەتانە لەلایەن سیستەمێکی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی تاک ڕە و کۆنە پارێز و دواکەوتوو و داخراوەوە کۆنترۆڵکراون و ڕێگە بە هیچ جۆرە کرانەو شەفافیەت و ئازادیەکان نادەن .

❖ سەرەڕای ئەم کێشەسەرەکی و موزمینانە ؛ دامەزراندن و ڕواندنی دەوڵەتی ئیسڕائیلی جوولەکە لەناوجەرگە و دڵی ئەم ناوچەیەدا کە بەعەرەبی و ئیسلامی ناودەبرێت هۆکارێکی تر بوو بۆ قوڵبونەوە و ئاڵۆزتربوونی کێشەکانی ئەم ناوچەیە و کرانەوەی زیاتری دەرگاکان بۆ ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلات بۆ دەستێوەردان و هاتنە ناوەوەی زلهێزەکان بۆ ناوچەکە .



created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

هەموو ئەم هۆکارانە و دەیانی تریش بونەتە هۆی چاوتێبرینی دەوڵەتە زلهێز و کۆمپانیا گەورە نێونەتەوەییەکان بۆ ئەم ناوچەیە و هەریەکەیان بە بیانوویەک و لەبەررژەوەندی یەکانی خۆیەوە دەست وەردەداتە کاروباری ناوخۆیی ئەم ناوچەیەو هەربۆیەش هەر لایەک بیەوێت دەتوانێت لەماوەیەکی کەمدا ئاژاوەو شەری ناوخۆوکێشە دروست بکات لەناوخۆی هەر وولاتێک و دوو وولات یان زیاتری ناوچەکە وبۆ ئەوەی مەرامەکانی خۆی جێبەجێبکات .
لەئێستادا رۆژهەلاتی ناوەراست لەهەموو کاتێکی تر زیاتر ئامادەیە بۆ تەقینەوەی کێشەکانی لەناوخۆی خۆیدا و دەستێوەردانی دەرەکیش بۆی ,لەو کێشە گەرم و گورانەی کە وەک بۆمبێکی تەوقیتکراو وان و کۆنترۆڵەکەشیان بەدەست وولاتانی ناوچەکەوە نیە بەڵکە بەدەستی هێزە دەرەکیەکانەوەیە وبونەتە هۆی نزیک بونەوەی تەقاندنەوەی کێشەکان بریتین لە -:

### 1. کێشەی ئیسرائیل _فەلەستینیەکان

بەتایبەتیش دوای سەرکەوتنی بزوتنەوەی توندرەوی حەماس لە هەلبژاردنەکانی ئەم دووایانەدا کێشەکە پێی ناوەتە قۆناغێکی ترسناک و زۆر هەستیارەوە و پێشدەچێت تایبێت ئاڵۆزتر و گەرمتر دەبێت ئەگەر حەماس دان نەنێت بەوجودی ئیسرائیل و رێکەوتنامە مۆرکراوەکانی نێوان فەلەستین و جولەکەدا و لەوکاتەشدا هەرچی





تائێستا هاتۆتە دی هەموو دەچێتەوە خاڵی سفرە و دەبێت سەر لەنوێ دەست پێبکەنەوە.

### 2. کێشەی ناوخۆی لوبنانیەکانە

کە بونەتە دووبەرەی دژ بەیەک لەسەر بنچینەی دژایەتی دەسەلاتی سوریاو ئێران لەلوبناندا ,بەرەی حیزبولاو ئەمەلی شیعە لەگەڵ سوریاو ئێراندان و بەرەی سونە و مەسیحیەکانیش بەرەی ئازادی خوازان (دژ بە سوریاو ئێرانن ).

### 3.کێشەی رژێمی بەعسی سوریایە

کە لەئێستادا و لەدوای تیرۆرکردنی رەفیق حەریریەوە بۆتە کێشەیەکی گەرمو گورو جێگەی گرنگی پێدانی ئەمریکا و فەرەنساو ئەوروپا بەگشتی و ئەو رژێمەیان بنکۆڵکردوە و لەهەوڵی رووخانیدان و لەئێستادا ئۆپۆزسیۆنی ئەو رژێمەیان کۆکردۆتەوە و ئامادەی دەکەن بۆ رووخاندنی ئەو رژێمە و کوردیش رۆڵی بەرچاوی هەیە لەو بوارەدا .

### 4.کێشەی مەسەلە ئەتۆمیەکەی ئێرانە

کە بۆتە کێشەیەکی گەورە و جێگەی گرنگی دونیاو ئەمریکاو ئەوروپا لەمەشدا هاوران و دەیانەوێت کە ئێران نەبێتە خاوەنی ئەو چەکە کوشندە و کاریگەرە ولەهەوڵی ئەوەدان کەلەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە گەمارۆبدرێت و .ئێرانیش تائێستا سەرسەختانە بەرگری لە هەلوێست و کردارەکانی دەکات و هەرەشە



created using BCL easyPDF Printer Driver

و گورەشەی قەبەش لە ئەمریکا و ئیسرائیل دەکات .

## 5.کێشەی عێراق

کە تائێستا و لەدوای 3ساڵ ئەمریکا نەیتوانیوە کە بەتەواوەتی هێمنی و ئاسایش بچەسپێنێت و نەهێڵێت ولاتانی دەوروبەر دەستوەربدەنە کاروباری ناوخۆی عێراق و هاوکاری و پشتیوانی تیرۆریستان نەکەن.

## 6.ئەمە سەرەڕای کێشەی نەبوونی دیموکراسیەت و ئازادیەکان

لەو ولاتانەی کەدۆست و نزیکی ئەمریکان لە ناوچەکەدا ,لەگەڵ چەندین کێشەی تری ناوخۆیی وەک کێشە مەزهەبی و نەتەوەیی و سنووری و کۆمەلایەتی و..هتد کە ئەمانەش هیچیان کەمتر نیە لە ترسناکی و تەقینەوەیاندا لە و کێشە گەرمانەی کە لەپێشدا باسمان کردن .

هەربۆیە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ئێستادا لەکوانویەکی پڕژیلەمۆی خامۆش دەچێت کە هێدی هێدی و لەسەرخۆ دەگەشێتەوە و نزیک دەبێتەوە لەگڕگرتن .هەرکاتێکیش کێشەکان تەقینەوە ئەوا گڕی ئاگرەکە تەنها ناوچەکە ناگرێتەوە بەڵکو کاریگەری دەبێت بۆ سەر هەموو دونیاو کۆنترۆڵکردنیشی کارێکی سانا نابێت و بەلانسی هێزەکان لەدونیادا دەگۆڕێت .چونکە ئەم ناوچەیە





خاڵی چڕبونەوەی بەرژەوەندیە سیاسی و ئابوری و کەلتوری و زانستیەکانی زلهێز و کۆمپانیاکانە و بەئاسانیش دەست بەرداری ئەو بەرژەوەندیانەیان نابن و هەریەکەیان بۆ دابینکردن و پاراستنی بەرژەوەندیەکانیان دەستوەردەدەنە کاروباری ناوچەکەوەو هێندەی تر زەیت بەسەر ئاگرەکەدا دەکەن .

چارەسەر بۆ هەموو ئەم کێشە گەرم و گوڕو ترسناکانەش بریتیە لە ڕووخاندن و ڕامالێنی سیستەم و ڕژێمە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و فەرهەنگیە دیکتاتۆر و دواکەوتوو داخراوەکانی ناوچەکە و بەرقەرارکردنی سیستەمێکی دیموکراسیی و ئازادیەکان وسەربەستی کاری سیاسی و جەماوەری و گروپەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ڕێکخراوە ناحکومیەکان و کرانەوەی بازاڕو ئابوری و بەزانستکردنی دامودەزگاکان و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنانە لەو کۆمەڵگایانەدا .بەمانەش کاری تیرۆرو تۆقاندن و چەوساندنەوە و زوڵم و زۆرو دواکەوتن و هەژاری بەری پێدەگیرێت و هێمنی و ئارامیش بۆ ناوچەکە دەگەڕێتەوە و پێشکەوتن و داهێنانەکانیش ڕێچکەی خۆیان دەگرن لەهەموو بوارەکاندا .

بەلام ئەم کارانە پلانی وورد و ستراتیژی و دیقەتی دەوێت نەوەک کاری سەرپێی و هەلچون و پەلەکردن .بۆیەش پڕۆسەکە کارێکی سانانیە و لە شەوڕۆژێکدا بەدینایەت و بەڵکو پێدەچێت دەیان ساڵ بخایەنێت و گەلێک بەربەست و ڕێگر لە بەردەم ئەم پڕۆسە گەورەی گۆڕانکاریانەدان کە بریتین لە -:



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

## 1.دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانه

بەپلەی یەکەم چونکە ئەو وولاتە توانایەکی گەورەی مادی و مرۆیی هەیە و خاوەن پانوپۆریەکی گەورەی جوگرافیایە و توانایەکی باشی سەربازی و چەک و تەقەمەنی هەیە و وولاتێکە بەدرێژای 26ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی تارادەیەکی باش سیاسەتی خۆژیانی پەیرەوکردەوە و پشتی بەستۆتە سەر تواناکانی خۆی و سەرکەوتووش بوە کە هەموو ئەمانە کاری گۆڕانکاری تیایدا گران و قورس دەکەن .بەلام هەندێ هۆکاری تریش هەن کە خاڵی لاوازن لە پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگایەدا لەوانەش بوونی نەتەوە و مەزهەب و دینی جیاواز کەدەکرێت لێوەی بنکۆڵی ئەو ڕژێمە بکرێت و کار بۆ ڕوخاندنی بکرێت .کە لێرەشدا کورد رۆڵ و کاریگەری خۆی هەیە و ئامادەیە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە ,سەرەڕای بوونی دەیان کێشەی ناوخۆیی و ناوچەیی لەگەڵ دراوسێکانیدا کە هۆکاری ترن بۆ سەرکەوتنی پڕۆسەی گۆڕانکاریەکان.هەرکاتێک توانرا ئەم ڕژێمە و وولاتە بڕوخێنرێت ئەوا بەدڵنیاییەوە پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە کەلەلایەن ئەمریکاوە داڕێژراوە و دەست بەجێبەجێکردنیشی کراوە دەتوانێت ئامانجەکانی داهاتووی بپێکێت و زاڵ بێت بەسەر هەموو لەمپەڕ و بەربەستەکانی تردا.

2. بەربەستێکی تر بریتیە لە سەرهەلدان و گەشەکردن و پەلەاویشتنی بزوتنەوە توندڕەوە سەلەفی و ئیسلامیەکان لەم





ناوچەیەدا و بونەتە هێزێکی پڕ مەترسی بۆ سەر ئاسایش و ئارامی ناوچەکە و هەموو دونیاش وەک ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و چەندانی تر ..بۆیە کاری سەرەکی و لەپێشینەی ئەو پڕۆسەیە بریتیە لە سەرکوتکردن و لەناوبردن و لەڕیشههەلکێشانی ئەو بزوتنەوانە لەناوچەکەدا .

❖ لەم ناوچە پڕ لەکێشە و گرفت و ئاڵۆز و مەترسیدارەدا ئایا کورد وەک نەتەوەیەکی ژێردەست و داگیر و دابەشکراو دەتوانێت چ رۆڵێک ببێنێت و چ کاریگەریەکی هەبێت لەسەر ڕووداوەکان و چۆن دەتوانێت بەرژەوەندیەکانی خۆی و مافە زەوتکراوەکانی چەندین سەدەیەکانی خۆی دابین بکات و بسەنێت ؟؟ ئەمانەو دەیان پرسیاری تریش ..

بۆ وەلامی ئەم پرسیارانە دەڵێین کە کورد وەک نەتەوەیەکی دێرینی ئەم ناوچەیەو بەو ژمارە زۆرەی کە خۆی لە نزیکەی 40 ملیۆن کەس دەدات تائێستا بە داگیرکراوی و دابەشکراوی ماوەتەوە و نەبۆتە خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی لەلایەن نەتەوە سەردەستەکانی فارس و تورک و عەرەبەوە دەچەوسێتەوە .

لەپڕۆسەی ئەم گۆڕانکاریانەدا پێدەچێت کورد ببێتە سەرەنێزە و لەپێش هەموانیشەوە ساز و ئامادەیە و بەدڵنیایش لەهەموانیش سوودمەندتر دەبێت لەم پڕۆسەیەدا و کورد دەبێتە ئەو دەرگایەی کە هەموو گۆڕانکاریەکانی لێوە دەست پێبکات و پیایدا تێپەڕببێت .چونکە فاکتەرێکی گونجاوەو ئامادەیە بۆ ئەو گۆڕانکاریانە و بەلێک هەلوەشان و ڕووخانی ڕژێمە دیکتاتۆریەکانی ناوچەکە کورد



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

سوودمەند دەبێت و ئەگەر ژیرانە و حەکیمانە ڕووداو وپێشهاتەکان بخوێنێتەوە و هەلیانبسەنگێنێت و حساباتی ڕاست و دروستی هەبێت بۆیان و بتوانێت هەلی گونجاو بقۆزێتەوە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بەرژەوەندی براوە و زلهێزەکاندا ,ئەوا لەورێگەیەوە دەتوانێت کە ماف و داواکاریە ڕەواکانی بەدەست بهێنێتەوە و بەشداریەکی کاریگەریش بکات لە سەر لەنوێ بونیادنانەوەی ناوچەکەدا ئەویش بەهەلبژاردنی سیستەمێکی دیموکراسی و ئارام و پێشکەوتوو کە کار بۆ پاراستنی ئازادیەکان و پێکەوەژیانی نەتەوەکان بکات لە ناوچەکەدا .

دەنا بە پێچەوانەوە گەر کورد بەهەڵەشەیی و سۆز و هەلچونەوە بەشداری بکات دوور لە بوونی بەرنامە و خۆڕێکخستن و ئامادەکردنی پێشوەخت ئەوا بەزەرەرو زیانی زۆر گەورەتر دەشکێتەوە بەسەریدا .

خۆشبەختانەش لە ئێستا دا و لەو ولاتانەی کەکوردی تیادایە چانسی لەپێش و لەسەرەوەیە و ئەو دەوڵەتانە پێیان خۆشبێت یان نا ئەستێرەی بەختی کوردان لەگەشانەوەدایە و ئەوەتا لەعێراقدا سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێم و پۆستی سیادی گرنگی بەدەستەوەیە و خاوەن هەرێمێکی تایبەتە و بەشداریەکی گەورە و کاریگەریشی هەیە لە بڕیاردان و بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا .

لە ولاتانی سوریاو ئێران و تورکیاشدا کورد لەسەر پێیە بۆ گۆڕانکاری و لە سەدەکانی پێشووتر چالاکانەتر هەوڵ دەدات بۆ سەندنەوەی مافە زەوتکراوەکانی و لەسەر ڕێگا ڕاست و





دروستەکەی گۆڕانکاریەکانە .

هەربۆیە پێشبینی دەکرێت کە ئەم سەدەی بیست و یەکەمە ببێتە سەدەی کوردان و قەرەبووی هەموو سەدەکانی ڕابووردووی بۆ بکاتەوە وئەوەش تەنها بەیەک و یەکگرتوویی ڕیز و هێز و توانا و کارو بەرنامەکانی خۆی دەبێت بەڕووی دۆست و دوژمناندا...

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

# کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورە وکتوپڕدا3

**ئاشکرایە لەدوای رووخانی هەردوو ڕژێمی تاڵیبانی ئیسلامی سەلەفی و توندڕەو و لەبەریەک هەلوەشانی ڕێکخراوی قاعیدەی تیرۆریست لە ئەفغانستان و ڕژێمی بەعسی دیکتاتۆری و قەومی لە عێراقدا , ( پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە ) لەلایەن براوەی هەردوو جەنگەکەوە و براوەی جەنگی سارد ( ئەمریکا ) ی زلهێز و تاکە بالادەستی دونیا لەسەرەتای چەرخی بیست و یەکەمەوە ڕاگەیەنرا و خرایە بەردەم دەوڵەتەگەورەکانی پیشەسازی دونیا بەمەبەستی گۆڕانکاری زیاتر و گەورەتر لە ڕژێمەکانی سنوری جوگرافیای پڕۆژەکەوە کە( هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسڕائیل و تورکیاو ئێران و پاکستان و ئەفغانستان ) دەگرێتەوە و لەو ساتەوە هەوڵی جدی و چڕو پڕ دەدرێت بۆ سەرخستن و بەئەنجام گەیاندنی . سنوری جوگرافیای پڕۆژەکە ناوچەیەکی هەستیارو دەوڵەمەند و پڕکێشە و دواکەوتوو ململانێی شارستانیەتەکانە و لایەنەکانی ناو پڕۆژەکە هەریەکەیان هەوڵ دەدات دەسەلات و نفوزو ئایدیا و بەرنامەکانی خۆی بچەسپێنێت و بەرژەوەندیەکانی بپارێزێت ..**

**ئاشکراشە کە ئەم پڕۆژەیە لەسەر 3 بنەمای سەرەکی داڕێژراوە کە ئەوانیش بریتین لە :-**

1. **چەسپاندنی دیموکراسیەت و بەرجەستەکردنی ئازادی و سەربەستیەکان و هەلبژاردن و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان .**
2. **ئازادکردنی بازاڕ و ڕزگارکردنی ئابوري داخراویانە و هەوڵدانە بۆ کرانەوەی زیاتر و پەیڕەوکردنی شەفافیەت و دەرهێنانی بازاڕ و ئابوریە لەدەستی حکومەت و زیاترکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت و کۆمپانیا زەبەلاحەکانی ئابوریە و نەمانی سنورو بە جیهانی کردنی دونیایە.**
3. **بەزانستی کردنی کۆمەڵگایە بە سوودوەرگرتنی زیاتر لە تەکنەلۆژیاو پێشکەوتنەکانی بواری کۆمپیوتەرو ئینتەرنێتە و گۆڕانکاریە لە پڕۆگرامەکانی خوێندن لەهەموو قۆناغەکاندا و ...هتد.**

**ئاشکراشە کە هیچ کام لەو سێ بنەمایە لە بەرژەوەندی و سوودی دەسەلات و ڕژێمەکانی ئەم ناوچەیەدا نین و بەڵکو هۆکاری سەرەکین بۆ ڕووخاندنیان و لەناوچوون و تووڕهەلدانیانە بۆ زبڵدانی مێژوو بەهۆی ەوشیاربونەوەی گەلەکانیان . هەربۆیە لەسەرەتاوە هەموانیان دژایەتی پڕۆژەکەیان دەکرد و هەوڵیان دەدا کە نەکەوێتە بواری جێبەجێکردنەوە و بڕوبیانوی جۆراو جۆریان دهێنایەوە بۆ سەرنەکەوتن و بەجێنەگەیاندنی , بەلام داڕێژەرانی پڕۆژەکەو هاوپەیمانەکانی و لەگەڵیشیاندا ڕای گشتی جەماوەرو گەلانی ناوچەکە بەدڵنیاییەوە و بەسووربونیان بۆ سەرکەوتنی پڕۆژەکە و بەرەوپیرچونیەوە ئومێدی سەرکەوتنی زۆری لێدەکرێت .**




created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

سەرەتای پرۆژەکە بە رووخانی هەردوو رژێمی ئەفغانستان و عێراق دەستی پێکرد و لەئێستاشدا ئاماژە و ئاراستەی گۆرانکاریەکان بەرەو گۆرانکاری لە رژێمەکانی ئێران و سوریاو میسر و سعودیە و تەنانەت تورکیاشدا دەچن بەهۆی جۆرەها گوشاری سیاسی و ئابوری و سەربازیەوە و ...هتد ئەوەتا ئەمریکا و ئەوروپا گوشار دەخەنە سەر ئێران لەرێگەی بونی بەرنامە ئەتۆمیەکەیەوە و پشتگیری کردنی تیرۆریستان وبۆسوریاش بەهانەی بوونی لە لوبنان وپشتگیری حیزبولاو رێکخراوە توندرەوەکانی فەڵەستین و تیرۆریستانی ناو عێراقەوە گوشاریان خستۆتە سەر و بریاری 1559 یان لە ئەنجومەنی ئاسایشەوە دژی دەرکردوە و بە جدیش کار بۆ جێبەجێکردنی دەکەن و بۆ میسریش بیانوی کەمینە مەسیحیە قیبتیەکان و نەبونی ئازادی و دیموکراسی و نەپاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنانەوە دهێننەوە و بۆ تورکیاش دابین نەکردنی مافەکانی کوردو کەمینەکانی تر و کێشەی قوبروسەوە دەستی پێدەکەن لە وەرگرتنی لە یەکێتی ئەوروپادا , بۆ شانشینی سعودیەش کە دۆستێکی تەقلیدی و بەهێزیان بوو تا ساڵی 2001 لەئێستادا و بەبیانوی هاوکاری کردنی سەرجەم رێکخراوە ئیسلامیە وهابیەکانەوە لەجیهاندا و دەرکەوتنی رۆڵی هەندێ کەسایەتی بنەماڵەی شاهانەی سعودی لە پشتگیری کردنی ئەو رێکخراوانەدا و نەبونی ئازادی و مافەکانی ژنان و مرۆڤەوە گوشاریان خستۆتە سەر ئەو ولاتە و لەئێستادا ئەمریکا دەیەوێت رۆڵی دەوڵەتۆکە





بچوکەکانی وەک قەتەر و بەحرێن و کوێت وئیمارات و عومان لەدژایەتی سعودیە زیاد دەکات و پەیوەندیەکانی زیاتر و توندو تۆڵتر دەکات لەگەڵیاندا .

بەم شێوەیە خاڵی وەرچەرخان و گۆرانکاریە گەورەکان و سەرکەوتنی پرۆژەکە لەم ولاتانەوە دەست پێدەکات بەهۆی نەبونی پشتیوانی گەورەبۆیان لە ناوخۆو گەلەکانیانە وە ناتوانن بچوکترین هەلوێست و کرداریان هەبێت دژی پرۆژەکە و ناتوانن ببنە رێگر لەبەردەم بەرەوپێشچوون و سەرکەوتن و سەپاندنیدا بەسەریاندا , تەنها و تەنها تاکە رێگە لەبەردەمیاندا بەناچاری بریتیە لە خۆ گونجاندن و سازدانی ریفۆرمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستی و ...هتد لەگەڵ پرۆژەو ئامانجەکانیدا بۆ خۆ دەربازکردن لە رووخان و لەناوچونیان و بەردەوامی دان بەمان و ژیانیان و دەسەلاتیان و کە لەکۆتایشدا جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پرۆژەکە هەر بەنەمان و لەناوچوونی خۆیان تەواو دەبێت و بەناچاریش و بەدەستی خۆیان گۆری خۆیان هەلدەکەنن .

- لە ئێستادا و دوای ئەنجامدانی پرۆسەی هەلبژاردنی ئازاد و دیموکراسی لە هەردوو ولاتی ئەفغانستان و عێراقدا و دانان بە سیستەمی دیموکراسی و دابینکردنی تارادەیەکی باش لە ئازادیەکانی رۆژنامەگەری و کاری سیاسی و ئازادکردنی بازارو تارادەیەکیش سوود وەرگرتن لە تەکنەلۆژیاکان و تێکەلاوبوونیان بە جیهان هاتونەتە سەر سکە و رێچکەی پرۆژەکە و هەنگاوەکانی تریش بەرێوەن. تورکیاش هەوڵی زۆر دەدات



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

لەمیانەی گۆڕانکاری لە دەستور و دابینکردنی ئازادیەکانی بیروڕا و کاری سیاسی و ئابوری و دابینکردن و دانپیادانانی کوردو کەمینەکان و نەرمیش دەنوێنێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەی قوبرس و بەردەوامیشن لە هەوڵەکانیاندا , هەرچی میسر و سعودیەشن لەڕێگەی ئیصلاحاتی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی و دابینکردنی ئازادیەکان و زیاتر کرانەوە و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ژنان و کەمینەکانیانەوە دەیانەوێت ڕووخساری خۆیان جوان بکەن و ئەوەتا لەمیسردا قیبتیەک دیاریکراوە بۆ جێگری سەرۆک کۆمار و هەوڵی جدی و هەندێ جاریش فشار دەخاتە سەر فەلەستینیەکانیش بۆ تەنازول کردن و ڕێکەوتن لەگەڵ ئیسرائیلیەکاندا و هەرچی سعودیەش هەیە بۆ یەکەمین جارە لەمێژووی ئەو ولاتەدا هەلبژاردنی شارەوەنیەکان ئەنجام بدرێت ئەگەرچیش بەناتەواوی و کاڵَو کرچیش بێت ساز دەکرێت و ڕێَچکەیەکی زۆر نەرم و نیان و میانڕەوپەیڕەو دەکەن لە فەتواکانیان و بەئاشکراش کاری تیرۆریستان و توندڕەوە ئیسلامیەکان سەرزەنشت دەکەن و هاوکاریە مادی و مەعنەویەکانیشیان بەڕادەیەکی زۆر بۆیان کەمکردونەتەوە .

ئەوەی کەماوەتەوە و تائێستا بەڕواڵەت دژایەتی دەکەن و هەوڵی جدی نادەن بۆ خۆگونجاندن و سوورن لەسەر خۆگیڤکردنەوە و هەر لەسەردەمی دروشمە زل و بریقەدارەکاندا دەژین ئێران و سوریان کە هەردووکیان شیعە مەزهەبن و هاوکاری ڕێکخراوە توندڕە وە ئیسلامی و فەلەستینیەکان دەکەن و تەماعی زاڵبونی زیاتریان





هەیە لەلوبناندا لەلایەک بۆ گوشارخستنە سەر ئیسرائیل و لەولاشەوە بۆ زیادکردنی نفوزی شیعە لەبەرامبەر سونەی ناوچەکەدا و ئەم مەترسیەش لەسەر زاری شا عەبدولای ئوردونەوە بە ئاشکرا گوزارشتی لێوەکرا و داوای کرد کە ڕێگە نەدرێت شیعە لەعێراقیشدا بالادەست ببن چونکە دەبێتە مەترسی بۆ سەر ئوردون و ولاتانی کەنداو وئیسرائیلیش . هەروەها هەردووکیان هەولَ دەدەن سەردەمی ( ناردنەدەرەوەی شۆڕش ) زیندوو بکەنەوە و ئایدیا و بیرو ڕاکانیان گەشە و پەرە پێبدەن لەناوچەکەدا و دژایەتی ئەمریکا و ئەوروپا و شارستانێتی ڕۆژئاوایان پێبکەن کە ئەمانەش هەموو دەبنە ڕێگر لەبەردەم سەرکەوتن و بەئەنجام گەیاندنی پڕۆژەکەدا کە ئەمریکاش بە هیچ جۆرێک بەم کردارانە ڕازی نابێت و ڕۆژ بە ڕۆژیش لەهەوڵی جدیدایە بۆ زیاتر کردنی گوشار و گەمارۆدانی ئەو دوو ولاتە .

لەئێستادا و دوای تیرۆرکردنی سیاسەتمەدار و پیاوی هەلکەوتوو دەوڵەمەندو سەرۆک وەزیرانی پێشوی لوبنان ( ڕەفیق ئەلحەریری ) کە ڕۆژی 14/ 2 لە بەیروتی پایتەختدا تیرۆرکرا , پێدەچێت ببێتە ئەو دەنکە شقارتەیەی کە ئاگرەکەی پێهەلدەگیرسێت و کوژانەوەشی مەحالَ دەبێت و لە پێش هەموانیشەوە سوریاو ئێران و دەست وپێوەندەکانیان دەگرێتەوە و دەبنە سووتەمەنی و خۆراکی ئاگرەکە و لەڕێگەی ئەم تیرۆرکردنەوەوە و لەم کات و ساتە ناسک و زۆر هەستیارەدا کە ناوچەکەی پیاداتێپەڕ دەبێت هەلێکی زۆر گونجاو ولەبار هاتۆتە



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

پێشەوە بۆ ئەمریکاو خۆش بەختانەش کە ئەوروپاش و لەپێشەوەیاندا فەرەنسا هاودەنگن بۆ چەسپاندنی بڕیاری 1559 ی نێودەوڵەتی بۆ دەرپەڕاندنی سوریا لە لوبنان و بچوکردنەوەی دەسەلاتی و دوورخستنەوەی لە سنورەکانی ئیسرائیل و بەهەمان شێوەش زیاتر لەمەنگەنەدان و بچوککردنەوەی نفوزی ئێران لەناوچەکەدا و دەست و پێکردنی حیزبولاو ڕێگە خۆشکردن بۆ دەستێوەردان و هاندانی ئەو گەلانەی ئێران و سوریاو دەستپێکردنی گۆڕانکاریەکان و ڕێگە ئاسانکردن بۆ ڕووخان و لەبەریەک هەلوەشانیان و چارەسەرکردنی کێشەی فەلەستینیەکانیش بەقازانجی ئیسرائیل, چونکە کەسایەتی ڕەفیق حەریری و ساردی میانەی لەگەڵ سوریادا و لەولاشەوە پشتگیری و پشتیوانی ئەمریکاو ئەوروپاو دەوڵەتانی کەنداو بۆی هاندەرن بۆ تۆڵەسەندنەوە لەسوریاو ئێران و بەتایبەتیش کە ڕێکخراوێکی نەناسراوی ئیسلامی سەلەفی ( جهاد و تەوحید لە بلادی شام ) لێپرسراوێتی خۆیان لە کارە تیرۆریستیەکە دانپیادانا وەک پەردەپۆشکردن و لەڕێگە لادانی بۆچونەکان و دوورخستنەوەی سوریا و ئێران لە و کردارە .

- گۆڕانی هەردوو نیزامی سوری و ئێرانی گەورەترین سەرکەوتن دەبێت بۆ پڕۆژەکە و تای تەرازووی ململانێ و هێزەکان و شارستانیەتەکانیش ناهاوسەنگ دەکات و ئاشکراشە ئەم سەرکەوتنە گەورەیەش بە سانایی جێبەجێ نابێت و کات و زەمینەی گونجاو و لەباری گەرەکە و پێدەچێت لە چەند ساڵی





داهاتووی نزیکدا سەربگرێت کاتێک بەرژەوەندیە تیکچڕژاوەکانی گەورە زلهێزەکان یەکانگیربێت کە ئەمەش هۆکارێکی گەورەی سەرکەوتنەکەیە , بەلام لەئێستادا هاوهەلوێستی ئەوروپاو ئەمریکا خۆش بەختانە هاندەری باشن بۆ سەرکەوتنی ئەو پڕۆژە گەورەیە کە لەکاتی جێبەجێکردن و بەئەنجامگەیاندنیدا ئەم ناوچە ی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەی کە بەدرێژایی مێژوو سەرجەم ململانێکان و دژایەتیەکانی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلاتی تیادا بوە دەبێتە کانگای خۆشی و بەختەوەری ولانکی سەرهەلدانی شارستانیەتێکی نوێ کە سەرجەم ئازادی و مافەکان و داهێنانەکان و پێشکەوتنەکانی تیادا بەدی بێت و بهەیوای ئەوەش گە گەلی کوردیش وەک یەکێک لە پاڵەوانەکانی سەر گۆڕەپانی ڕووداوەکان جیَ پێی خۆی بکاتەوە و بەشداری کاراشی هەبێت لە بەئەنجامگەیاندنی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورەدا و بهەیوای ئەوەی بتوانێت کە ئامانج و ئاواتەکانی لە پێکەوەنانی دەوڵەتێکی سەربەخۆو وەرگرتنی هەموو مافەکانی لەهەرچوار پارچەکەیدا بەدەست بهێنێت چونکە لە بەختی کوردانەدا هەرچوار دەوڵەتەکەی کەکوردی بەسەردا دابەشکراوە ( تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا ) لەپێشەوەی گۆڕانکاریەکاندان و بەجێبەجێکردنی ئەم پڕۆژەیە کورد دەتوانێت ببێتە خاوەن کیان و دەسەلاتی خۆی ئەگەر بەژیرانە مامەڵە لەگەڵ گۆڕانکاریەکاندا بکات و بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و داڕێژەری پڕۆژەکەدا .....



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊

# پێگەی کورد

# لە پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورەدا4

❖ ئاشكرایە لەسەدەكانی رابوردوودا چەند پرۆژەیەكی جیهانی لەلایەن دەوڵەتانی زلهێزی دونیاوە گرح كراون و هەریەكە بەناوێک و لەروانگەی جیاوازەوە,وەک پرۆژەی 14 خاڵی (( ویدرۆ ویڵسن))ی سەرۆكی ئەمریكا و پرۆژەی مارشاڵ و سیستەمی نوێی دونیا و بەعەولەمەكردنی جیهان و ...هتد.

بەمەبەستی درێژەپێدانی سیاسەتی كۆنترۆڵكردنی جیهان و فەراهەمكردنی بەرژەوەندیە دوور و نزیكەكانیان,جابەخۆشی بوبێتن یان بەزۆر سەپاندویانە و گەل و نەتەوەكان و دەوڵەتەكانیش





بەناچاری جێبەجێیان كردوە ئەگەر بەزیانیش گەرابێتەوە بۆ سەر دەسەلات ونفوزیان لەناوخۆی وولاتەكانیان و ناوچەكەشدا تەنها بەمەبەستی مانەوەیان لەدەسەلاتدا. هەشبووە زوو فریای خۆی كەوتوە و كەوتۆتە خۆگونجاندن لەگەڵ تەوژمی گۆرانكاریەكان و دەستی كردووە بە ریفۆرم لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و خوێندن و باری كۆمەلایەتی و یاساو دروشمەكانیدا.

لەئێستاشدا و لەسەرەتای سەدەی بیست و یەكەمدا و لەدوای زنجیرەیەک گۆرانكاری گەورە لە دونیادا كە بونە مایەی قلَپبونەوەی سەرتاپای تێگەیشتن و پرنسیپەكان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی لەدونیادا وەک سەرهەلدان و بەهێزبوونی تیرۆریزم و هەموو ئەوكاڵبونەوەی ئایدیا و شارستانیەتەكان كە بونە مایەی لێكترازانی ریزەكانی كۆمەڵگای نێودەوڵەتی و دابەشبونیان بەسەر دوو سەنگەری دژ بەیەكدا كە ئەوانیش سەنگەری تیرۆر و سەنگەری تیرۆریستان بوو كە سەنگەری یەكەمیان هەموو دەوڵەتانی پێشكەوتوو خاوەن شارستانیەت و تەكنەلۆژیاو خۆشگوزەرانەكان بوون لە رۆژئاواو رۆژهەلاتدا و ئەو گەلانەشی كە زەبریان بەدەستی تیرۆریستان خواردبوو هەمان سەنگەریان هەلبژارد.

لەبەرامبەریشدا هەموو ئەو دەوڵەت و كۆمەڵگایانەی سیمای دواكەوتوویی و نەفامی و تێنەگەیشتوو بوون و بە عەقڵیەتی سەدەكانی ناوەراستەوە تحلیل و تێروانینیان دەكرد بۆ گۆرانكاری و پێشكەوتنەكان,خۆیان خستە سەنگەری تیرۆریستانەوە و دەیانزانی



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

و دەیانویست بەزەبری ترس و تۆقاندن و زەوتکردنی ئازادی و سەربەستیەکان و وەلانانی خوێندن و خوێندەواری و دژایەتی کردنی هەموو دیاردەکانی دیموکراسی و کۆمەڵگای مەدەنی دونیای سەردەم بخەنە ژێر ڕکێف و حەز و ئارەزوە مردوەکانیانەوە .

بەلام خۆشبەختانە هەر لەسەرەتای بیرکردنەوە و خۆناساندنیان بەدونیا لەرێگەی ترس و تۆقاندن و کارە تێکدەرەکانیانەوە لەرووداوی 11ی سێپتەمبەری 2001 ی ئەمریکاوە و تەقاندنەوەکانی تەنزانیاو دار السلام و فلیپین و ئەندەنوسیاو کارە تێکدەرانەکانیان لەکوردوستان و گرتنە دەستی دەسەلات لە ئەفغانستان و شیشان و ...هتد.مەرگی خۆیان دیاریکرد و خۆیان بوونە مایەی پێشخستنی مەرگ و رۆژی کۆتاییان و هەر زوو هەلدێران و سەرەونگوم بون و لەهەموو دونیادا بێزراو و رسوا بوون.و بەزوویی ئیمارەتە سەلەفیە توندرەوەکەیان رووخاو لێک هەلوەشا و ئیدی لەهەموو کوچە و قوژبنێکی دونیادا جێگەیەکی ئارام و روناکیان بۆ نەمایەوە و هەرچۆن لەتاریکیەوە هاتبوون ئاوهاش گەرانەوە بۆ تاریکستانەکانیان لە ئەشکەوت و ژێرزەوی و جێگەی تری بێزراودا. لەکوردوستان و لە عێراقیشدا پێش رووخان و دوای رووخانی رژێمی بەعس کەوتنە بەر گورزی گورچک بر و لە ئێستادا گیانەلای مەرگیانە و بەرەو دوارۆژەکانی ژیانیان هەنگاو دەنێن, دوای ئەوەی کە گەلی کوردو عێراق رووی راستەقینەیانی ناسی و بەئاوات و ئامانج و مەرامە ناڕەواکانیان ئاشنا بوو و بینیان کە چۆن دوور لەهەموو بەها ئەخلاقی و مرۆڤایەتیان





دەستیان دەچێتە گیانی رۆڵەکانی عێراق بەبێ جیاوازی لەنێوان عەرەب و کوردو تورکومان و ئاشوری و ئەمریکیدا و کارە تێکدەر و تۆقێنەرەکانیان لەشارەکانی هەولێر و کەرکوک و بەغدا و موصلَ و کەربەلا و بەصرە و ...هتد.ئەنجام دەدەن و رۆژانە چەندین هاولاتی بێ گوناه دەکەنە قوربانی هەوەس و مەرامە گلاوەکانیان, هەربۆیە بەدلنیاییەوە رۆژانی ژیانیان بەرەوکۆتایی دەچێت.

لەم سەرو بەندەدا و لەگەرمەی گۆرانکاریەکانی ناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا کە بەجەرگەی کێشە و ململانێ مێژوویەکانی شارستانێتیەکانی رۆژئاوا و رۆژهەلات دەژمێردرێت و گۆمی خوێناویو سەرچاوەی توندرەوی و تیرۆریزم وکاری تێکدەرانە و ململانێ خوێناویەکان بووە.هەربۆیەش دەکرێت بەئەنجامدانی گۆرانکاری ریشەیی و گەورە لە سیستەمی سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتی وفێرکاری لەم ناوچەیەدا بتوانرێت ناوچەیەکی ئارام و ئاسایش و پێشکەوتوو دوور لە خوێن رشتن و دواکەوتوویی و هەژاری بێتەدی و دونیاش لەسایەی سەقامگیری ئەم ناوچەیەدا بحەوێتەوە و لەهەموو ئەو دیاردە دزێوانەی کە باسمان کرد رزگاری ببێت و دونیایەکی پر لە خۆشی و ئاشتی بەرقەرار بێت, لەم پێناوەشدا لەلایەن سەرۆکی ئەمریکاوە جۆرج بووش (( پرۆژەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گەورە)) پێشنیازکراوە و بەنیازە لەکۆبونەوەی 8 وولاتە گەورە پیشەسازیەکەی دونیادا کەبریارە لەمانگی حوزەیراندا ببەسرێت بخاتە بەردەم کۆنگرە بەمەبەستی ئالوگۆرکردنی بیروراو دانانی ئالیەتێکی گونجاوبۆ جێبەجێکردنی و بەهاوکاریەکی



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**هەمەلایەنە و بەئیرادەیەکی نێو دەوڵەتی.ئاشکرایە پرۆژەکە گەورەو ستراتیژیە و پێویستی بەزەمان و زەمینەیەکی لەباری گونجاو هەیە بۆ سەرکەوتنی و بەدیهێنانی ئامانجەکانی,بۆ ئەمەش پێویستی بەتێگەیشتن و هەلسەنگاندن و قبوڵکردنی هەیە لەلایەن کۆمەڵگاکانی ئەو وولاتانەی کە پرۆژەکە دەیانگرێتەوە کەبریتین لە ( هەموو وولاتانی عەرەبی و ئێران و تورکیاو ئیسرائیل و پاکستان و ئەفغانستان) و پرۆژەکەشی لەسەر (( 3)) ئاستی سەرەکی ئاراستەکراوە کەبریتین لە:-**

1. **هاندانی دیموکراسی و دەسەلاتێکی باش**
2. **بونیادنانی کۆمەڵگایەکی زانیاری**
3. **بەرفراوانکردنی هەلی ئابوری**

**کە ئەم ((3)) بنەمایە بنچینەیەکی گونجاوە بۆ گۆڕانکاری لەسیستەمی سیاسی و ئابوری و تەکنەلۆژیای ناوچەکەدا,هەر کاتێکیش ئەو گۆڕانکاریانە هاتنە دی ئەوا بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی و مەدەنی کە یاسا سەروەر بێت و دووربێت لەگەندەڵی و مشەخۆری و دووربێت لەڕێگری ئازادیەکان و سەربەستیە کەسیەکان و دامەزراندنی میدیای سەربەخۆو پەیڕەوکردنی سیستەمێکی سیاسی هەلبژێردراو و بەدەستەوەگرتنی دەسەلات بەنۆرە و سیستەمێکی شەفاف دێتە دی و لەڕووی زانست و فێرکردن و تەکنەلۆژیاشەوە کۆمەڵگایەکی داهێنەر بەدی دێت و هەموو ئەم گۆڕانکاریانەش سەرکەوتوو دەبێت ئەگەر سیستەمی ئابوری و بازاڕ بەشێوەیەکی نامەرکەزی دەوڵەتی جێبەجێبکریَ و**





**کەرتی تایبەت رۆڵ و سەرمایەکەی وەگەڕ بخات و بازرگانی و هاموشۆ ئازادبێت و وولاتانی ناو پرۆژەکە هانبدرێن کە بەشداری ڕێکخراوە بازرگانیە جیهانیەکان بکەن و ناوچەی بازرگانی ئازاد لەنێوانیاندا دروست بکەن . بنەمای هەموو ئەم گۆڕانکاریانە و بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە بریتیە لە (( ڕیفۆرم )) و ئاشکراشە پرۆسەی ڕیفۆرم بریتیە لە پرۆژەیەکی نەرم ونیان و شەفاف و لەسەر خۆ و بەبەرنامە, کەبیری تیژ و ژیری و ووریای زۆری دەوێت بۆ سەرکەوتن و بەئامانج گەیشتنی چونکە بچوکترین هەڵە دەبێتە مایەی پاشا گەردانی و بەزیان گەڕانەوە بۆ مەبەست و ئامانجە سەرەکیەکە کە بریتیە لە گۆڕان لەسەرتاپای سیستەمە سیاسی و ئابوری و فەرهەنگی و کۆمەلایەتی و زانستیەکاندا.بۆیە پرۆسەی ڕیفۆرم پرۆسەیەکی سانا نیە و لەماوەیەکی کورتیشدا ئامانجەکان نایەنە دی, بەڵکو پێویستی بەکەسانی ەیڤار و بیریار و دانایە کە خاوەن ئەقڵیەتێکی کراوە و ڕۆشن و ڕهەندێکی ستراتیژی بن,بۆئەوە ی پرۆسەکە تووشی شکست و لەبارچوون نەبێت,لەئەنجامی سەرکەوتنی پرۆسەی ڕیفۆرمیش لەناوچەکەدا کۆمەڵگایەکی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی گەورە دروست دەبێت کەلە هەموو ڕووەکانەوە پیَچەوانەی ئەم واقیعەی ئێستا دەبێت کە پێیەوە دەناڵێنن هەر لەسیستەمی دیکتاتۆری و بنەماڵەیی و خێڵەکی ودواکەوتوویی وە کە بڕوایان بەکرانەوە و شەفافیەت و دیموکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ نیە و تاتەپڵی سەریان ڕۆچوون لە گەندەڵی و دواکەوتوویی لەڕووی کەلتوور و**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**شارستانیەت و زانست و تەکنەلۆژیاو باری ئابوریەوە و کۆمەڵگاکانیان بریتین لە کۆمەڵگای دواکەوتوو و داخراو و پڕ جەهالەتی سەدەکانی ناوەڕاست کە ژنان بە هیچ شێوەیەک ڕۆڵیان تیایدا نیە و کۆمەڵگایەکی مەدەنی و کراوە وجودیان بۆ نیە و یاسا یاسای بنەماڵە و تاکە کەس و سەرۆک عەشیرەت و نەخوێندەوارەکانە.**

**ئەوەی مەبەستمانە لەم باسەدا ئەوەیە کە پێگەی کورد لەم پڕۆژەیەدا چیە و دەبێت کورد چۆن بوون و وجودی خۆی بسەلمێنێت؟ و بەرژەوەندیەکانی خۆی چۆن یەک بخات لەگەڵ ئامانج و ئاراستەکانی ئەم پڕۆژەیەدا؟**

**ئاشکرایە کە کورد وەک گەل و وەک نەتەوەش تا ئێستا خاوەن قەوارە و دەوڵەت و ئالای خۆی نیە و سنورێکی دیاریکراویشی نیە و بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەشکراوە و کوردوستانی گەورەش دەکەوێتە ناو جەرگە و چەقی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستەوە و ئەم پڕۆژەیەش کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر دۆزی کوردو کوردوستان .کورد هیچ کاتێک سوودمەند نەبوە لەهەموو ئەو پڕۆژانەی لەوە و پێش گرحکراون و سەپێنراون بەڵکو زیانی گەورەشی بەرکەوتوە و بیَ بەش کراوە لەسەرەتایترین مافەکانی لەپێکەوەنانی دەوڵەت و سەربەخۆبوونی.بەلام لە ئێستادا و لە ئەنجامی ئەو هاوپەیمانێتیە گرنگەی کە هەیەتی لەگەڵ گەورەترین دوو زلهێزی دونیادا و وەستانی لەسەنگەری دژە تیرۆرداو هاوبەشی کردنی لە ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس و**





**ئەنسارولئیسلام و ئەلقاعیدە لەکوردوستان و عێراقدا و چەسپاندنی ئەزموونی 13 ساڵەی حوکمڕانی کورد بۆ خۆی و ئەو هەموو پێشکەوتن و دەسکەوتانەی کە بەدی هێناوە لەئەنجامی ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی 1991 دا و دامەزراندنی دام و دەزگای دەوڵەتی و چەسپاندنی دیموکراسی و هەوڵدان بۆ پێکەوەنانی کۆمەڵگای مەدەنی و بەرقەرارکردنی ئاشتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و چەسپاندنی یاساو ڕێگا خۆشکردن بۆ دروست بوونی کۆمەڵە و سەندیکا و ڕێکخراوە پیشەیی و دیموکراتیەکان و گرنگی دان بە مافەکانی ژنان و بەشداریکردنیان لەهەموو وێستگەکانی ژیان و دامەزراوە دەوڵەتیەکاندا.زامنکردنی ئازادیەکانی ڕادەربڕین و میدیای ئازاد و بەئازادکردنی بازاڕ و بوژانەوەی کەرتی تایبەت و هاندانی سەرمایەداران و کۆمپانیا بیانیەکان بۆ وەبەرهێنانی سەرمایەکانیان لەکوردوستاندا هەموو گەشتیاران و باشکردنی بواری خوێندن و فێرکردن و هەوڵدان بۆ گۆڕینیان و گرنگی دان بە زانکۆو پەیمانگاکان و فێربوونی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا و سازدانی هەلبژاردنی شارەوانیەکان و هەموو ئەنجومەن و ڕێکخراوەکان وەک پڕۆسەیەکی دیموکراسی و شارستانیانە.**

**زەمینەیەکی لەبارو گونجاوی بۆ کورد ڕەخساندوە کەلەپێش هەموو کۆمەڵگاکانەوە خۆی بگونجێنیَ لەگەڵ ئامانج و هێڵە گشتیەکانی پڕۆژەکەدا, ئەگەر بەژیری و ووریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکاندا بکات و بتوانێت درێژە بەم هاوپەیمانێتیەی ئێستای**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

**بدات لەگەڵ ئەمریکا و بەریتانیادا و بەرژەوەندیەکانی خۆی لەگەڵ بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و سەرپەرشتیارانی پرۆژەکەدا یەک بخات و بەپێچەوانەی هەموو پرۆژەکانی پێشووەوە کورد دەبێتە کۆمەڵگایەکی شایستەو جێگای متمانەی زلهێزەکان و دەکرێت ببێتە چەقی گۆڕانکاریەکان و بەشی شێریشی بەربکەوێت لە دەسکەوتەکانی پرۆژەکەدا.**

**سەرکەوتن و بەدەستهێنانی ئەم ئامانجانەش پێویستی بەکاری جدی و نەبڕاوە و ماندوونەناسانە هەیە لەسەر ڕێگای ڕیفۆرمەکان لەهەموو بوارەکاندا و پشوودرێژی و هۆشیاری گەورەی دەوێت لەسەر ئاستی پارتە سیاسیەکان و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان و تاک بەتاکی هاولاتیان و یەک ڕیزی و یەک دەنگی و یەک هەلوێستی کوردیش بەامبەر بە تیرۆر و تیرۆریستان زامنی گەورەی بەدیهێنانی ئەم ئامانجەیە و چەندە بتوانین کە دیموکراسیەت و ئاشتی بچەسپێنین و لەیاساو بڕیارەکان و پەیوەندیەکانمان و سیاسەتە ئابوری و فەرهەنگیەکانماندا کراوە و شەفاف بین و هەوڵدەین ڕەخنە و بیر وڕای جیاواز قبولَ بکەین ئەوەندە لە ئامانجەکانمان نزیکتر دەبینەوە و دەتوانرێت پێگەی کورد قایمتر و تۆکمەتر بکرێت و هەوڵبدرێت کەمەسەلەی کورد لەکارتی گوشارەوە بگۆڕدرێت بۆ پایەی کۆنکرێتی بەهێز کە زلهێزەکان پشتی پیَ ببەستن لەبەرنامە و پلان و پرۆژەکانیاندا و هیوای سەرکەوتنیشی لەسەر هەلبچنن.**

❊ ❊ ❊





# پەراوێزەکانی بەشی پێنجەم

====================

1. **کوردو ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لەبەردەم گۆڕانکاری گەورەو کتوپڕدا/ نەوزادی موهەندیس / چاپی یەکەم/ سلێمانی /کوردوستان/2006, ئەم بابەتە لە بەرواری 2006/1/21دا نوسراوە.**
2. **هەمان سەرچاوەی ژمارە (1), ئەم بابەتە لە بەرواری 2006/3/26دا نوسراوە.**
3. **هەماون سەرچاوەی ژمارە (1)**
4. **هەمان سەرچاوەی ژمارە (1) , ئەم بابەتە لە بەرواری 2004/4/17دا نوسراوە.**



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

# كـــــۆتـــايـــــى

❖ بێهـــیچ گومـــان و دوو دڵیـــەک ڕەوڕەوەی پێـــشکەوتـــن و گەشەسەندنی ژیان هەمیشه بـەرەوپـێش دەچێت , سـەرەڕای بـوونی ئاستەنگ و ڕێگریەکان .سیفەتی سەرەکی ژیانیش بریتیەلە گۆڕان و جوڵـەی بـەردەوام و هـەمیشەی نـەک چـەق بـەستن لـەخـاڵ و وێستگەو قۆناغێکی دیاریکراودا.

دونیای مرۆڤایەتیش لەسەرەتای دروستبونیوە تـاکو ئێستا چەنـدین قۆنـاغ و سەدەو سـەردەمی تێپـەڕانـدوە و گـۆڕیـوە, لـەدونیاشدا کـەم جێگە و ناوچە هەبوە وەک ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست هەمیشە و بەبەردەوامی لە گۆڕاندا بوبێت بەشێوەیەکی بەردەوام لەکونانویەکـی خامۆشی پڕ ژیلەمۆ بچێت.کە تـەنهـا بزیـسکەیـەکی بـەس بـوە بـۆ کلَپەسەندن و گڕگرتن.

ئەم ناوچەیە بەلانکی شارستانیەتەکان و دیانـەتـەکـان و ململانێ و ناکۆکیـەکـانیش دادەنرێـت لـەدێـر زەمانـەوە و تـاکو ئێـستاش و پێدەچێتیش لە ئایندەشدا هەروا بمێنێتەوە.

پاڵنەری بەهێزیش بۆ ئەم ململانێ و تێکچڕژانی بـەرژەوەندیانـە و گۆڕان و جۆش سەندنی ئەم ناوچەیە بریتی بـوە لـە دەوڵـەمەنـدی ناوچەکە بەنەوت کە سەرچاوەیەکی گەورەو گرنگی وزە و پیشەسازی و پێشکەوتن و داهێنانەکانی دونیای ڕۆژئاواو ڕۆژهەلاتیش بووە.

نـەوتـی ئـەم ناوچـەیـە هێنـدەی سوودو قـازانج و مایـەی دەسکەوتـو خێروبێر بوە بۆ گەلانی دونیای دووری ناوچـەکـە, بـەهـەمـان هێنـدو زیـاتریش بۆتە مایەی شەڕو شۆڕ و داگیرکردن و ململانێ بـۆ گـەلانـی





ناوچەکە خۆی و بۆتە مایەی ئاشوب و وەک تەوقی نەفرەت چۆتـە گەردنی گەلانی ناوچەکەوە.

هـەربۆیـەش ئـەم ناوچـەیـە بـەدرێژایـی مێـژوو ئـارامی و ئاشتیەکـی دوورو درێژی بەخۆیەوە نەبینیوە و وەک زەریایەکی توڕە و هـەلچـوو هەمیشە لە شەپۆل و هەلچون و داچونـدا بـوە . کە لـەئـەنجامیـشدا گۆڕانی گەورەی بەدوا خۆیدا هێناوە.

ئـەم ناوچـەیـە هـەمیـشە گـۆڕەپـانی ململانێـی نێـوان داگیرکـاران و زلهێزەکان بوە و هەر سەدە و سەردەمێک لەلایەن زلهێزەکـانی دونیـا حوکم و کۆنترۆڵ کراوەو بەویست و ئـارەزووی خۆی ئـەم ناوچـەیـەی بردۆتە ڕێوە, هەربۆیەش هەمیشە ململانێیـەکی تونـدوتیژ لـەنێـوان ئەو زلهێزانەدا هەبوە بۆ دەستبەسەراگرتنـی ناوچەکە بـەسـەنتـەری دونیاد دادەنرێت و هەرکاتێک کەوتە ژێر کۆنترۆڵـی هـەر لایـەکـەوە ئەوا توانیویەتی کۆنترۆڵی دونیاش بکات.

ململانێکان هەندێ جار گەیشتۆتە ئاستی پێکادان و جەنگی گەورە و هەندێ جاریش بـەشێوەی جـەنگێکی سـاردو شـاراوە و لـە ئێـستاشدا لەسایەی سیستەمێکی تـاک جەمسەری ئەمریکاوە و ناوچەکە ودونیـا بـەڕێـوە دەبرێت و ئـەمریکـا دەیـەوێت لـەڕێگـەی بیـردۆزەی فـەوزای دروستکەرەوە کە بناغەی پرۆژەی ڕۆژهـەلاتـی نـاوەڕاستی گـەورەیـە, بـەتـەواوەتـی گـۆڕانێکی گـەورەو ڕیشەیـە لـە سیـستەمی سیاسـی و ئابوری و کۆمەلایەتی و زانستي ناوچەکەدا بکات, ئەمەش بەگۆڕینی ڕژێمەکان و گۆڕینی دابونەریتە کۆمەلایەتیەکـان و گـۆڕینـی بنـەمـای بازاڕ و ئابوری و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگاکانی ناوچەکە بـەزانـست



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

و تەکنەلۆژیای سەردەم. و جۆشدانی گیانی تایەفی و مەزهەبی و نەتەوەیی و دینی لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی یەک وولاتدا و لەوێوە هەلایسانی شەڕی ناوخۆیی و دابەشبوونی وولاتانی گەورە بۆ دەوڵەتۆکەی بچوک کە کۆنترۆڵیان ساناترە.

بەم شێوەیە فەوزایەک دروست دەبێت کە لە ئەنجامدا بەویست و ئیرادە و پرۆژە و ستراتیژی ئەمریکاوە جارێکی تر و سەرلەنوێ جوگرافیای ناوچەکە دادەڕێژرێتەوە بەپێی تێروانین و بەرژەوەندی ئەمریکاوە.کە مەبەستی سەرەکی و نهێنی, بریتیە لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا و پاراستن و کۆنترۆڵکردنی نەوتی ناوچەکە وەک سەرچاوەی وزەو پارێزگاریکردنێتی لە ئەمن و ئاسایشی ئیسرائیل.

- ❖ کوردیش وەک نەتەوەیەکی دێرین و زیندوو و گەورەی ناوچەکە دەکرێت کاری جدی بکات بۆ جێکردنەوەی خۆی لەم پرۆژەیەدا و بتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ئامانج و بەرژەوەندیەکانی زلهێزەکان و لەسەروو هەمووشیانەوە ئەمریکا.

بەوەی کە رابووردوو بۆی نەکراوە لە ئێستادا خەون و خەیاڵ و داواکاریەکانی بکاتە راستەقینەو دەوڵەتێکی نەتەوەیی سەربەخۆ پێکەوەبنێت, خۆشبەختانەش لە ئێستادا دوژمنانی کورد لە تورک و فارس و عەرەبەکان لە پێشەوەی گۆڕانکاری و رووخاندن و بچوکبونەوەدان کە ئەمەش چانسی کورد زیاتر دەکات بۆ سوود وەرگرتن لە بارودۆخە ناوچەیی و دونیاییەکە.





ئەگەر ئەم بیردۆزەی(( فەوزای دروستکەرە)) بۆ دوژمنانی کورد مایەی وێرانکردن و تێکچوون و دارمان و رووخان و گۆڕین و بچوکبونەوە بێت ئەوا بەدڵنیاییەوە بۆ کورد مانای دروستکردن و پێکەوەنان و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆیی و نەتەوەیی کوردی دەگەیەنێت.

ئەوەش وەستاوەتە سەر توانا و ژیری و حەکیمی سەرکردایەتی سیاسی کورد کە هەموو هەل و چانس و کارتەکان بەباشی هەلبسەنگێنن و حسابات و شیکردنەوەو خوێندنەوەی راست و دروستیان هەبێت بۆ هاوکێشەو رووداو وگۆڕانکاریەکان و پێشهاتەکان و لەبەرژەوەندی کورد بیانقۆزێتەوەو سوودی لێ وەربگرێت.و پەندو عیبرەتیش لە مێژوو و رابووردووی خوێناوی و رەشەکەی وەربگرێت و دووبارە هەڵە کوشندەکانی ئەوان دووبارە نەکاتەوەو ئەم چانسە مێژوویی و لەبارەی کە هاتۆتە پێش بە فیرۆ نەدات .

## سەرچاوەکان

===========


1. مشروع الشرق الاوسط الكبيرشراكه ام هيمنه؟!!/د.سيد محمد الداعور/صحيفه الحقائق/تصدر عن شركه الحقائق/المملكه المتحده/ 2007/1/31/ www.alhaqaeq.net




created using BCL easyPDF Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

2. هــل لازال مــشروع الــشرق الاوســط كبيرا؟؟؟عــونى القلمجـــــــــى/2006/10/13/ شـــــبكه اخبـــــــار العراق/www.aliraqnews.com
3. الـشرق الاوسـط الكبيـر...الواسـع..الجديـد/د.طـلال صـالح نيـــــــــا/2006/8/13/جريـــــــــــده العكـــــــــاظ السعوديه/www.okaz.com.sa
4. الـسياسه الخارجيــه الامريكيــه امــام ازماتهــا/توفيــق المدينى/www.alarabnews.com/2007/1/30
5. نظريـه الفوضى الخلاقـه واستراتيجيات الهيمنـهفى العـالم العربى/د.حسن ابو هنيه/جريده الغد الاردنيه/www.alghd.jo
6. التـدمير الخـلاق/علـى حـسين عبيـد/2007/1/30/ موقـع النباء اللالكترونى/www.annabaa.org
7. ملاحضات مكثفه حول نظريهالفوضى الخلاقه/د.صالح ياسر/ موقع الالكترونىwww.iraqcp.org
8. نظريــه فوضــى الخـلاق/سـمير محمـود ناصـر/مـن الموقـع الالكترونى www.rezgar.com
9. نثريـــه فـــوچي الخلاقـــه وخگـــاب الگـــائفى/ســـعدون المــــــــشهدانــــــــى/2006/7/1/مـــــــن الموقـــــــــع الالكترونىwww.arabrenewal.com
10. مـــشروع الـــشرق الاوســـط الكبيـــــر...لمــــاذا؟ايمن الجندى/2004/4/22/مركز الشرق العربى للدراسات الحضاريه







والاســــــــتراتيجيه/المملكهالمتحـــــــــــــده/لنـــــــــدن/ www.asharqalarabi.org.uk
11. اسـابيع حاسـمه فـى دمـشق/سـعد محيـو/2005/4/3/مركـز الـشرق العربــى للدراســات الحـضاريه والاســتراتيجيات/المملكـه المتحده/لندن/www.asharqalarabi.org.uk
12. اضــواء علــى عقائــد الــشيعه الاماميــه/الــشيخ جعفــر السبحانى/www.shiaweb.org
13. جمهوريه الخوف/سمير الخليل واحمدرائف/مطـابع الزهراء للاعلام العربى/مصر/قاهره/1991
14. لماذا اخترت مذهب الشيعه/ www.aqaed.com
15. اهــــل الـــــــسنه والجماعـــــــه/ موقــــــع الالكترونىwww.ar.wikipedia.org
16. موسوعه السياسيه/الجزء الثالث/المؤسسه العربيه للدراسات والنشر/د.عبدالوهاب الكيالى/الطبعه الاولى/لبنان/بيروت/1983
17. پێگەی ئینتەرنێتی www.shiaaw.com
18. پێگەی ئینتەرنێتی www.ar.wikipedia.org
19. ئەو ئاستەنگانەی کە دێنە سەر ڕێگای ئەمریکا لەناوچەی رۆژهەلاتی ناوەراستدا/رۆژنامەی کوردوستانی نوێ/ژمارە 4178لە 2007/1/26دا.
20. کۆمەڵگا لەسایەی دەوڵەتی خەلافەتدا/عباس عبدالکریم/چاپی یەکەم/ سوید /ستۆکهۆلم/1997




created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image

21. ئینسایکلۆپیدیای گشتی/یاسین صابر صالح/دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم/چاپی یەکەم/کوردوستان/سلێمانی /2005

22. ریفۆرم لەم قۆناغەی ئێستای کوردا بۆ ؟/ نەوزادی موهەندیس/ چاپی یەکەم/ کوردوستان / سلێمانی/2006

23. کوردو رۆژهەلاتی ناوەراست لەبەردەم گۆرانکاری گەورەو کتوپردا/ نەوزادی موهەندیس / چاپی یەکەم/ کوردوستان /سلێمانی/ 2006

❊ ❊ ❊

❊ ❊

❊



created using
BCL easyPDF
Printer Driver
Click here to purchase a license to remove this image